
# ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد



نووسینی : فازل جاف
وەرگێڕانی:
عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە
کامەران سوبحان

## پێشەکی

تا ئێستا بزاڤی شانۆی ئێمە کەمتر توانیویەتی هەنگاو بۆ تێزە زیندووەکانی شانۆی میللەتان بهاوێژێ، ئەگەر هەوڵو تەقەلای کەمیش هەبێت ئەوا هێندەی پێداویستی نێوەندە هونەرییەکە نییە...

بۆیە ئەم قۆناغەی فەرهەنگو ڕۆشنبیری ئێمە زیاد لەهەموو قۆناغەکانی تر پێداویستی بەوەرگێڕانی ئەزموونی شانۆییو ستایلو ڕێچکەی دەرهێنەرە جیهانییەکان هەیە...

ئەو پێداویستیانە دەکرێت لەچەند خاڵێکی زۆر گرنگدا کۆیانبکەینەوە کە گرنگترینیان بریتیە لە:

*پێداویستی ئەو چینە دیاریکراوەی قوتابیان لەبەشی شانۆی پەیمانگای هونرە جوانەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك کە ئەمڕۆ وەك وانە پێویستیەکی زۆریان بەم جۆرە باسانە هەیە.

*پێداویستی ئەم نێوەندە هونەرییە بەگشتیو ڕەوتی شانۆ بەتایبەتی بەئاگاداربوون لەڕەوشو

هەنگاوەکانی شانۆی جیهانی، بەتایبەتی ئەو شێوازە شانۆییانەی کە ئەمڕۆ وەك قوتابخانەو تیۆرێکی زانستیو ئەکادیمی لەزانکۆو پەیمانگە هونەرییەکانی جیهاندا دەخوێنرێن.

*ئاگادار بوونی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریو مێژوو نوسانی بواری فەرهەنگو شانۆ لەم ولاّتەی ئێمەدا سەبارەت بەڕەوتو سەرهەڵدانی بزاڤی شانۆو ئاستەنگەکانی لەولاّتە پێشکەوتوەکانی جیهان. بۆ ئەم مەبەستانەو چەندین مەبەستی تریش ئێمە ئەم دوو وەرگێڕە بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی کە بەدوای ئەو بابەتو نوسینە ئەکادیمیانەدا بگەڕێین کە تایبەتە بەدەرهێنەرو بیریارێکی شانۆیی جیهانی، بۆیە زۆر هەولێ هاوبەشمان لەڕابوردوداو لەداهاتوشدا دەبێت، بەهیوای ئەوەی لەداهاتودا زۆرێك لەهەوڵەکان وەك کتێب بخەینە بەردەستی خوێنەران.

ئەوەی لەم پرۆژەدا دەبینین، لێکۆڵینەوەو دیراسەیەکی دوورو درێژی ئەکادیمی توێژەری شانۆیی دکتۆر (فازل جاف)ە، کە بەشێوەیەکی زنجیرەو بە(15) ئەڵقە لە (ڕۆژنامەی الزمان)ی لەندەنی، لێکۆڵینەوەیەکی بەزمانی عەرەبی لەسەر دەرهێنەری گەورەی ڕوسی (مایر هۆڵد) نوسیوە، ئێمەش دوای خوێندنەوەی ئەم (15) زنجیرە، بۆمان دەرکەوت کە ئەم هەوڵەی (فازل جاف) بەیەکێك لەهەوڵە کەم وێنەکانی بواری شانۆ دادەنرێت لەسەر ئەم کەڵە دەرهێنەرە، هەر چەند نوسینو توێژینەوە لەسەر (مایر هۆڵد) یەکجار زۆرە، بەلاّم ئەم لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی قوڵو بەهەناسەیەکی درێژ نوسراوە...

ئەمە جگە لەوەی د.فازل کوردێکی (کەرکوکی)یەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەولاّتی ڕوسیادا، تێزی دکتۆراکەشی لەسەر ئەم دەرهێنەرە نوسیوە، ئەمەش پاڵپشتێکی گەورەمان بوو، بۆ ئەوەی زیاتر لەم نوسینە قوڵ ببینەوەو بیگۆڕین بۆ سەر زمانی کوردی...

دیارە گۆڕینی بابەتێکی وا درێژو قوڵ لەسەر میتۆدی مایر هۆڵد بێ کەمو کورتی نی‌یە، دەکرێت، دیارترین کەمو کورِی لەئاستی زماندا بێت، چونکە مایر هۆڵد جیا لەدەرهێنەرو بیریارانی شانۆ خاوەن و داهێنەری چەندین چەمكو زاراوەی شانۆیی‌یە، کە مەحاڵە لەکوردیدا بتوانین ئەو زاراوانەی بۆ بدۆزینەوە، بەلاّم هەر چۆنێك بێت، توانیومانە ئەو ڕۆحە گشتی‌یەو ئەو مانا فراوانەی کە لەنوسینەکەدا هەیە لەدەستی نەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك جێگەدا هەست بەوە دەکەین د. فازل جاف زۆر لەسەر چەمكو زاراوەو ڕەهەندێك ڕۆچووە چونکە پێمان وایە مەبەستی تایبەتی نوسەر لەپشت ئەم حاڵەتەوە هەیە، گرنگی مایر هۆڵد لەمێژووی شانۆی ئەمڕۆدا تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە دەرهێنەرو توێژەرێکی شانۆ بووە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، کە مایر هۆڵد بەشدارییەکی ئەکتیڤی لەڕەوتی ڕووداوەکانی ڕوسیادا هەبووەو دواتریش بەشداری ڕاستەوخۆی لەڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ولاّتەدا هەبووە، ئەمە جگە لەوەی مایر هۆڵد ئەمڕۆ لەمێژووی شانۆدا وەك قوتابخانەیەکی مۆدێرنی شانۆ سەیر دەکرێت، نزیکەی (60) ساڵیش دەبێت کە لەدونیا دەرچووە بەلاّم ئەمڕۆ (مایر هۆڵد) وەك وێستگەی یەکەمی شانۆی هاوچەرخ دادەنرێت، کە توانی گۆڕانکاری لەڕەوتی شانۆدا بکاتو ڕەوتی شانۆ بەئاقارێکی تردا ببات....

دوا سەرنجمان کە هەڵوێستەیەکی زۆر کورتە ئەویش سەبارەت بەبەشی یەکەمی ئەم نوسینەی (د. فازل جاف) لەپەرەگرافی یەکەمی نوسینەکەیدا بەیەك عەمود لەژیانی مایر هۆڵد دواوە ئێمە لەکاتی وەرگێڕاندا پێمان وابوو، ئەم لایەنەی ژیانی زۆر دیارە بۆیە زۆر بەکورتیو تەنها چەند دێڕێکی زۆر کورتمان وەرگێڕا، بەلاّم لەهەموو پەرەگرافو بەشەکانی تردا وەك خۆی بەبێ زیادو کەم دەقەکەمان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی.

وەرگێڕەکان


عەبدولاّ مەحمود زەنگەنە

کامەران سوبحان

# ژیانی هونەری مایر هۆڵدو تراژیدیای مردنی چەمکێکی زۆر کورت لەژیانی مایر هۆڵد:

فسیفۆڵد مایر هۆڵد لە 1874/1/28 لەدایكو باوکێکی ئەڵمانی لەشاری (بینزا) لەدایك بووە... شاری (بینزا) شارێکی بچکۆلانەیە (450) میل لەباشوری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆوە دوورە، شاری (بینزا) لەو سەردەمەی بو بویە شوێنگەو مەنفای ڕۆشنبیرانو شۆڕشگێڕە چەپەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەری... مایر هۆڵد دایکی ناوی (ئەلفینادا لیوفنا)یە باوکیشی ناوی (ئەمیل فیدرۆ فیتش)ە، دایکی مایر هۆڵد چێژی زۆر لەمۆسیقا بینیوەو زۆر حەزی بەشانۆش کردووە، هەر بۆیە مایر هۆڵدیش زۆر لەژێر کاریگەری دایکیدا بووە، باوکیشی کارگەی دروست کردنی (فۆدگا)ی هەبووە...
مایر هۆڵد هەر لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە فێری مۆسیقا بووە، باوکی لەسەر ئەم فێر بوونەی زۆر ڕقی لێهەڵگرتووە، بۆ یەکەم جار کە مایر هۆڵد هاتە ناو دونیای شانۆوە لەساڵی (1892) بووە، یەکەم ڕۆڵ بینینیشی هەر لەو ساڵەدا بووە کە ڕۆڵی کارەکتەرێکی بینیوە لە (شانۆییەکی کۆمیدی)دا بەناوی (ذو العقل يشقى) لەنوسینی نوسەری ڕوسی (گریدیبۆیدۆف)، دواتریش بەهەندێك قۆناغی جۆراو جۆردا ژیانی گوزەراوەو لەچەندین شانۆیدا ڕۆڵی جۆراو جۆری بینیوە،
پاشان بۆ خوێندن ڕوو دەکاتە مۆسکۆ، لەساڵی 1896 قۆناغێکی تازە لەژیانیدا دەست پێدەکات، ئەویش ئەوەیە کە دەبێتە خوێندکاری زانکۆی مۆسکۆو لە (کۆلێژی یاسا) وەردەگیرێ بۆیە لەو ماوەیەدا لەمۆسکۆ ئەو شانۆگەرییانەی کە بینیبوی زۆر جیاوازترن لەو شانۆگەریانەی کە لەشارەکەی خۆیدا پێشکەشدەکران یەکەم شانۆگەریش کەبینی لەو ساڵانەی خوێندنیدا شانۆگەری (ئوتێللۆ) بوو کە لەساڵی 1896 لەلایەن کۆمەڵەی مۆسکۆ بۆ ئەدەبو هونەر پێشکەشیان کرد، ئەو شانۆگەرییە دەرهێنەری گەورەی ڕوسی (ستانسلافسکی) دەرهێنا بوو، مایر هۆڵد ئەم شانۆگەرییەی زۆر بەدڵ بوو، زۆر کاریگەر بوو لەسەر دەرونی، هەر بۆیە لەپشووی هاوینی ئەو ساڵەدا کە گەڕایەوە بۆ (بینزا) هەوڵی دروستکردنی گروپێکی شانۆییدا، بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی کە لەگەڵ ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی ئەو شارەدا کە هەیبوو، پاشان گەڕایەوە بۆ مۆسکۆو وازی لەخوێندنی زانکۆ هێنا، لەهەمان ساڵدا خوێندنی شانۆیی لەپەیمانگەی (فیلهارمۆنیا) دەستپێکرد، لەژێر چاودێری دەرهێنەرو نوسەری شانۆی ڕوسی (نیرۆ فیتش دانتشیکۆ) هەر لەگەڵ یەکەم تاقیکردنەوەی مایر هۆڵد، دانتیشکۆ زۆر موعجیبو دڵبەند بوو بەتواناکانی.
بۆیە مایر هۆڵد ماوەی چوار ساڵ لەم پەیمانگەیەدا خوێندیو توانی کۆمەڵێك ڕۆڵی جۆراو جۆر ببینێت، هەر بۆیە لەو ماوەیەی خوێندنی مایر هۆڵدا.
دانتیشکۆ لەڕاپۆرتی دیراسیدا ئاوای لەسەر مایر هۆڵد نوسیوە:
"لەنێوان هەموو خوێندکارەکانی پەیمانگادا، دەبێ وەك دیاردەیەك بڕوانرێتە مایر هۆڵد، دەشتوانین بڵێین کە هەمیشە لەوانەکانی ئەدەبیاتو هونەرو وانەکانی درامادا پلەی بەرزی دەهێنا. بەڕاستی لەئاستی ئیدراكو جدیەتدا کەسێکی کەم وێنە بوو. هەرچەندە مەسەلەی سەرنج ڕاکێشانی لەدەستدا بوو کە خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی لایەنگریی جەماوەر "بینەر"، بەڵام مایر هۆڵد هەمیشە خاوەنی هەموو ئەگەرێك بوو بۆ بەدەست هێنانی پێگەی پێشڕەوی لەهەر تیپێکی شانۆییدا. لێهاتنی مایر هۆڵد وەك ئەکتەرێك لەزۆریی بەهرەکانیدا بوو. ئەو دەمەی کە لێرە بوو، نزیکەی

(15) ڕۆڵی بینی هەر لەڕۆڵی پیرەمێردێکەوە تاکو هەبوو لەسەری... ئەو دوو کەسەش هەر یەك لە




مایرهۆڵد بەپۆشاکی سەربازی وەك سەربازی شەرەف لەسوپای سووردا.

نمونەکانی "فۆدفیل" بەڕاستی ماندوونەناسانە کاری دەکردو بگرە بەجوانی کاری دەکرد. لەوانەی (ماکیاژدا) شارەزایی تەواوی هەبوو، وێرای ئەوەیش تەواوی مۆرکو ئەزمونەکانی ئەکتەرێکی لێهاتووی دەخستەڕوو" لەدیمانە بەناوبانگەکەی ساڵی 1898ی نێوان (ستانیسلافسکیو دانتشینکۆ) کە لەئاکامیدا شانۆی مۆسکۆی هونەری دامەزرێنرا، مایر هۆڵدیش یەکێك بوو لەو خوێندکارانەی کە بۆ بەئەندام بوون لەتیپەکەدا بانگێشت کرا بوو. ئەوە بوو ماوەی چوار ساڵ بەوپەڕی ماندوونەناسیەوە کاری کردو ئەوەش کاریگەریی هەبوو لەسەری وەك ئەکتەرێك. مایر هۆڵد لەو تیپەدا (18) ڕۆڵی بینی کە کارەکتەری "تریلیلیف" بوو لەدەقی (باڵندەی دەریا) لەماوەی کارکردنیدا لەمیانەی شانۆی هونەریی مۆسکۆ پەیوەندیی لەگەڵ دوو کەسدا بەست کە بەردەوامو بەدرێژایی ژیانی کاریگەرییان

(ستانسلافسکی)و (ئەنتوان چیخۆف) بوو، مایر هۆڵد لەسەر دەستی ستانسلافسکی ئەزموونەکانی قوڵتر بوو، لەلایەن (چیخۆف)یشەوە بۆچوونو چەمکی پەیوەندیی نێوان هونەرو ژیانی وەرگرت، بەڵام بەهۆی گەشەسەندنی ناکۆکیو جیاوازیەکانی نێوان خۆیو دانتشیکۆدا بەجۆرێك کەسەرانسەری ژیانی هەردووکیانی گرتەوە. لەبارەی ڕۆڵەکەیشییەوە لەشانۆیی. (باڵندەی دەریا)دا، بەردەوام ئەو ئەزمونەی بەبەردی بناغەی کاروانی هونەری خۆی دادەنا. بەپێی وتەکانی (گلاوکۆف).. ڕۆڵی (تریپلیف) هێندەی کە کارەکتەری هیومانستی چیخۆفی پێکهێنا هێندەش کارەکتەری هونەریی مایر هۆڵدی نوێ کردەوە.

تریپلیف لەبەشی یەکەمی ئەو دەقە شانۆییەدا دەڵێت: "ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی شانۆیەکی نوێیە، ئێمە پێویستمان بەشکڵی نوێ هەیە، خۆ

ئەگەر نەتوانین ئەو شکڵە نوێیانە فەراهەم بهێنین. باشتر وایە ئیش نەکەین.
مایر هۆڵد پاڵنەرەکانی کارەکتەری (تریپلیف) حاڵێ بوو لەئەزمونگەریو دروست کردنی شکڵە نوێکان لەململانێیدا لەگەڵ کارەکتەری "تریجۆرین" ئەو ئەدیبە بەتینو تەقلیدیە. بۆیە بەپێی وتەکانی گلادکۆف، مایر هۆڵد تا دوا ساتەکانی ژیانی لەکارەکتەری تریپلیفدا دەژیا بەڵام ستانسلافسکی بەردەوام لەکارەکتەری تریجۆریندا دەژیا. هەرچەندە مایر هۆڵد دژ بەڕاو بۆچوونەکانی ستانسلافسکی بوو، بەڵام بەدرێژایی ژیانی ئەوپەڕی ڕێزو نەوازیشی لێ دەگرت، (براون) باس لەوە دەکات کە مایر هۆڵد لە(چیخۆف)ەوە ئەوە فێر بوو کە دەرهێنەرەکانی شانۆی مۆسکۆ درەنگ تێدەگەیشتن لەپێوستیی ئابووری کردنو کارامەیی. دیارە پەیوەندییەکی ڕوونو ئاشکرا هەیە لەنێوان ئەزمونگەریی مایر هۆڵد وەك دەرهێنەرێكو شێوازەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەنتوان چیخۆف.
لەساڵی 1902دا مایر هۆڵد لەگەڵ دووئەندامی دیکەی تیپی شانۆی هونەریی مۆسکۆدا لەشاری "خێرسۆن"دا تیپێکی نوێیان دامەزراند. کە لەهەمان شارو دواتریش لەشاری "تیفلیس"دا ئیشەکانیان پێشکەش دەکرد. لەو میانەیەشدا نوسەری گەورە (چیخۆف) بەردەوام نامەکانی ئاراستەی مایر هۆڵد دەکردو بەدوادا چوونی بۆ کارەکانی دەکرد. ئیشەکانی مایر هۆڵد لەقۆناغی یەکەمیدا وەك دەرهێنەرێك هێشتا کاریگەریی شێوازەکانی شانۆی مۆسکۆی هونەری پێوە دیار بوو... لەو بارەیەشەوە ئیش کردنی لەشانۆیی "سێ خوشکەکە"دا پڕاو پڕ کۆپیەك بوو لەسروشتی شانۆی مۆسکۆی هونەری... کە دەکرێت ئەوەش لەم دیالۆگەی نێوان دوو خانمدا بەدی بکەین کە پاش بینین شانۆیی "لالۆ ڤانیا" بەمجۆرە دەدوێن:
—ئازیزەکەم، بینیت چۆن گوڵدانەکان کەوتنە خوارەوە؟
—ئەدی چۆن کاتژمێرەکان چرکەیان دەهات؟
—ئەی پەردەکان؟
—ئەی سیسرکەکان؟
—ئەدی هەورە گرمەو هەورە بروسکەکان؟
—بارانیش!
—ئەدی ئەسپو عەرەبانەکە چۆن لەپردەکە پەڕییەوە؟
—ئەی زەنگەکان چۆن لێیان دەدا؟
—ئەی جلو بەرگی ژنەکەی پرۆفیسۆر؟
—تۆ بڵێی سەر قۆڵەکانی؟
—ئەوانەی بەجۆرێك لەدانتێلا ڕازابوونەوە!.
پێ دەچێت ئەم وێنانەی کە لەکتێبی "مایر هۆڵد"ی ڕۆدنیتسکیدا بڵاوکراونەتەوە، بەرجەستەکردنی تەواوی کاکڵەو ناوەڕۆکی شانۆی سروشتی مایر هۆڵد بێت کە لێوان لێون لەوردەکاریە زیاد لەپێویستەکانی ڕۆژانە.
مایر هۆڵد تیپەکەی ناونا "هاوڕێکانی درامای هاوچەرخ"، بەهاوکاریی ئەلیکساندەر (کۆشفیرۆخ)ی هاوڕێی، توانیی لەماوەی سێ وەرزدا 165 شانۆیی دەربهێنێت، کە بەشی زۆریان بریتی بوون لەشانۆییەکانی (چیخۆف)، خۆیشی بەردەوام ڕۆڵی سەرەکی لەشانۆییەکاندا دەبینی... لەو بارەیەوە بۆ چیخۆف دەنوسێت: "هەرچەندە ئیشی دەرهێنانم لەلا خۆشە، بەڵام بەردەوام نواندنم لەلا خۆشترە"!!
(چیخۆف) ئیش کردنی مایر هۆڵدی لەشارە دوورەکاندا بەدڵ نەبوو، چونکە ئەو پێی وا بوو کە کاری ئەزمونگەری لەو شوێنانەدا بێ هودە دەبێ، کە هیچ جۆرە ژیانێکی شانۆیی جدییان تێدا بەدی ناکرێت. هەروەها سەرزەنشتی شانۆی هونەریی مۆسکۆی دەکرد لەئاستی ئەو مامەڵەیەی کە لەتەك مایر هۆڵدا دەیان نواند... ئەو جۆرە مامەڵەیەی کە بەهۆیەوە مایر هۆڵد بۆ یەکجاری تیپەکەی بەجێ



ئیگور ئەلینسکی
لەدەوری (کاشا)
لە شانۆنامەی
جەنگەڵ
ساڵی 1924

هێشت. بەڵام کاری بەردەوامی مایر هۆڵدو ئازاد بوونی لەئەزمونگەریو داهێنانو جەربەزیی لەهەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە شکڵە تەقلیدیەکان بەتایبەتی لەقۆناغی کۆتاییدا وەك دەرهێنەرێك لەشاری "تیفیلس"دا ئەمانە هاوکاری بوون لەدانانی بەردی بناغەی کارەکتەری هونەریی ئەودا. لەو ساتەوەختانەدا تازە بەتازە فێرگەی "هێماکاری- رمزی" هاتبووە نێو ڕوسیاو، مایر هۆڵدیش یەکەمین دەرهێنەر بوو کە توانیی لەدەرهێنانی دەقی "دەروازە"ی "میترلینگ"دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت کە نوسەرێکی گەورەی بەلجیکی بوو، دیارە مایر هۆڵد لەگەڵ شانۆی هونەریی مۆسکۆدا نەیتوانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێ.. هەرچەندە لەوێندەر خودی ستانسلافسکی دەرهێنەر بوو. بەو جۆرە مایر هۆڵد بوویە پێشەنگی شانۆی (هێماکاری- رمزی) کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بووە بەشێك لەکیانی شانۆی ڕوسی.لەو بارەیەوە شاعیری هێماکاری ڕوسی "ئەلیکسی ڕمیزۆف" دەرهێنانی مایر هۆڵدی بۆ شانۆیی "بەفر"ی "نوسەری پۆلۆنی" "ستانسلاف برزۆ بۆسنریفسکی"ی بەسەمفۆنیای "بەفرو زستان" ناو برد. لەم کاتەدا مەودایەکی بەرفراوان کەوتە نێوان مایر هۆڵدو شانۆی هونەریی مۆسکۆ کە (ستانسلافسکیو دانتشینکۆ) پێشەوایەتییان دەکرد، ئەو دەمەش (چیخۆف) لەڕووی ڕۆحییەوە پشتگیریی لە مایر هۆڵد دەکرد، بەجۆرێك کە (چیخۆف) شانۆییە نوێکەی "باخی گێلاس"ی نارد بۆ هەریەك لەستانسلافسکیو مایر هۆڵدیش لەهەمان کاتدا. کاتێکیش شالاوی مۆسکۆ کە دەقەکەی چیخۆفیان نمایش کرد، مایر هۆڵد زۆر بەدەرهێانی ئەو شانۆییە قەڵس بوو، لەو بارەیەوە دەنوسێت بۆ چیخۆف: "شانۆییەکەت وەك سەمفۆنیایەکی تشایکۆفسکی ئەبیستراکتە، لەسەروو هەمووشیانەوە دەبوایە دەرهێنەر گوێی لەدەنگی ئەو سەمفۆنیایە بایە" لەو ماوەیەدا مایر هۆڵد سەردانی ئیتاڵیای کردو ئەوەش بەیەکەمین گەشتی دادەنرێت بۆ دەرەوەی ڕوسیا. لەوێندەریش چەند ئیشێکی "تۆماس سالفینی" گەورە ئەکتەری ئیتاڵی بینی کە ستانسلافسکی زۆری بەلاوە پەسەند بوو.

لەساڵی 1905یشدا ستانسلافسکی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە شانۆی هونەریی مۆسکۆ بێتوانایە لەئاستی پێشکەش کردنی کاری نوێ هێندەی کە شەپۆلە نوێکان پێشکەشی دەکەن لەئەدەبی شانۆی (هێماکاری-رمزی-دا)، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو شانۆیە تاڕادەیەکی زۆر پابەندە بەفێرگەی ریالیزمەوە، هەروەها زۆر باش ئەوەی دەزانی کە مایر هۆڵد لەشانۆی هێماکاریدا گەیشتۆتە چەندەها بەرهەمی بەپێز هەر وەك لەکتێبەکەیدا "حياتي في الفن"دا باس لەوە دەکات. بۆیە مایر هۆڵد بانگێشت

دەكات بۆ سەرپەرشتی كردنی یەكەمین ستۆدیۆی ئەكتەر كە بەناوی "ستۆدیۆی شەقامی بۆفارسكی" یان ستۆدیۆی ساڵی 1905ەوە دایدەمەزرێنێت، لەو بارەشەوە ستانسلافسكی لە (حياتي في الفن)دا دەڵێت: "ئەو پیاوەم دێتەوە یادكە لەو زۆرانەدا بۆ دۆزینەوەكانم بەڕادەیەكی زۆر پێویستم پێی بوو، بۆیە بڕیارمدا تەواوی هاوكاریی مایر هۆڵد بكەم لەو كارە نوێیەیدا كە تەواو لەخەونە تایبەتەكانی من دەچوو"...

لەسەر بانگێشتی ستانسلافسكیو سەرەڕای پێناخۆش بوونی دانتشینكۆ، مایر هۆڵد گەڕایەوە بۆ شانۆی مۆسكۆی هونەری. دانتشینكۆ پێی وابوو مایر هۆڵدیش وەك شاعیرە نوێخوازەكان وایە، ئەوانەی بۆیە نوێخوازی پەسەند دەكەن، چونكە تەواو دەزانن كە ناتوانن لەمەیدانی هونەردا شتێكی بەهادار بەدی بهێنن. مایر هۆڵدیش هەمیشە سەرزەنشتەكانی بۆ دانتشینكۆ دوپات دەكردەوەو ئەوی بەدژایەتی كردنی هەمو شتێك تاوانبار دەكرد كە لەدابو نەرێتە شانۆییە ڕەسەنەكانەوە سەریان هەڵگرتبێتو هەر ئەویشی بەتاساندنی ستانسلافسكی تۆمەتبار دەكرد لەڕێی كوشتنی ڕۆحیەتی شانۆییە ڕەسەنەكەی لەچوار چێوەی ڕیالیستی سایكۆلۆژیدا. شانۆی مۆسكۆ پێویستیی بەتیپێكی نوێ بوو كە هەموو بنەماكانی تیپە كۆنەكە لەبن بهێنێ، بۆ ئەوەش دەبوایە توێژی لاوان لەئەكتەرەكان بخرێنە خولی ئامادەكردنی نوێوە، بەر لەوەی لەشارەكانی دیكەدا نمایش پێشكەش بكرێتو شێوازی شانۆی مۆسكۆی هونەریو پەیامە هونەرییەكەی بڵاوبكرێتەوە، شانبەشانی ئیش كردن لەبواری خولقاندنو ئەزمونگەری لەبواری ئەدەبی هێماكاریدا. ستانسلافسكی لەفێرگەی "مینغی"دا ڕۆچوو بوو، كە بریتی بوو لەكۆپی كردنی واقیع وەك خۆی، بەوەش لەئیش كردنیدا لەشانۆییەكانی چیخۆفدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بوویەوەو تەقلیدی فۆتۆگرافی واقع لەدەقی "یۆلیۆس قەیسەر"دا گەیشتە لوتكە.

مایر هۆڵد هەوڵیدا كە شیعرو ڕۆحی مۆسیقاو هونەری شێوەكاری ئاوێتە بكات، بەڵام ستانسلافسكی نەیدەتوانی بەئاسانی دەستبەرداری سروشت ببێت، لەو بارەیەوە "سێرجێ گلاگۆل"ی ڕەخنەگر سەبارەت بەدەرهێنانی ستانسلافسكی بۆ سێینەی "میتەرلینگ" دەڵێت: "تا ئێستا دەرهێنانی خراپی لەو جۆرەم بەدی نەكردووە، هەروەها هەرگیز نەشازی لەو جۆرەی نێوان شانۆو جەماوەرم نەدیوە". دانتشینكۆ شكستی ئەو دەرهێنانەی دەگێڕایەوە بۆ شكستی خودی دراماكە.

پرۆگرامی ستۆدیۆكەش پشتی بەست بوو بەئیش كردن لەسەر دەرهێنانی شانۆییەكانی "موت تینتاجیل"ی "میتەرلینگ"و "شلوك دیاو"ی "هاوبتمان"و "كۆمیدیا الحب"ی ئەپسنو، ئەمەو بریۆسۆڤی شاعیرو نوسەری هێماكاریی شانۆ وەك سەرپەرشتیاری بەشی ئەدەب لەستۆدیۆكەدا دیاری كرد.

مایر هۆڵد چەند وێنەكێشی لاویشی كردە ئەندامی ستۆدیۆكە. كە بریتی بون لە: "سابۆتۆڤ–سۆدیكین–ئۆلیانۆڤ–دینیسۆف" ئەمانە هەموویان لەدژی بنەماكانی شانۆی سروشتی وەستانو شانبەشانی "مایر هۆڵد" بنەماكانی شانۆی (مەرجی مەجازی) یان دامەزراندو جەختیان لەسەر بنەمای "ستایل" كردەوە لەهونەردا.


ئیشەكانی ستۆدیۆكە بەسەركەوتوویی بەڕێوە دەچوو، ستانسلافسكی بۆ خۆیوبەئامادەیی سەرجەم ئەندامەكانی تیپەكە سەرپەرشتیی مەشقەكانی دەكرد. وێڕای ئەوەش چەندەها میوانی وەك (مەكسیم گۆرگی) ئامادەی مەشقەكان دەبوو. بەڵام لەدوا مەشقەكاندا كە ڕووناكی دیمەنەكان بەكار هێنرا، ستانسلافسكی نمایشەكانی ڕاگرت، چونكە ئەوپێی وا بوو كە ڕووناكی ئازاری چاوی بینەران

دەداتو بەوەش کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر سایکۆلۆژیەتی بینەر دروست دەبێتو هەر لەوپێناوەشدا فەرمانیدا بەداخستنی ستۆدیۆکەی. هەرچەندە ستۆدیۆکە لەکار کەوت، بەڵام کاریگەریو ئاسەواری زۆری بەجێ هێشت لەسەر شانۆی دوا ڕۆژ...چونکە هەر ئەو ستۆدیۆیە بوویە زەمینە سازیی بۆ سەر هەڵدانی چەند شەپۆلێکی نوێ لەشانۆی ڕوسیدا.

هەردوو دەرهێنەر (مایر هۆڵدو ستانسلافسکی) گەیشتنە دەرەنجامێك بەوەی ئەکتەری نوێ دەبێ بەشێوازێکی نوێ پەروەردە بکرێت. ئەوەش پێویستیی بەدامەزراندنی فێرگەیەکی نوێیە لە "ئەدا"دا. بۆیە هەردووکیان لەسەر شێوازی تایبەتی خۆیان ئەو ڕێچکەیەیان گرتەبەر لەساڵی 1905دا ڕوسیا ڕووبەڕووی چەند ڕووداوێکی کاریگەر بویەوە، لەوانەش خودی شۆڕشی 1905. ئەوە بوو دوای شکستو داخستنی ستۆدیۆکەو سەرجەم شانۆکان. مایر هۆڵد گەڕایەوە "بترسۆرگ"، بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند ئەزمونێکی نوێ لەسەر شانۆی هێماکاری لەنێو شوقەی "فیتشلاف ئیڤانۆڤی" شاعیردا... ئەو ماڵەی کە بوو بوویە بنکەی شاعیرە ڕەمزییەکانی وەك "تشکلۆڤ-بریۆسۆف-بیللی-سلوغوب-ریمزۆڤ".

لەم هەلومەرجەدا مایر هۆڵد کتێبی "شانۆی داهاتوو"ی نووسەری ئەڵمانی "جۆرج فۆکسی" خوێندەوەو کاریگەریشی لەسەر بەجێهێشت. بەتایبەتی لەگەڕانەوە بۆ شێوازی ئاهەنگسازیو مونازەهەکردنی شانۆی "العُلبةَ"و جەخت کردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی شانۆو بینەرانی. مایر هۆڵد لەجۆرج فۆکسەوە چەندەها هونەری نوێی وەرگرت لەبارەی جوڵەو ڕیتمو سەما... سەرەڕای جەخت کردنەوەی فۆکس لەسەر گەڕانەوە بۆ شانۆی "ئەنتیك "ئیغریقی"و شانۆی ژاپۆنی.

دواتر مایر هۆڵد لەشانۆی ئەزمونگەریدا ڕۆچووەو لەماوەی ئیش کردنیدا لەشانۆی "کمیسار جیفسکی"دا توانیی شانۆی هێماکاری دابمەزرێنی... ئەو دەمەی کە لەگەڵ کچە ئەکتەری ناودار "کمیسار جیفسکایا"دا ئیشی دەکرد. دیارە



دیمەنێك لەشانۆیی (دارستان) استروفسکی ساڵی 1924

هێماکـاری لای مـایر هۆڵـد لەنمایـشی دەقـی "هیـدا غابلری ساڵی 1906 گەیشتە لوتکە، لـەو نمایشەدا مایر هۆڵد بەشی پێشەوە "رامپ"ی شانۆکەی لابـردو فەزایـەکی پـانی وەك ئـەوەی شـانۆی ژاپـۆنی بـەکار هێنـا. لـەبارەی "ئـەدا"یـشەوە، مـایر هۆڵـد ئـەدای "ســـکوتی"و ئامــــاژە دیراســـــە بۆکراوەکــــانی بەکارهێنا... وێرای بەکارهێنانی پەڵە ڕووناکییـەکانی سـەر ڕوخـسارو هەنـدێك لەئەندامـەکانی جەسـتە. ئـەوەش یەکـەمین ئـەزمونی هێماکـاریی تـەواوی بـەر لەئەزمونــەکانی "گــۆردن گــریگ" بــوو لـــەدەقی "تارماییەکان" "ئەپـسن" سـەبارەت بـەدەرهێنانی شانۆیی "سـستربیاتریس"ی "میترلینـگ"یـش، مـایر هۆڵــد وەك "رونیتـــسکی" دەڵێـــت، بنـــەماکانی "ستایل"ی لەشێوە پەیکەریەکەدا بەکار هێنا.

## بـایۆ میکانیك میتۆدێکی داهێنراو

لەگرنگترین نمایشەکانی مـایر هۆڵد لەزەمـەنی ئـیش کردنیدا لەسەر شانۆی "کمیسار جیفیسکی" بریتـی بــوو لـــەدەرهێنانی دەقـــی "نمـــایش میلـــی"ی "ئەلیکزاندەر بلوك" کە تیایدا کەسێتیی مـایر هۆڵد وەك دەرهێنـــەرێك بەرجەســـتە بـــوو، بـــەگرنگترین ئیشەکانی ئەو ماوەیەش دادەنرێت. لـەم ئیـشەدا کـە لەسـەر بنـەمای هونـەرەکانی کۆمیـدیای "دیلارتـی" ئــەنجام درا. مـــایر هۆڵـــد چـــەمکی "گروتـــسیك"ی دۆرزیـەوە، ئـەو چـەمکەی کـە دواتـر بوویـە کاکڵـەی شانۆی هونەری مایر هۆڵد. دواتریش کە لەدەرهێنانی شــانۆیی "حیــاة شــخص"ی لیۆنیــت ئەنــدرێڤ"دا بۆیەکــەمین جـار چـەمکی (شـانۆی بـۆش)ی تـاقی کردەوە، لەڕێی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕووناکی کە پێشتر "ئەدۆلف ئاپیا" باسی لێوە کرد بوون.

دوای ساڵێك لەئەزمونگەری، "فیراکمیـسار جیفـسکایا بەتۆمەتی بەکارهێنانو گۆڕینی شانۆ بۆ ستۆدیۆیەکی ئەزمونگەریی مایر هۆڵدی لەسەر کـار لابـرد، بـەوەش مایر هۆڵد جارێکی دی بێئیش مایـەوە، بـەڵام پـاش ئەوەی 13 شانۆیی نمایش کرد ماوەی مەشق کردنـی لەسەر هەریەك لەو شانۆییانە لە سێ هەفتە گـوزەری نـەکردو لەمیانـەی ئـەو نمایـشانەدا تـوانیی شـانۆی هێماکاری (گرۆتسیكو شـانۆیی مـەجازیو بنـەماکانی ستایل دابمەزرێنێت).

لەسـاڵی 1907یـشدا گەشـتێکی بـۆ ئـەڵمانیا کـردو لەشاری بەرلین چەند نمایشێکی "ماکس راینهـارت"ی دەرهێنەری ئەڵمانی بینی.

دوای لەکارکـەوتنی، چـەند داخوازیـەکی کـە لەلایـەن شـانۆ ئیمپراتۆریەتیـەکانی "پترسـبۆرگەوە خرایـە بەردەست بۆ کارکردن، لـەو بارەیـەوە "ئەلیکزانـدەر گلـوفین"ی وێنەکێـشی نـاودار پێـشنیارێکی خـستە بەردەســــــتی بەڕێوەبــــــەری شـــــــانۆی "ئەلیکساندەرینـسکی" بـۆ دامەزرانـدنی مـایر هۆڵـد وەك دەرهێنــەرێك لەشـانۆکەیدا، ئــەویش لەترسـی گۆڕینی شانۆی دەوڵـەت بـۆ شـانۆیەکی ئەزمونگـەری کـە ئـەوە کـاری مـایر هۆڵـد بـوو، بـەوریایی ئـەو هەنگاوەی نا، گەرچی لەلایەکی دیکـەوە پـێی وابـوو کـە مـایر هۆڵـد تاکـە کەسێکە بتوانێـت جـارێکی دی گیانی بوژانـەوە بهێنێتـەوە بـەر جەسـتەی خامۆشـی شانۆی (ئەلیکسانـدەر لینـسکی) وێـرای توانـا مادیـە لەڕادەبەدەرەکانی. هەروەها پـێی وا بـوو کـە تـەنها مــایر هۆڵــد دەتوانێــت شــانۆکەی بگەیەنێتــە ڕیــزی شانۆی مۆسکۆی هونەریو شانۆی "مالی" لەمۆسکۆ، بــەڵام لـــەنێو خـــۆی شـــانۆی ئەلیکساندەرینـسکیدا دەنگی ناڕەزایی زۆر هـەبوو لـسەر دامەزرانـدنی مـایر هۆڵد، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دامەزراندنی مایر هۆڵد دەرکراو بەپێی بڕیارەکە مایر هۆڵد وێرای وەرگرتنـی پۆسـتی دەرهێنـەر لەشـانۆی ئەلیکساندەرینـسکیدا بەشـێوەیەکی کـاتی کـرا بەدەرهێنـــەری شـــانۆی "مارینیسکی" ئۆپێراو بالێ.

ئیـــشەکانی مـــایر هۆڵـــد لەســـەر شـــانۆکانی (ئیمپراتۆریـــەت) لـــەنێوان ســـاڵەکانی 1908و 1917دا، واتـــە لـــەکاتی ڕاگەیانـــدنی شۆڕشـــی

ئۆکتۆبەردا زۆرن، لەوانەش شانۆیی "دۆن جوان"ی (مۆلێر) کە تیایدا مایر هۆڵد تا ئەو پەڕی سنور بیرۆکەکانی خۆی لەبارەی شانۆی مەجازیو مەرجی‌یە–"شَرْطي"یەوە بەرجەستە کرد، وێرای بەکارهێنانی بەرفراوانترین فەزای شانۆ، وەك لابردنی پەردەکانو چوار چێوەی دەرەکی‌ی شانۆ، مایر هۆڵد ڕوناکییەکی زۆری خستە سەر جەماوەر، بۆ ئەوەی لەیەکەیەکی هارمۆنیکی‌دا هۆڵەکەو شانۆ پێکەوە گرێ بدات. مایر هۆڵد "گیر بوو–متقشف" لەبەکارهێنانی ئێکسسوارو ئامێرەکانی شانۆدا، ئەو سەرەتا هاوشێوەی ژاپۆنییەکان ئەو ئێکسسوارو ئامێرانەی بەکار دەهێنا.

ماوەی ئیش کردنی مایر هۆڵد لەشانۆی ئیمپراتۆری‌دا هەمیشە پەیوەست بووە بەدەرهێنانی شانۆیی "الحفلة التنكرية"ی "لیرمەنتۆڤ" ئەو تاکە شانۆییەی مایر هۆڵد لەماوەی کاروانی هونەرییدا زۆری تێدا خەرج کرد، لەو شانۆییەدا "گلۆفین" جلو بەرگو دیمەنەکانی ئامادە کرد، ئیش کردن لەسەر ئەو دەقە ساڵانێکی زۆری خایاند، تا لەدەمەو دەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کرایەوەو تانزیکی سەرهەڵدانی جەنگی جیهانیی دووهەم نمایش بەردەوام بوو. واتە تاکو دوای گوللەباران کردنی مایر هۆڵد.

دەقی "الحفلة التنكرية" کە لەسەردەمی سیزاردا 13 جار نمایش کرا، لەسەردەمی کۆمۆنیستی‌دا زیاتر لە 500 جار نمایش کرا.

مایر هۆڵد لەکاتەکانی ئیش کردنی‌دا لەشانۆی ئیمپراتۆری، لەسەر ئەو ئەزمونو توێژینەوانەش بەردەوام بوو کە لەگەڵ هەڤاڵەکانی لەشوقەکەی "فیتشلاف ئیڤانۆڤ" دوای شکستی ستۆدیۆکەی ساڵی 1905و گەڕانەوەی بۆ (سانت پترسبۆرگ) دەستیان پێ کرد بوو. بەڵام دواتر ستۆدیۆکەی تایبەت بەخۆی دامەزراند لەشەقامی "برۆدنیسکی"و ناوی خوازراوی "دکتۆر دابرتوتو"ی لەخۆی نا، لەهەمان کاتیشدا بەمەبەستی بلاوکردنەوەی بیرۆکەکانی خۆی گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی "حب البرتقالات الثلاث" مایر هۆڵد لەستۆدیۆی "برۆدینسکی"دا زیاتر بەنێو تەکنیکی هونەرەکانی ئەکتەردا ڕۆچووە لەبارەی جووڵەو ڕیتمو شکڵو شێوازە شانۆییە دێرینەکانو بەهاوکاریی هاوڕێکانی دەکەوتە مەشق کردنو وانە وتنەوە. دیارە دۆزینەوەو توێژینەوەکانی لەو قۆناغەدا زەمینەسازی بوو بۆ دارشتنی میتۆدی تایبەتی خۆی لە "بایۆمیکانیك"دا. لەساڵی 1915دا مایر هۆڵد ڕووی کردە جیهانی سینەمای هاوچەرخو هەڵسا بەدەرهێنانی فیلمی "صورة دوريان گرای"ی "ئۆسکار وایڵد"و خۆیشی لەو فیلمەدا ڕۆڵی لۆرد هینریی بینی، دواتریش فیلمی "الرجل القوي"ی دەرهێنا کە خۆی ڕۆڵی "گۆرسکی" شاعیری دەبینی دیارە هەردوو فیلمەکەش لەناوچوونو تەنها چەند دیمەنێك لەفیلمی یەکەم ماوەتەوە.

لەساڵی 1918دا مایر هۆڵد بوو بەئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی، لەو بارەیەشەوە "ماتسکین" دەڵێت: "گومان لەوەدا نییە کە مایر هۆڵد چارەنووسی خۆی بەشۆڕشەوە گرێ دابوو، چونکە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە شۆڕش ئازادیەکی زیاتری داهێنانی پێببەخشێت، بۆیە هەردەم هەستی وا بوو کە ئینتماکردن بۆ حیزبی شیوعی هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت، لەسەروو هەموو ئەوانەیشەوە، هەموو ڕۆشنبیرانی ڕوسی، لەنێوانیاندا "بافلۆف"و "ستانیسلافسکی" بەمایر هۆڵدیشەوە، ئەوا شۆڕش ئازادیەکی زیاتر ناوەکی بۆ ڕەخساندن. شۆڕش بۆ مایر هۆڵد بوویە مایەی تێکشکاندنی هەموو تەیمانەکانی نامۆییو تەنها بەیەك گورز توانیی هەموو ئەو گرێبەندانە بکاتەوە کە ئەو لەپێناوی کردنەوەیاندا خەباتی دەکرد هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە مایر هۆڵد تا ئەو پەڕی سنور هاوکاری ئەو شۆڕشە بوو.

لەسالّی 1918دا وبەبۆنەی ئاهەنگەکانی یادی شۆڕشەوە هەڵسا بەدەرهێنانی شانۆیی "مستیریا بۆف" بەوەش مایر هۆڵد بەیەکەمین دەرهێنەر دادەنرێت کە یەکەمین شانۆیی ڕوسی دەرهێنابێت، لەسەردەمی شۆڕشدا نوسرا بێت.
شانۆییەکە لەهەلومەرجێکی ناهەمواردا بەرهەم



راهێنانی بایۆمیکانیك لەئەزمونی مایرهۆڵدا

هێنرا، چونکە دۆزینەوەی ئەکتەری کارامەو "موحتەریف"و دابەش کردنی ڕۆڵەکان گرنگترین لەمپەرەکانی ڕێی هەر یەك لە مایر هۆڵدو مایاکۆفسکی بوو. بەو هۆیەی تیپە سەربەخۆکان هەڵوێستی دژایەتیو دورە پەرێزییان لەئاستی شۆڕشدا گرتبوویە بەرو ئەکتەرە ناودارو موحتەریفەکان لەشانۆیەکی سیاسیدا ئیشیان نەدەکرد کە داکۆکی لە "بەلشەفییەکان" بکات. بەجۆرێك کە مایاکۆفسکی خۆی ناچار بوو یەکێك لەرۆڵەکان ببینێت، دیارە ئەوەش بەرپەرچ دانەوەیەکە بۆ ئەوەی کە گوتراوە گوایە شۆرش هەلومەرجو زەمینەی لەباری بۆ مایر هۆڵد ڕەخساندووەو ئەو بەچەند هۆیەکی پراگماتییەوە هاوسۆزی بووە. دواتریش "کازمیر مالیفیتش–

1878–1935"ی هونەرمەندی ناودار هەڵسا بەدیکۆرسازیی ئەو دەقە شانۆییە. بەر لەدەست بەکار بوون لەشانۆیی "میستیریابۆف"ی مایاکۆفسکی، مایر هۆڵد بەهاندانی "لۆناتشارسکی" نامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەشانۆکانی ئیمپراتۆریەت ڕاگەیاند بوو هەر لەو دەمەدا گرێبەندی

خۆی لەگەڵ ئەو شانۆیانەدا هەڵوەشاندەوەو سەرەتایەکی نوێی لەکاروانی هونەریدا دەست پێکرد.
مایر هۆڵد بەتێزە بێوێنەکانیو بەهاوکاریی مایاکۆفسکی توانیی گەشە بدات بەئیش کردن لەگەڵ لایەنگرانی ئایندەگەری–المستقبلیة"... بەجۆرێك کە "لینین" دواتر تێزەکانی مایر هۆڵدی بەجۆرێك لەناڕەزاییەوە بە "شیوعیة الشقاوات" ناو برد.
مایر هۆڵد لەسالّی 1919داو بەهۆی نەخۆشیو شەکەتییەوە ناچار بوو بۆ پشوودان شاری "پیترۆگراد" بەجێبهێڵێو خۆی بگەیەنێتە دورگەی "یالطا". لەوێندەر بەدیلی دەکەوێتە دەس هێزی سپییەکان–قوات البیض"و دوای ئەوەی ئەو هێزانە

شارەکە داگیردەکەن، مایر هۆڵد چەند هەفتەیەك لەزینداندا دەمێنێتەوەو لەوەشدا بوو کە لەسێدارە بدرێت. دوایی هێزە سورەکان شارەکە ئازاد دەکەنەوە مایر هۆڵد دەگەڕێتەوە مۆسکۆ. لەوێندەر "لۆناتشاریسکی" پۆستی ئیدارەی بەشی شانۆی "نارکۆمبۆس"ی پێ دەسپێرێت کە لیژنەیەکی هۆشیاریی هەموو وڵاتی سۆڤێت بوو.

مایر هۆڵد کەوتە بەرزکردنەوەی دروشمی "ئۆکتۆبەری شانۆیی" لەشانۆداو لەو پێناوەشدا شانۆیەکی باشی بەناوی شانۆی RSFSRی یەکەمەوە دامەزراند کە ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ نمایشی کردنەوەی شانۆی "الفجر"ی شاعیری هێماکاریی بەڕەگەز بەلچیکی "ئەمیل فیرهارت" ئەو دەقەش بەبۆنەی یادی سێهەمین ساڵرۆژی شۆڕشەوە نمایشکراو ئەوەش بەیەکەمین نمونەی شانۆی سیاسیی هاندەر دانرا. دیارە مەبەستی سەرەکیی (مایر هۆڵد) لەدامەزراندنی شانۆکانیRAFSR ی یەکەم بریتی بوو لەدامەزراندنی تۆڕێك لەشانۆ بەو ناوەوە بەڵام بەژمارەی جیاوازەوە. هەرچەندە بەرهەمەکانی RAFSRی تادەهات زیاتر دەبوون، بەڵام دەوڵەت هەرچی زووترە هەڵسا بەداخستنی شانۆکانی مایر هۆڵد، دوای ئەوەی کە (لەنین) لەمیانەی پلانی پێنجینەی یەکەمیدا، سیاسەتی سك هەڵگوشینی "تقشف"ی پیادەکرد، لەئاکامی ئەوەشدا هەموو هاوکاریو یارمەتییەکانی پرۆژە ڕۆشنبیریەکانی بڕی. دیارە شانۆی مایر هۆڵد لەسەروو ڕیزبەندی لیستی ئەو پرۆژە نەدا بوو. بەو جۆرە یەکەمین دەرهێنەری شیوعی جارێکی تر بێ کارکەوتەوە.

لەپایزی ساڵی 1921دا، مایر هۆڵد کرا بەبەڕێوەبەری وەرشە باڵاکانی دەوڵەت بۆ دەرهێنەرەکان کە تازە دامەزرێنرا بوو. لەوێندەر مایر هۆڵد کەوتە وانە وتنەوەو مەشق پێکردنی خوێندکاران بەبنەماکانی "بایۆمیکانیك"، بنەماکانی جوڵەو تەکنیکی سەر تەختە. لەو خوێندکارانەش ژمارەیەك هەبوو دواتر بوونە ئەستێرەی جیهانی سینەما، وەك دەرهێنەر "سێرجی ئایزنشتین"و هەردوو دەرهێنەری سینەمایی "سێرجی یۆتکفیتشو نیکۆلای ئایك"و دەرهێنەری شانۆیی "نیکۆلای ئۆخلۆپکۆف" هەروەها ژمارەیەك لەئەکتەرانی ناودار دەرچووی ئەو خولانە بوون، وەك "ئیگۆر ئەلینسکی"و "ئیراست گارین"و "ماریا بابانۆڤا"و "زینادا ڕایغ" ئەمەی دوایی خێزانی پێشووی شاعیری ناودار "یەسەنین". کە دواتر دەبێتە هاوسەری مایر هۆڵد بێ گومان دەرهێنانی شانۆیی "السمح ذو القرنین"ی نوسەری بەلچیکی "فیرناند کرۆمیلینیك" لەساڵی 1922دا، یەکێك بوو لەئاسەوارەکانی ئەو خولانەی کە لەهاوکاریی یاریدەدەرو خوێندکارەکانی بەئەنجامیان گەیاند. ئەم ئیشەی مایر هۆڵد پێگەی خۆی هەبوو لەنێو ئیشەکانیدا لەدەرهێنانداو سەرەتایەکیش بوو بۆ تەرزێکی نوێ بریتییە لە بنیادگەری "البنائیة"و "بایۆمیکانیك".

مایر هۆڵد لەساڵی 1922 وەتاکو ساڵی 1924 بوو بەسەرۆکی شانۆی شۆڕش، لەو دەمەشدا دوو شانۆیی دیاری دەرهێنا کە بریتی بوون لەدەقی "الوظیفة المربصة"ی ئەلکزاندەر ئەسترۆفسکیو "بصیرة لیول"ی ئەلیکسی فایکۆ.

لەساڵی 1923شدا نازناوی هونەرمەندی گەلی بەدەست هێنا... ئەوەش یەکەمین دەرهێنەر بوو کە نازناوێکی لەو جۆرەی پێرەوا ببینرێ.

ساڵانی بیستەکانو بەهۆی ئەو ئازادییەی کە دوای شۆرش بۆی دەستەبەر بوو، بەگرنگترین قۆناغی ژیانی هونەری مایر هۆڵد دادەنرێت. لەم قۆناغەدا میتۆدی تایبەتی مایر هۆڵد لەئەدای ئەکتەرو بایۆمیانیکدا لەڕووی تیۆرو پراکتیزەوە بەرجەستە بوو، شانبەشانی پێشەوایەتی کردنی بۆ شێوازی "بونیادگەری" لەداڕشتنی نمایشی شانۆییو بەهاوکاری کردنی ناودارترین هونەرمەندانی ئەو بوارە

، وەك "ناتالین" "بۆبۆڤا"و "ستیبانۆڤا". مایر هۆڵد لەساڵەکانی بیستەکاندا ئەم شانۆییانەی دەرهێنا: "موت تاریکلین"ی سیوخۆ کۆبلین لەساڵی 1922و "الغابة"ی "ئەسترۆفسکی" لەساڵی 1924و "الأنتداب"ی ئەدمان لەساڵی 124و "المفتش" گۆگۆل لە 1926و "البقة"ی ماياكۆفسکی لە1929و "حمامات الدم"ی ماياكۆفسکی لەساڵی 1930دا.

رەنگە ئەمانە لەگرنگترین ئیشەکانی مایر هۆڵد بن لەبیستەکاندا، ستانسلافسکی نمایشی شانۆیی "الانتداب"ی بینی کە ماوەی نمایشی 9 ساڵی خایاندو نەوەستێنرا تا ئەو دەمەی "ئەردمان"ی نوسەری ئەو دەقە بەتۆمەتی نوسین لەدژی دەوڵەتی سۆڤێتی دەستگیر کرا. هەرچەندە دەقی "الانتداب" هاوتای شانۆییەکانی "الغابة"و "المفتش" نەبوو، بەڵام ستانسلافسکی سەبارەت بەیەکێك لەدیمەنەکانی ئەو نمایشە دەڵێت: "مایر هۆڵد ئاواتەکانی منی تێدا بەدی هێنا".

هەر لەبیستەکاندا مایر هۆڵد یەکەمین زەمینەی بۆ شانۆی سیاسیو هاندان داهێنا لەدەقەکانی "الفجر" و"هبت الأرض" و"مستیریابۆف" و"ئق ب.د.بی" مایر هۆڵد لەم دەقانەدا پێش هەریەك (بیسکاتۆر)و (برێخت) کەوتو بەشێوەیەکی گشتی ڕێگەی بەرەو شانۆی سیاسی بۆ خۆش کردن. ئەمەو سەرەڕای شکۆداریی وەك دامەزرێنەری شانۆی ئۆکتۆبەرو پێگەی گەورەی لەنێوان دەرهێنەرەکانی سۆڤێتدا، مایر هۆڵد بەتواناو دەرامەتێکی کەمو لەهۆڵی ناهەمواردا نمایشەکانی پێشکەش دەکرد، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو گوتارانەی بوون گوایە شۆڕش زەمینەو دەرامەتی باشی بۆ ڕەخساندووەو بەتێرو تەسەلی نمایشەکانی پێشکەش کردووە. بەڵکو مایر هۆڵد ئەو هەلومەرجەی تەنها لەشانۆی ئیمپراتۆریەتی سەردەمی سیزار بۆ دابین کرابوو. لەسەردەمی شۆڕشدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی خاوەن تواناو وزە لەدەوری شانۆو ئەزمونگەری کۆبووبوونەوە، گەرچی زۆربەیان لەئارەزومەندانو لەو لاوە خوێنگەرمانە بوون شۆڕش کە تەمەنیان لەخوار بیست ساڵانەوە بوونو تازە خزمەتی سەربازییان کۆتایی پێ هێنا بوو، بۆیە دەبوایە هێزێکی هونەریی نوێیان لێ پێك بهێنێ کە شایستە بن بەشانۆ نوێکەی...

بەڕاستی پیادەکردنی پلانە پێنجینەکەی (لینین) بریتی بوو لەزەبرێکی گورچك بڕ لەشانۆکان بەگشتیو لەشانۆی مایر هۆڵد بەتایبەتی، بەڵام شێوازی "بونیادگەری"و شکڵە بونیادگەریەکان چارەسەرێکی هاوچەرخو لەبار بوون بۆ شانۆیەکی هەژاری وەك شانۆکەی مایر هۆڵد.

هەر لەبیستەکاندا مایر هۆڵد جارێکی دی ئاوڕی دایەوە لەکلاسیكو مادە کلاسیکیەکان بۆ ئەوەی بەڕاڤەو ڕوئیایەکی نوێ پێشکەشیان بکاتەوە. لەو بارەیەوە (براون) دەڵێت "مەبەستی سەرەکی مایر هۆڵد لەوەدا بریتی بوو لەرزگارکردنی ئەو دەقانە لەچنگی ئەکادیمیەتی مردو لەپێناوی دامەزراندنی ئەوەی کە پێی دەگوت "شانۆی سووری گەل" هەر لەوێشەوە شاکارو نمایشە نەمرەکانی وەك "الغابة"ی ئەسڤرۆفسکیو "ذو العقل یشقی"ی گریبۆدۆڤ "المفتش"ی گۆگۆل بەرهەم هاتن.

لەساڵی 1930دا نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی "دوبارە بونیادنانەوەی شانۆ"، لەهەمان ساڵیشدا، بەخۆیو شانۆیەکەوە گەشتێکی کرد بۆ بەرلینو پاریس. لەساڵی 1932ەوە بەهۆی هەڵمەتێکی ڕێکخراوی ڕەخنەگرتن لەخۆیو شانۆکەی، ئەستێرەی هونەریی مایر هۆڵد بەرەو کزی چوو، لەسەردەمی ستالیندا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداران ئۆپێرای "البسیونی"ی تشایکۆفسکی ڕابگرنو ڕێگەش بگرن لەنمایشی شانۆیی "ارید طفلاً"ی تریتیاکۆڤو شانۆیی "الانتحار"ی ئەردمان.

مایر هۆڵد لەسییەکاندا ژمارەیەکی زۆر شانۆیی دەرهێناو کاری زۆری کرد لەسەر نوێ کردنەوەی هەندێك لەئیشە کۆنەکانی وەك "دۆن جوان"و "الحفلة التنكرية"... تا ئەو دەمەی کە بەبڕیارێکی ڕەسمی دەسەڵاتدارانی سۆڤێتو لەساڵی 1930دا شانۆکەی دادەخرێت، بەوەش جارێکی دی بێ ئیشو کارکەوتەوە، بەڵام لەو قەیرانەدا دەستی ستانسلافیسکی گەیشتێو کردی بەبەڕێوەبەری ئۆپێرای ستانسلافیسکی لەمۆسکۆدا... مایر هۆڵد لەهەمان ساڵی مردنی ستانسلافیسکیدا توانیی کاری ئۆپێرای "ریغۆلیتۆدی" "فێردی" بەئەنجام بگەیەنێ. لەرۆژی 20ی حوزەیرانیشدا لەشاری پیترسبۆرگدا دەستگیر دەکرێت. ڕەخنەگران گەواهی ئەوە دەدەن کەدیارترین ئیشەکانی مایر هۆڵد لەسییەکاندا بریتییە لە شانۆیی "غادە کامیلیا" لەساڵی 1935دا کە تیایدا "زینادا ڕایخ"ی هاوسەری ئەستێرەی گەشایەوە. مایر هۆڵد لەم نمایشەدا توانیی هەموو دەستکەوتە هونەرییەکانی سەردەمی بەر لەشۆڕش لەنمایشێکی پشت بەست بەحسێکی مۆسیقی بەرجەستە بکات.

لەسەرەتای سییەکانەوە، وەك زێدەڕەوییەکی هەڵە سەیری مەسەلەی (بایۆمیکانیك) لای مایر هۆڵد کرا، هەرچەندە ئەوان مایر هۆڵدیان بەدەرهێنەرێکی مەزن دەزانی، بەڵام پێیان وا بوو مەشق پێکردنی ئەکتەر لەسەر بنەمای (بایۆمیکنیك) دەبێ هەر لەچوار چێوەی ئیشی شانۆییدا بێت، چونکە هەرچی مرۆڤی ڕوسییە، ئەوا بەڕای ئەوان لەسەر ئاستو پلەیەکی ئەوتۆیە کە هەرگیز ناکرێت لەڕێی بەکارهێنانی شێوازە میکانیکییەکانەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

## مردنی هونەرمەندێکی تراژیدی...

ئۆپێرای" لیدی ماکبث" کە خەوی لەستالین زڕاند کاتێك ستالین لەساڵی 1936دا بڕیاری قەدەغەکردنی نمایشی ئۆپێرای "لیدی ماکبث"ی دەرکرد کە شستاکۆفیتش مۆسیقای بۆ دانابوو، وەك یەکەمین هەنگاو بۆ وەشاندنی گورزێکی بێبەزییانە لەهونەرمەندان، مایر هۆڵد لە "محاضرە"یەکیدا لە 14ی ئازاری ساڵێ 1936 بەوپەڕی جەربەزەیی داکۆکی لەشستاکۆفیتش کرد، ئەو دەمەش ڕۆژنامەی "براڤدا" بابەتێکی گرنگی لەدژی ناوبراو دەرکرد بوو بەناونیشانی "مۆسیقا یاخود گەڕە لاوژە" بۆیە زۆربەی زۆری خەڵکی هاتنە ئەو بڕوایەی ئیدی کۆتایی ژیانی ئەو مۆسیقارە ناودارە دەرکەوتوەو خودی ستالین لەبەر بۆنی خوێنی ئۆپێرای "لیدي ماکبث" خەو لەچاوانی زڕاوە، پێدەچوو ستالین بیری لەوە کردبێتەوە کە خۆڕزگارکردن لە مایر هۆڵدی خاوەن بیرۆکەی ڕکەبەریو پێشەوایەتیەکان مەلەسەیەکی هەنوکەیی گرنگ بێت، بۆیە پاش ماوەیەکی کەم، جارێکی دی ڕۆژنامەی "براڤدا" هەڵمەتێکی دژایەتیی لەئاستی مایر هۆڵد بەرپاکرد، ئەویش لەڕێی بابەتێکی ڕەخنەسازی شیوعی "گێرزینسف" لە 17ی کانونی یەکەمدا بەناونیشانی "شانۆی بێگانە" کە تیایدا نوسەر بەم پرسیارە کۆتایی بەبابەتەکەی دەهێنێت "ئاخۆ هونەری سۆڤێتیو جەماوەری سۆڤێتی ئاتاجی هونەرێکی شانۆی لەو جۆرەیە؟ مایر هۆڵد لەزۆرێك لەئاماژەو هەڕەشەی لێ کردنەکاندا لەوە ئاگادار کرابوویەوە کە هێندە بێ دەربەستانە ئیرادەو ڕێنماییە هونەرییەکانی ستالین پشت گوێ نەخات. لەو بارەیەوە "پۆری لۆبیمۆڤی" دەرهێنەری هاوچەرخی ڕوسی وەسفی (مایر هۆڵد) دەکاتو دەڵێت: "بۆ بەردەوامی لەسەر ئیشەکانی لەشانۆدا بەڕاستی لەلێواری مەترسیدا کاری دەکرد، بەڵام دەستو پێوەندەکانی ستالین کەسانێك نەبوون کە گاڵتە هەڵبگرن، بۆیە ئاکامێکی لەو جۆرە تراژیدیای لێ کەوتەوە، کێ دەیتوانی ململانێی ئەو جۆرە ملهوڕانە بکات؟...

لەرۆژی 15ی حوزەیرانی ساڵی 1939دا مایر هۆڵد لەکۆنگرەی دەرهێنەراندا لەمۆسکۆ بەشداریی کرد، کۆنگرەکەش بۆ سەلماندنی "واقیعیەتی سۆشیالیستی" تەرخان کرابوو، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دروست کراوو سەپێنرا بوو. بۆیە کۆنگرەکە بەتەواوی دژایەتیی خۆی دەرخست لەئاستی هەموو هەوڵە پێشڕەوی ئەزمونگەرییەکانی شانۆ، چونکە بەبڕوای ئەوان ئەو هەوڵانە بریتی بوون لەکۆمەڵێك بزاڤی شکڵانی قبوڵ نەکراو، بۆیە تەنها میتۆدی سایکۆلۆژیی ستانسلافسکی بەتاکە میتۆدی ڕێگە پێ دراو دانرا لەشانۆدا.

دوای کۆنگرەکەو دوای گەڕانەوە بە (20) ڕۆژ بۆ لینیگراد، مایر هۆڵد دەستگیر کراو ڕەوانەی مۆسکۆ کرا، ئەو دەمەش لەتەمەنی 66 ساڵیدا بوو. وێرای ئەو تەمەنەیشی خرایە زیندانی "لۆبیکا نکا" بەتۆمەتی سیخوڕی کردن کرد لەبەرژەوەندیی ژاپۆنو بەریتانیاو لیتوانیاو هاوکاری کردنی "ترۆتسکی"، کە ئەو تۆمەتانە بەڕاستی مایەی سەمەرە بوون، هەرچەندە مۆرکی تراژیدیا ئامێزی خۆیان لەسەر ئەم هونەرمەندە مەزنە بەجێهێشت. ئەو هونەرمەندەی کە لەساڵانی شۆڕشدا نازناوی هونەرمەندی گەلو داهێنەری شانۆی ئۆکتۆبەری پێ ڕەوا بینرا. دوای دەستگیرکردنی مایر هۆڵد، (زینادا ڕایخ)ی گەورە ئەکتەرو خێزانی مایر هۆڵد نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی خودی (ستالین) کردو تیایدا داکۆکیی لە مایر هۆڵدی هاوسەری کردو داوای ئازادکردنی کرد. چونکە ئەو تۆمەتەکانی بەکۆمەڵێك تۆمەتی (بێبەهاو)و بێ بەڵگەناوبردو، بۆیە لەڕۆژی 14ی تەموزی ساڵی 1939دا وەڵامی نامەکەی (زینادا) درایەوە کە بریتی بوو لەهەنجن هەنجن کردنی لەلایەن دوو پیاوی دەزگای موخابەراتی سۆڤێتو لەبەردەم هەردوو مناڵەکەیشیدا، ڕۆژی دواییش باوکی ئاگادار کرایەوە کە نابێت مەراسیمی تایبەتی بەخاك سپاردنی بۆ ئەنجام بدات هەرچی شوقەکەیشی بوو، ئەوا لەلایەن "بیریا" داگیر کرا کە دواتر لەلایەن بەڵگە نامەکانی پاش ڕوخانی یەکێتی سۆڤێت لە 1990دا دەرکەوت کە بەمەبەستی ڕابواردن لەگەڵ دۆستەکەیدا بەکاری دەهێنا. مایر هۆڵد لەزینداندا ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا، تاکو دان بەتۆمەتە ئاراستەکراوەکانیدا بنێت، لەبەر زۆریی ئەشکەنجەدانەکانی ناچار بوو کەدان بەو تاوانانەدا بنێت، بەڵام دواتر لەبەردەم دادگادا وتی: "شتێکی سەیرە کە پیاوێکی تەمەن 66 ساڵە ناچار بکرێت کەڕاستی نەڵێت. بەڵکو ئەوە بڵێت کە لێکۆڵینەوە دەیخوازێت ئەو وتانەی مایر هۆڵد مایەی ناسۆرو نشوستی بوون بۆ حیزبو شێوازە داپڵۆسێنەرەکانی، مایر هۆڵد لەدادگا خوازیاری ئەوە بوو کە ئەی تێبگەنو بێ تاوانیی ڕابگەیەنن، چونکە ئەو لەبواری هونەردا هەندێك هەڵەی کردووە، بەڵام لەدەرەنجامدا ئەوە بوو لەشانۆکەی دایانبڕی، هەروەها داوای لەدادگا کرد لەوەتێبگەن کە هەرچەندە، ئەم لەتەمەنێکی پیری دایە، بەڵام هێندەی بەدەمەوە نەماوە کە بتوانێت هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە، ڕۆژانێك بەر لەگوللەباران کردنی لەنامەیەکیدا بۆ "بیریا" ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو باوەڕی زۆری بەڕاستی هەیەو پێی وایە کەڕاستی هەر سەردەکەوێت. وەلێ مەخابن کە لەرۆژی دووهەمی شوباتی ساڵی 1940دا، مایر هۆڵد گوللەباران کراو تەنانەت 15 ساڵیش دوای ئەوە ناوی نەهێنراو هەرچی میتۆدو ئەزمونو نوسینەکانی هەن قەدەغەکران، بەڵام تارمایی ئەو بەردەوام باڵی کێشا بوو بەسەر شانۆی ڕوسیداو لەهەمان کاتیشدا دەنگی لەشانۆکانی جیهاندا زایەڵەی دەدایەوە.

## مایر هۆڵدو هانتلی کارتەری ئینگلیزی پسپۆر لەشانۆی ڕوسیدا

پێش ئەوەی باس لەمیتۆدی بایۆمیکانیكو ئەو ئەزمونانە بکەین کە بەشی زۆری ژیانی مایر هۆڵدی

داگیرکردو گەیشتنە میتۆدێکی نوێی نواندنی جیاواز لەهەردو فێرگەی پێشڕەویو سایکۆلۆژی... باشتر وایە باس لەهەندێ ڕاوبۆچوونی نوسەرانو هونەرمەندانی بیانیو ڕوسی بکەین لەبارەی مایر هۆڵدەوە تاکو خوێنەر وێنەیەکی وردو بەرفراوان سەبارەت بەکەسێتیو هونەرو بەهای چالاکیيە کردەییو تیۆرەکانی ئەو قۆناغەی لەلا ڕوون بێتەوە.
دیارە لەمیانەی ئەو نوسینانەوە دەتوانین کەسێتیو خولیای ئەم دەرهێنەرە بناسینەوە کە، هاوچەرخەکانی بەکەسێکی داهێنەرو بلیمەتیان داناوە. بێگومان ئێمە تەنانەت بیرو بۆچوونی ناحەزانی ئەومان هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی وێنەکە تەواوترو خاوەن ئامانجێکی زانستی بێت، ئەو ڕاو بۆچوونانەبەشێوەیەکی گشتی باس لەوێنەیەکی مێژوویی بزاڤو هەلومەرجی شانۆی سۆڤێتی دەکەن لەنێوان ساڵەکانی 1917–1940دا، ئەو ساڵە، کە مایر هۆڵد تێدا گوللەباران کرا.
سەرەتای بایەخدانی خۆرئاوا بەبەرهەمەکانی مایر هۆڵد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی بیستەکان، چونکە هەست کردن بەلەدایك بوونی شتێکی نوێ بوویە مایەی سەرنج ڕاکێشانی زۆرێك لەتۆژەوەکان لەئاستی ڕوسیاداو ئەو نوسەرانە بەهۆی مانەوەیان بۆ ماوەیەك لەروسیادا، ئەوپەڕی بایەخی خۆیان دابەو گۆڕانە ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابووریانەی کە لەروسیادا ڕوویان دەدا، چونکە لەو قۆناغەدا هیچ کەس لەمەسەلەی دیراسەکردنی شانۆی شۆڕش وەك دۆزێکی گرنگ نزیك نەبوویەوە. وێڕای ئەوەش زۆرینەی ئەوانە، کە سەردانی ڕوسیایان کردووە خاوەن وزەو توانایەکی ئەوتۆنەبوون کە بتوانن بەدیراسەیەکی لەو جۆرە هەڵبسن. لەبەر ئەوە ناکرێت هەموو ئەوانەی لەکتێبو بڵاوکراوەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەڕاستو جێی مەبەست دابنێین.
تێگەیشتنی تەواوو قووڵ لەهەلومەرجەکانی شانۆ لەروسیای شۆڕشدا پەیوەستە بەناوی چەندەها دەرهێنەری ناوداری ئەمریکیو ئەوروپی، ئەوانەی کە بەتایبەتیو بەمەبەستی ناسینی نمایشەکانی ستانسلافیسکیو مایر هۆڵدو دەرهێنەرانی دی



مایرهۆڵد ساڵی 1922

سەردانی ڕوسیایان کردووە...
لەو قۆناغەدا دەرهێنەری ناوداری شانۆی ئینگلیزی "باسیل دین"و هەروەها "ئارنست تولەری شانۆنوسی ئەڵمانیو "لی سیمونسۆن"ی دەرهێنەری ئەمریکی لەنیویۆرکو ڕەخنەگری ئەمریکی پرۆفیسۆر "ه.دانا"و "ئەروین بیسکاتۆری" پێشەنگی شانۆی سیاسی ئەڵمانیاو چەندەهای دیکە. دوای ئەم سەردانانە، زنجیرەیەك لەراو بۆچوونەکان دەرکەوتن سەبارەت بەئەزمونی شانۆی مایر هۆڵد. زۆرینەی ڕاو بۆچوونەکانیش لەڕێی لێدوانەکانی نێوان ئەو کەسایەتیانە سەریان هەڵگرتووە، وێڕای دیمانەو یاداشتەکانیان. لەوانەی کە سەردانی ڕوسیایاین کرد، "هانتلی کارتەر" بوو کە بەئینگلیزێکی پسپۆر لەشانۆی ڕوسیدا ناسرا بوو، بۆیە یەکەمین بۆچوونی

ئەو سەبارەت بە مایر هۆڵد تـا بڵێـی گـرنگـو جـێی بایــەخ بــوو ئــەو مــایر هۆڵــدی بــەخاوەن زۆرتــرین جورئەتو هەژمون دادەنا لەشانۆی ڕوسیدا.
"هانتلی کارتـەر" چـەندەها جـار بۆتـە میـوانی مـایر هۆڵد. ئەوەی کە سەرنجی ئەو پسپۆڕەی ڕاکێشا بـوو بریتــی بــوو لــەتواناکانی مــایر هۆڵــد لەبەســتنی پەیوەندییـــەکی تونـــدو تـــۆڵ لەگـــەڵ کەســـانی دەوروبەریدا، بۆیـە کارتـەر ئـەوەی بـەئاکارێکی زۆر لەبار دادەنا کە مایـەی ڕێـزو نـەوازش لێ گـرتن بێـت.
ئـەوەش هـەمان کەمەندکێشیی وشـەی "هـاورێ"ی هەیە کە شۆڕشی ڕوسیا هێنانیە مەیدان. کارتەر باس لـەو هەلومەرجـە نائاسـاییەی ئـەو شـوقە گـچکەیەی نزیك بەسـەیرانگەی "سمۆلینـسکی" دەکـات، ئامـاژە بەوە دەکات کە ڕواڵـەتی دەرەوەی خـاوەن شـوقەکە وامان لێ دەکات کە سـیما بنەڕەتییـەکانی سرووشـتی بخــەملێنن، چــونکە پێڵــووە نیمــچە داخراوەکــانو تیلـــــەکانی چـــــاوەکانی مـــــۆرکی ئـــــەوەیان لێ دەخوێنرایەوە کـە مـایر هۆڵـد دوچـاری "سـۆفیگەری هاتبـــێ" ســـەری بەرزیـــشی ئاماژەیـــەك بـــوو بـــۆ گەورەترین لێهاتوویی‌و قـژی کـورتو پڕیـشی ئامـاژە بــوون بــۆ وزەو توانــاو خــۆڕاگری لەژیانــداو لــوتی دیاریشی ئاماژە بوو بۆ تواناو وزە جیاوازەکانی.
لــەرەوتو جوڵــەی ژیــانی ئــەم مرۆڤــەدا دەتــوانرا بەئاســـانی خێرایـــی وەلام دانـــەوە حیـــسییەکان، هەڵــچوونەکانو خۆکۆکردنــەوە بــەدی دەکــرا بــۆ ئەنجامدانی ئامانجەکانی. بەلام لەهـەمان کاتـدا بڕێك لـەنائارامیو نـاجێگیری لـەئارادا هـەبوو. چـونکە ئـەو ئاوێتــە ســەیرە لەسـیفەتو ئاکارەکـانو خـۆڕاگریو گۆڕانکــاریو گەشــبینیو هەســتیاریی لــەڕادە بــەدەر بەشتەکانی دەورو بەری، ئاماژەن بۆ ناسینی سـیماو سرووشتو خولیاکانی.
کارتــەر بــاس لەوانــە دەکــات کــە خــۆی بینیــونیو دەنوسـێت: "مـن وای لێ تـێ دەگـەم کـە مـایر هۆڵـد مرۆڤێك بێت لەبەردەم دەروازەی واقیعدا وەسـتابێت، بەلام لەبەر هەبوونی هەلومەرجی ئـەو دەمـە بەباشـی نـــەزانێت بـــچێتە ئـــەو واقیعـــەوە. دەبـــڕوانن چـــۆن بەراســـتگۆیی‌و بـــەردەوامی لەســـۆراخی ســـرووشو ئیلـهامی درامـاو ئـەدای نواندایـەو بـەچ حەزێکـەوە پەرۆشـی کۆمۆنیـستی‌یە –دووشـت کـە لـەزۆر بـاردا لەیـــەکتری دوور دەکەونـــەوە چەشـــنی جەمـــسەری لەیەکـــچووی دوو موگنـــاتیز. یەکـــەمیان ئامـــانجی ســـۆفیگەرێتیو دوو هەمیـــشیان ئامـــانجی سیاســـی. لەلایـەکی دیکـەوە ئیـشەکانی مـایر هۆڵـدو نمایـشە شـــانۆیەکانی بوونـــە مایـــەی ڕێـــزو پێزانینـــی زۆرو چـەندەها گۆشـەنیگای جیاوازیـان هێنایـە مەیـدان.
هەریەك لەوانەی کە گەیشتنە مۆسکۆ، لەبـەر ئـەوەی مایر هۆڵد دڵسۆزی ڕوسیای نوێ بووە ناچار دەبـوون کە بڕواننە دەقی شـانۆیی "ئـازار، أیهـا الـصین" کـە لەلایەن تیپی مـایر هۆڵـد "تـیم"ەوە پیـشکەش کـراو تیایدا کـاری مـایر هۆڵـد تـەنها لەپرۆڤەکانـدا قـەتیس کرا.
هەروەك چاوەڕوانیش دەکرا، زۆر کەس لەوانـەی ئـەو ئیـــشەیان بـــینی نائومێـــدبوون، یـــەکێکی وەك دەرهێنەری لەندەنی "باسیل دیـن" بـۆ نمونـە، بـاس لـــەوە دەکـــات کـــە ئـــەو شـــانۆیی‌یە بریتـــی بـــوو لـــەریکلامێکی شـــەڕەنگێزانە لـــەدژی ئـــەمریکاو ئینگلتەراو هەروەها ئاوێتەیەکی سەرسوڕهێنەرو بـێ بەهایـە لەمیلۆدرامایـەکی کـۆنو بـاش . ئـەوەی کـە سـەری (هـانتلی کارتـەری سـوڕهێنا ئـەو هێماکاریـە لـــەناکاوە بـــوو، کـــە بـــەڕای ئـــەو بـــوو بەمایـــەی گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیاو ژاپـۆنو چـین، لەوانـەش پەیوەندییـە ڕۆشـنبیریەکان، لـەڕێی سەردانی تیپـە هونەریـەکان کـە مـایر هۆڵـد هەمیـشە خەونی پێوە دەبینی. لەو پێناوەشـدا زۆرێك لەتیپـە شـــانۆییەکانی ژاپـــۆن ســـەردانی مۆســـکۆیان کـــرد، لەوانـەش شـانۆی "کـابوکی"ی کـە خـاوەن زۆرتـرین ناوبانگە لەژاپۆندا، ئـەو شـانۆیەی کـە لـەماوەی سـێ ســەد ســاڵ لەهەبوونیــدا تــەنها ئــەو جــارە ڕووەو

مۆسکۆ ئەو گەشتەی کرد، بەڵام ئەو نمایشە کە مایر هۆڵد لەبەرامبەردا پێشکەشی کرد، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی بنەما گشتییەکانی شانۆی خۆرهەڵاتی لەبەردەم بینەری ژاپۆنیدا وەڵامی خۆی نەبوو لەلایەن هاوڕێ ژاپۆنییەکانی. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ژاپۆنییەکان ڕێگەیان نەدا بەتیمێکی شانۆیی ڕوسی کە بچنە نێو وڵاتەکەیانەوە.

لەسییەکاندا لیستی دۆستانی مایر هۆڵد چەندەها ناوی کەسانی ناوداری لەجۆرەها وڵاتانی جیهاندا لەخۆگرت. بێگومان بەردەوام بایەخدان بەم کەسێتییە لەزیاد بووندا بوو، پێ دەچێت ڕاڤەی ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مایر هۆڵدیش وەك زۆرێك لەدەرهێنەرەکانی ئەوروپاو ئەمریکا زوو هەستی بەقەیرانی شانۆی هاوچەرخ کردو پێشبینی نزیکی ڕوودانی گۆڕانکاریەکانی کرد. ئەو نوسەرو هونەرمەندانە بۆیە چوونە ڕوسیای دوای شۆڕش تاکو بۆ خۆیانو بۆ خەڵکیش بیسەلمێنن کە شانۆش بریتییە لەبەشێکی ئۆرگانی ژیانی مرۆڤایەتی بەهەموو پەیوەندییە تایبەتیەکانیەوەو ئەرکی هەر سەردەمێکیش بریتییە لەنوێ کردنەوەی ئەو پەیوەندییانەو گۆڕینی شکڵەکانی ئەو پەیوەندییانە.

دیارە نوسەرانو هونەرمەندان هەستیان کردووە کە چەرخی شۆڕگێڕی ئەرکی جدیی خستۆتە بەردەم ڕوسیا بۆ دوبارە بونیاد نانەوەی شانۆ، ئاسۆیەکی بەرفراونیشیان لەکاری داهێنان لەشانۆی مایر هۆڵدا بەدی کردووە. بۆیە لەشێو سەرەتاییەکەیدا لەمیانەی ناسینی ڕاستەوخۆی خودی مایر هۆڵدەوە بیرو بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕیوەدواتر چەندەها کتێبی بەهاداریان سەبارەت بەخودی مایر هۆڵدو مێژووی نوێی شانۆی ڕوسی دەرکردووە. مایر هۆڵد سەرنجێکی هەست پێکراوی لای "گۆردن گریك" بەجێهێشت، کەدواتر وای لێ کرد زۆرتر بایەخ بدات بەئیشەکانی ئەم دەرهێنەرە ڕوسییە. هەردووکیان یەکتریان بەدڵ بوو، لێرەدا دەکرێت باس لەوە بکەین کە مایر هۆڵد لەساڵی 1909دا نوسیویەتی: "گۆردن گریك" ئەکتەرێکی خوێن پاکە (...) گریك بەڕێوەبەری تیپێکی گەڕۆك بوو بەدرێژایی 9 ساڵ، ئەو لەهەرێمەکاندا ڕۆڵەکانی خۆی دەبینی، گریك هەر تەنها هونەرمەند نەبوو، بەڵکو هەر لەخۆڕسکەوە ئەندازیارێکی دیکۆر کێش بوو ئەو پێی وابوو کە ئەوشتەی گونجاندن لەنێوان هێڵەکانو ڕەنگەکاندا دروست دەکات، بریتییە لەتوندو تۆڵی لەیەك چوونی نێوان بەشەکان. (گریك) توانیی نوسەرو دەرهێنەرو وێنەکێشو مۆسیقی کۆبکاتەوە، ئەو مرۆڤەیە کە لەبارە بۆ بەخزمەت خستنی تیپێکی شانۆیی بۆ یاسای ڕیتمی شانۆیی هەمەكو کارا.

نوسەرانو هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی مایر هۆڵد خاوەن جۆرەها لێهاتنو گەورە ڕۆشنبیرو تازەگەر بوون، ئەوان توانییان بیرۆکەو بەهاو شێوازە هونەرییە هاوچەرخەکان بونیاد بنێن کە وێنەیەکی سەدەی بیستەمیان پێکێشا هەر لەسەرەتایەوە تاکۆتایی. بەڵام مایر هۆڵد بەدیارترین داهێنەرانی بواری شانۆ دادەنرێت، هەر لەویشەوە کاریگەری درێژەی کێشا تاگەیشتە بوارەکانی سینەماو هونەری شێوەکاریو مۆسیقا لەڕێی شستاکۆفیتشەوە "گۆردن گریك" لاوی لێهاتووی شانۆی ئینگلیزی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە توانیی ململانێی شانۆی "مەزهەبی سرووشتی" بکات، هەموو سیفەتە پیشەییەکانی گوردن گریك لەخودی مایر هۆڵد هەبوون، گوردن گریك لەساڵی 1935دا سەردانی ڕوسیای کرد، ئاگادار بوو کە دەرهێنەرەکان تا چ ئەندازەیەك لەلایەن جەماوەرو ڕەخنەگران، کارمەندانی شانۆوە ڕێزیان لێدەگیرا، ئەوان بەشێوەیەکی تایبەتی ستانسلافیسکیو دانتشینکۆو تایرۆفو هەمووشیان مایر هولڵدیان خۆش دەویستو ڕێزیان لێ دەگرت.

گریك هەروەك "هانتلی کارتەر" ئاکارە کەسێتییەکانی مایر هۆڵدی زۆر بەرز دەنرخاند. لەو

بارەیـەوە دەڵێـت: "ئـەو سـاتانەی کـە لـەماڵی مـایر هۆڵدا بەسەرم بـردن، بـەدەربون لەشـكلیات، بـەڵكو لەگەڵ کەسـێتیەیەکی شـانۆدا بەسـەرم بـردن" گریـك جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە، مـایر هۆڵـد بریتیەیـە لـە ئەزمونگـەرێکی نـاوازەو بەزێنـەری لوتکەکان، ئەو کەسێکە کـە وەسـتان نازانێـتو هـەر ساڵەی بەرەو پێگەیەکی بـەرزتر دەبێـتەوە، گـۆردن گریـك بەتایبـەتی بایـەخی بـە مـایر هۆڵـد دەداو دۆستایەتیـشیان لـەئاكامی ڕێكەوتـەوە نـەبووە، بەڵگـەش ئەوەیـە کـە خـۆی لـەبارەی مـایر هۆڵـدەوە دڵێـت: "لـەبارەی کاروانـە ڕێـی داهێنانیـەوە بخوێننەوە، ئەوسا دەزانن کە پێگـەی زیهـنی ئـازادی ئەو تا چ پلەو پایەیەك بەرز بۆتەوە، دەزانن کە چەند سەیرە ئاکاری ئەو لەدەسگرتن بەرێسا پێشینەکان بەکۆنو تازەیانەوە".

لـەئاكامی ئـەو مـۆرك‌و گۆشـەنیگا گەورەیـەدا کـە هەریـەك لـە مـایر هۆڵـدو ڕوسـیا لای گریـك بـەجێیان هێشت بزانین لەو بارەیـەوە چـی دەڵێـت: "دەخـوازم جـارێکی دی سـەردانی ڕوسـیا بكەمـەوە، لـەپێناوی بینـینی هـەموو ئیـشەکانی مـایر هۆڵدا، چـونکە ئـەو ئیشەکە کەمانەی کە من بینمن، بەڕاستی سـەرنجیان ڕاکێشامو نەشمتوانی وەك پێویست بڕوانمـە شـێوازی ئیش کردنـیو دواتـریش بۆچـوونێکم سـەبارەتی لـەلا بەرجەسـتە نـەبوو، بۆیـە ئەگـەر جـارێکی دی ڕێـم بكەوێتـەوە مۆسـكۆ، بێگومـان خـۆم بەیـەکێك لەکورسیەکانی شـانۆکەیەوە دەبەسـتمەوە، تـاکو بـۆ مـاوەی چـەند هەفتەیـەك بەوپـەڕی پەرۆشـیەیەوە بڕوانمە مەشق‌و پرۆڤەو نمایشەکانی. هەر ئەو کاتەش دەتوانم تەرکیز بكەمە سەر ئیشەکانیو ئەوکات ناچار نـابم بەسـەردانی 20 شـانۆی دیکـە، بـەڵكو دەتـوانم وەك پێویست بەدوادا چوونو وانەکردن بۆ ئیشەکانی بكەمو بەجوانی لەم بلیمەتەی شانۆ تێبگەم.

هاوکات لەگـەڵ بـوونی "گـۆردن گریـك" لەمۆسـكۆدا، دەرهێنـەری زێـدە بـەناوبانگی سـویدی "ئـلـف شوبیبرگ" (1903-1982)یش سەردانی مۆسكۆی دەکـرد، نـاوبراو لەسـاڵی 1929 کرایـە دەرهێنـەری شـانۆی پاشـایەتیو توانـا پیـشەییەکانی زۆری لەبارەوە وتـراوە، بەتایبـەتی لـەئیش کردنـی لەسـەر نوسەرە بەناوبانگەکانی وەك شەکسپیرو سـترنبێرگو لۆرکاو برێخت.

دواتـریش ئیـشی کـرد لەسـەر دەرهێنـانی دەقـی چـەندەها شـانۆ نوسـی هاوچـەرخی وەك سـارتەرو یۆنسكۆو... هتد.

لەساڵی 1935دا دەگاتە مۆسـكۆو چـاوی دەکـەوێت بە مـایر هۆڵـدو ستانسلافسكیو گریـك دوای بینـینی نمایش دەقـی "شـالیر"یـش کـە "میخـۆالیس" ڕۆڵـی سـەرەکیی دەبـینی، هەرسـێکیان لەگـەڵ گریکـدا ئێوارە کۆڕێـك دەبەسـتنو لـەکاتی سـەردانی "ئـەلف شـوبیبرغ"یـشدا ئەمـەی دوایـی دیـدارێك لەتـەك مـایر هۆڵدا سازدەکاتو لەو بارەشەوە دەڵێت: "بەو جۆرە لەیەکێك لەئێوارەکاندا دیداری مایر هۆڵدم بۆ ڕەخسا. دوای نمایـشی " غـادة الكامیلیـا" کـة سـەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا خۆمان بەیەکتری ناساند، ئەو نمایـشەش دەربڕینێـك بـوو لەتـەبایی لـەباری نێـوان ڕوناکیو ڕەنگو هەروەها ڕیتمو جەسـتە مرۆیـەکان، لەگەڵ کـەمێك لەتوڕەیـدا، هـەموو شـتەکان بەوێنـەی وردەکـاریی "انـضاط"ی سـەربازی جێبـەجێ کـرا بـوونو یاریـدەدەرانی مـایر هۆڵـد هەڵـسا بـوون بەبەداواچوونو تۆمارکردنی کاتی پێویست بۆ هـەموو هەنگاو یاخود دیمـەنێکی ڕۆیـشتن. دوای هـەموو ئـەو پرۆڤـە گرنگانـە مـنو گریـك زۆر سەرسـام بـووین بـەمیتۆدی مـایر هۆڵـد لەدەرهێنانـدا... هەرچـەندە تاڕادەیەك گرانو دژوارو دەوڵەمەندیش بوو.

دوای نمایـشەکەش مـایر هۆڵـد لـەنێو ئـاپۆرای جـەماوەرەوە بەگـەرمی پێـشوازیی لێ کـردین. پێدەچـوو شـێوەی مـایر هۆڵـد لای "شـوبیێرگ" چەشـنی باڵندەیـەکی دەنـوك گـەورەبێت کـە لەزەردەخەنەیەکی ڕاستگۆیانەدا مەلـە بكات. بـەڵام

کاتێــك شـــویبێرگ ســـەبارەت بەڕاســـتی بـــاس‌و خواسەکان لەمەڕ نمایشەکەوە کە گوایـە "واقیعیـەتی سۆشیالیستی بێت"(و)، مایر هۆڵد بـەدەنگێکی بـەرز وتی: "ئەکتەرەکان بەپێی خواسـتی مـن ڕۆڵـەکانیان دەبیــنین، ئەگــەر لەهــەموو جیهانیــشدا بــەو جــۆرە دەنگی داوەتەوە، باوابێت‌و هیچ زیانێکی نییە!!
دەکرێـت "نـوریس هورتـون"ی دامەزرێنـەری یـەکێك لەشانۆکانی نیویۆرك بەیەکێك لەئاشناکانی مایر هۆڵـد لەقەڵەم بدەین. ناوبراو لـەکاتی قسەکردنیدا لەگـەڵ "لی سیمۆنسون"ی هاوڕێیـدا دەڵێـت: "مـن مـاوەی 21 ڕۆژ لەمۆسـکۆدا مامـەوەو نەمـدیت نمایـشێك دوبارە بکرێتەوە، ئەوەی نمایش دەکرا نوێ بوو".
ئەگەر هۆتۆن هـەموو شـەوانی لـەبینینی نمایـشەکاندا بەسـەر ببردایـە، ئـەوا بـەرۆژ دەیڕوانییـە پرۆڤـەی ئەکتـەرەکان، ئـەو بـەر لـەوەی بگاتــە مۆسـکۆ سەرگەرمی فێر بوونی زمانی ڕوسی بـوو، بـۆ ئـەوەی لەهــەموو ئـەو شـتانە تێبگـات کـەدەوترێن. هۆتـۆن "غـادة الکامیلیـا"ی وەك یەکـەمین نمـایش بـینی کـە لەمیانەی ڤیستڤاڵی جیهانیـدا پێشکەش کـرا. بـەڵام ئـەوەی کـە زیـاتر لـەناخی هۆتۆنـدا تۆمـار بـوو، ئـەو ئێوارەیە بوو کە لەشانۆی مـایر هۆڵـدا بەسـەری بـرد. هۆتـۆن وەسـفی مـایر هۆڵـد بەپێـشەوای شـانۆی شۆڕشگێڕی دەکات‌و ناوی ئەو دەرهێنەرە پەیوەست دەکـات بەشـێوە "تـصمیم"ە سـەیرەکان لەنمایـشە شانۆییەکانیدا پڕاو پڕیش بەتەختەی شانۆکەوە کە بڕێك پەیـژەو سـەکۆو لێـژاییو تەختـەی ڕووت لـەخۆ دەگرن.هۆتـۆن زۆر بـەوردی دەیڕوانیـە بـەکارهێنانی ئەو شتانەو چۆنێتیی تەعبیرەکانیان.
شانۆی مایر هۆڵد سەرنجێکی گـەورەی لای (هۆتـۆن) بــەجێ هێــشت. دیارنــەمانی ژانــرە تەقلیدیــەکان لەجێبەجێ کردنی شـانۆییەکاندا زۆر سـەرنج ڕاکـێش دەردەکەوتن، لەوانەش شێوازی چارەسـەری هـەردوو ژانری ڕوناکیو مۆسـیقا لـەدەقی "غـادة الکامیلیـا"دا ئەوەی لـەو نمایـشەدا سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێنا بەپێی ڕاکانی هۆتۆن، بریتی بوو لەدیاری کردنی ئەو شانۆییەو نمایش کردنی لەسەر ئەو شانۆیە.
هۆتـۆن لەهـــەمان کاتیــشدا ســاتە جوانــەکان لــەو نمایشەی مایر هۆڵدا باس دەکات‌و باس لەوە دەکـات کە چۆن‌و بەچ شێوەیەك مایر هۆڵد توانیویەتی بگاتـە هــەموو ئــەو حاڵەتانــە. بۆیــە هۆتــۆن بڕیاریــدا کــە بەردەوام بێت لەدیراسەکردنی ئیشەکانی مایر هۆڵد.

## ژیان لە پێناو شانۆدا

نمایشە شانۆییەکانی مایر هۆڵـد سـەرنجێکی گـەورەو پـــۆزەتیڤی لای "هۆتـــۆن" بەجێهێـــشت‌و لـــەو بارەیەشـەوە دەڵێـت: "مـن هەڵدەلـەرزیم‌و تـاقولایی نـاخم کـاری تـێ کـرد بـووم، ئـەم شـانۆیە بریتییـە لـــەخودی ژیـــان". هەرچـــی، سیمبۆنـــسۆنی دەرهێنەریـشە کــە لەســاڵی 1925دا بــۆ مــاوەی هەفتەیــەك‌و هــەروەها لەســاڵی 1932یــشدا بــۆ هەفتەیـەکی دی نمایـشی دەبـینی. دواتـر بـۆ مـاوەی ڕۆژێـــك پـــشووی دەدا. چـــونکە شـــانۆی ڕوســـی سەرنجێکی گەورەی لەلاپێکهێنا بوو نـەدەکرا لەگـەڵ ئـەو سـەرنجانەدا بـەراورد بکرێـت کـە نمایـشەکانی پێشتر دروستیان کرد بوو.
لـــەماوەی نێـــوان ســـاڵەکانی 1933و 1935دا، "ئەنــدرێ فــان جیــسهم"ی تــۆژەرەوەی نــاوداری بەریتانی چوار جار سەردانی یـەکێتی سـۆڤێتی کـرد. دوا سـەردانی نـاوبراو دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی 1935 لــەو ماوەیــەدا کەوتــە کۆکردنــەوەی سەرچــاوەو کەرەستەی تایبەت بۆ کتێبەکەی "شـانۆ لەیـەکێتیی سۆڤێتدا"، لەو کتێبەدا ئامـاژە دەکـات کـە: "یەکـەم کاردانەوەمان بریتی بـوو لەسەرسـام بـوون، مـن پـێم وایە زۆرینەی گەشتیارە بیانیـەکان دوچـاری هـەمان سەرسـام بـوون هـاتبوون لەشـانۆکەی مـایر هۆڵـدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ مێـژووی شـانۆدا ئاشـنا ئەبوون‌و تیۆرەکانی مایر هۆڵدیان نەخوێندبویـەوە". بــەبینینی هــەردوو نمایــشی "الـسمح ذو القـرنین"و

"الغابة"و هەروەها بەئامادەبوونی لەپرۆڤەکانی "غادة الكاميليا"، (ئەندرێ فان جيسهم) باس لەو کەش‌و هەوايەی دەورو بەری ماير هۆڵد دەکات لەشانۆی "تيم"دا: "ژمارەيەك لەدەرهێنەرو تۆژەرەوەکان لەژاپۆن‌و ئەمریکاو چیکوسلۆڤاکیاو چەندەها وڵاتی دیکە کۆبووبوون، ئەوانەی کە بۆ ماوەی چەند مانگێك سەرگەرمی ڕاڤەکردنی شانۆی ڕووسی بوون: "ژاپۆن‌و ئەڵمانیاو ئەمریکاو بەریتانیا—بەڕاستی ئەوە بیرۆکەيەکی جوانە، کە چوار وڵات لەژێر چاودێریی سەرکردەيەکی دياری کراودا هاوکاری بکەن کە پاڵنەر بووە بۆ ورووژاندنی دیالۆگێك لەبارەی شانۆوە. لەدەمەو دەمی گەيشتنی ئەواندا ئێمە زانياریی بەهادارمان سەبارەت بەئيش کردن لەشانۆدا کۆکردبوويەوە.

"هارۆلد کلورمان"ی ئەکتەرو ڕەخنەگری ئەمریکی هەريەك لەستانسلافسکی‌و ماير هۆڵد بەدوو کەسی زۆر جدی‌و دڵسۆز دادەنێت لەگەڵ شانۆکاراندا کە لەئاستێکی باڵادا کاردەکەن.

بەو جۆرە، هەر کەس سەردانی مۆسکۆی بکردايە دەيتوانی بەديداری ماير هۆڵد شاد بێت بەخۆی‌و شانۆکەی‌و ئيشە هونەرييەکانيشيەوە. بەڵام پێ دەچێت جەماوەری ئەوروپی لەلايەنی کرداریيەوە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ماير هۆڵدەوە نەزانن.

ڕەنگە بينەری خۆرئاوايی بۆ يەکەمين جار يەکێك لەئيشەکانی ماير هۆڵديان بينيبێ کە بريتی بوو لە باڵێی "بينرانيللا" کە لەميانەی وەرزی هەشتەمی ساڵی 1913دا نمايش کرا. (بالی)کەش هی دياجوليفسکی بوو کە لە "ئەنفۆنتسيۆی شانۆی "شاتڵێی فەرەنسی لە "ئەدارۆبنشتين"ەوە وەرگيرا بوو. ديکۆرەکان لەلايەن "ل باکست"ی وێنەکێشەوە دارێژرا بوو، هەروەها ل.م.م فۆکين ديمەنەکانی (بالی)يەکەی دەرهێنابوو، جێبەجێ کەرەکانی ديکەيش بريتی بوون لەئەکتەرە فەرەنسيەکان. هەموو خەڵکی پاريس ئەو نمايشەيان بينی‌و سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. لەو گەشتەشدا ماير هۆڵد هەريەك لە "ئەپۆلينێرو مالرۆو چەندەها ناوداری ديکەی بواری هونەريی فەرەنسای ناسی لەپاريسدا. هەرچی وێنەکێش "کيرويللی"شە، ئەوا لەساڵی 1913دا باشترين تابلۆکانی کێشا.

لەساڵی 1930 بواری ناسينی کارەکانی ماير هۆڵد بۆ بينەری ئەوروپی ڕەخسا، ئەو کاتەی کە بواريان پێدا لەئەوروپادا شانۆييەکانی نمايش بکا.

گەشتەکانی ديکەيشی بەلای ماير هۆڵدەوە بريتی بوو لەدەلاقەيەك لەو ئابڵووقەيەی کەخرا بووە سەر شانۆکەی لەکۆتايی بيستەکاندا. بەڵام بەدواداچووون‌و چاودێريی ئاشکرای پياوان‌و سەرکردەکانی حيزب‌و ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی کران. ناچاريان کرد کە بەزويی لەگەشتەکەی بگەڕێتەوە. ماير هۆڵد لەو بارەيەوە بە "ب ئەنينکۆڤ"ی دەرهێنەرو تۆژەرەوەی سۆڤێتی دەڵێت: "ئەوان چۆنيان بوێت دواتر بەو جۆرە پۆلێنم دەکەن".

گەشتەکانی ماير هۆڵد لەپاريسدا ئاواتەکانی ماير هۆڵدی نەهێنايەدی، گەرچی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی حيسابی خۆی بۆ بکەن، وەك سەرکەوتنی هەر دەرهێنەرێکی سۆڤێتی لەخۆرئاوادا، دەکرا ببێتە مايەی وەستاندنی ئاستەکانی ئامێری ئيرهابی ستالينی کە لەو زەمەنەدا بێبەزييانە بەرز دەبوويەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەشتەکان نەمرييەکی جيهانييان بۆ ماير هۆڵد دابين کردو ڕۆڵی ئەويان ڕوون کردەوە وەك نوێخوازێك لەشانۆی سەدەی بيستەمدا. لەو بارەيەشەوە "ئەندرێ ئەنتوان" سەبارەت بەشانۆيی "المفتش"ی ماير هۆڵد دەنوسێت: "پێش ئەم نمايشە نەدەکرا لەمۆسکۆدا باس لەمافی دەرهێنەر بکرێت لەئەنجامدانی گۆڕانکاری لەبابەتی کارەکتەر ياخود ناوەڕۆکی ئيشی هونەری، ياخود گۆڕين‌و دەستکاری کردنی ئەو

دەقەی کە بۆی ئامادە کراوە، وەك ئەمڕۆ کاری لەو جۆرە ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە تیۆرە لەشانۆ سرووشتی‌یەکانی ئەمڕۆماندا بڵاوبۆتەوەو ئاستێك لەئامادەباشیی بۆ داکۆکی کردن لەلامان دروست کردووە، بەهەرحاڵ، سوپاس بۆ مایر هۆڵد کە لەخەمخۆری ئێمەی گێڕایەوە بۆ ئەم ئاستە باڵایە". هەروەها "ش-دیولین" دەڵێت: "شتێکی هەڵەدەبێت ئەگەر لەپێگەی نرخاندنی تەقلیدیی بۆ دەرهێنەرەکانەوە حوکم بەسەر مایر هۆڵدا بدەین. چونکە بەڕاستی مایر هۆڵد هەردەم یەکێك بووە لەقوربانییەکانی ئەمجۆرە حوکم بەسەردا دانە. مایر هۆڵد بریتی‌یە لەداهێنەری شکڵەکان و شاعیری شانۆ، کە خاوەنی زمانی تایبەتی شانۆیە، زمانی ئاماژەکانو ڕیتمەکان کە مایر هۆڵد بۆ تەعبیرکردن لەبیرو بۆچوونەکانی خولڦاندویەتی، چونکە مایر هۆڵد لەڕێی فیکرە ناوخۆییەکەی ئیشە هونەرییەکانیەوە شێوازو فاکتەرە تەعبیریەکانی خۆی دادەڕشتو دەچووە ناخی شتەکانەوە".

"مارگری هۆڤەر" لەساڵی 1974و لەکتێبەکیدا بەناوی "مایر هۆڵدو شانۆی هۆشیاری" دەنوسێتو دەڵێت: " ئەو شتە نوێیانەی کە مایر هۆڵد هێنانی،



مایرهۆڵدو ئەکتەرێك لەکاتی پرۆڤەی شانۆییدا

بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێتی‌دا، چ لە سیاسەتو چ لەهونەردا، ئاسەواری خۆیان لەسەر هونەری خۆرئاوا بەجێ هێشت، هەرچەندە مایر هۆڵد هەڵنەسا بەهیچ نمایشێکی شانۆیی لەئەمریکا وەك ئەوەی ستانسلافسکی یاخود وەك نموونەیەك بۆ نمایشەکانی ستانسلافسکی لەشانۆی هونەریی مۆسکۆدا، هەروەها کتێبەکەیشی "لەبارەی شانۆوە کە لەساڵی 1913دا بڵاوی کردەوە، وەرنەگێڕراوەتە سەر هیچ زمانێك، بەپێچەوانەی تۆژینەوە زانستی‌یەکەی "ئەلیکزاندەر تاییرۆڤ" سەبارەت بەشانۆ کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی. کارە لەپێشینەکانی مایر هۆڵد کە لەزەمەنی بەر لە شۆڕشدا وەك دەرهێنەرێك لەشانۆکانی ئیمپراتۆریەتدا بەرهەمی هێنا بوون. هیچ کام لەوانە لەدەرەوەی ڕوسیادا نمایش نەکرا بوون. لەکاتێکدا بالێو ئۆپێرایەکی ڕوسی‌ی "سێرجی دیاجیلۆڤ" لەساڵی 1907دا لەپاریس نمایش کرا. مایر هۆڵد هەروەها هەڵنەسا بەباسکردنی ئیشی نوسەرە جیهانییە ناودارەکان وەك ئەوەی ستانسلافیسکی لەگەڵ

(چیخۆف)دا کردی، هەرچەندە مایر هۆڵد بەهەستێکی کەم وێنەوە ماياكۆفسكيی لەسەر شانۆ بەرجەستە کرد، ئەو ئیشەیش بووە هۆی دەستە بەرکردنی هاوکارییەك لەگەڵ "كازيفير ماليفينتش"ی وێنەکێشی ناودارو "دیمیتری شوستا كۆفيتش"ی مۆسیقاری ناودار، بێ گومان ناوداریی مایر هۆڵد لەڕێی چەند دەرهێنەرێکی هاوکاریی خۆیەوە گەیشتە خۆرئاوا -وەك میخائیل فۆکین، ئەلیکزاندەر تایرۆڤ. فیۆدۆر کۆمیسار جیفسکی، یاخود لەڕێی خوێندکارو لاسایی کارەکانی، لەوانەش "سێرجی ئیزنشیتین، نیکۆلای ئۆخلۆبۆکۆف، سێرجی تریتیاکۆڤ، یاخود لەڕێگەی ئەوانەوە کە ڕێزی زۆریان لێ دەگرت، لەوانەش: "یەفگینی فاختانکۆف، یۆری لۆبیمۆڤ، کروتۆفسکی، هەروەك هۆفر باس لەوانە دەکات لەکتێبەکەیدا "مایر هۆڵدو هونەری شانۆی هوشیاری". "أمهيرست 974 لاپەڕە 99.

جێی باسە کە یەکەمین تۆژەرەوەی ڕوسی کە باسی لەبوونی میتۆدی هونەری ئەکتەری لای مایر هۆڵد کردووە. نیکۆلای بسۆتشینسکیە. ئەم تۆژەرەوەیە لە تێزە زانستیەکەیدا باس لە(بایۆمیکانیك) دەکات وەك میتۆدو سیستەمێکی نواندنی دیکە، کە بەهەمان شێوەی سیستەمی ستانسلافسکیو بەپەیوەندیەکی جەدەلی لەگەڵیدا دەتوانرێت کاریگەری هەبێت، ئەو تۆژەرەوەیە کاتێك باس لەسیستەمەکەی مایر هۆڵد دەکات بەمجۆرە دەنوسێت: "تێزێکە، کە دواتر لەزۆرێك لەشانۆییەکاندا بەرجەستە کرا، بۆچونێکی نوێیە بۆ ئەو کارەکتەرەی کە خودی ئەکتەر دەیخولقێنێو هەروەها بۆ ئاوێتەی ڕۆڵی نواندن کە شێوازی ئەدا لەسەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە بینی، پەیوەندیی ئاڵۆزی هونەرمەندو کارەکتەرەکە لەجۆرەها شکڵی لەیەك جیاواز بەرجەستە کرا، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەئاسانەوە-گۆڕانکاری "گواستنەوە" بۆ ئەو شکڵە بنەڕەتییانە، وەك بەکارهێنانی دەمامکەکانی شانۆو، پەیوەندییە دوالیزمەکانی هەموو ئەوانەی لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، (گرۆتیسك)، دەروازەیەکی عاتیفی -گشتگیرو نامۆ بەرەو تەوەرەی کارا لەرۆڵی شانۆیی نوێ، بەڕاستی ئەو ڕەسەن بوو لەتێگەیشتنی مەسەلەی ئەدا لەهونەری نواندندا.

2-شکڵێکی نوێ لەشانۆدا:

لەبەشی تایبەت بە مایر هۆڵد لەکتێبی دوهەمدا بەناوی "شانۆو سینەمای نوێ" کە ساڵی 1924 لەلەندەن دەرکرا، "کارتەر" بەشێوەیەکی ئاسۆییو کورت باس لەحاڵەتی گشتی ئەو ئاراستەیە دەکات لەشانۆدا کە مایر هۆڵد پێشەوایەتیی دەکات. کارتەر ئەو شانۆیە بەشانۆی "شۆڕش" ناودەبات". چەمکی شانۆی چەپڕەو لەسەر هەمان شێوەی دەربڕین لایەنگرانی لای نوسەر تاڕادەیەك بەرتەسك بوو، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەمان شێوازی شانۆی کرێکاران، ئەو شوێنەی کە دەتوانن تیایدا تەعبیر بکەن لەپاڵنەرەکان لەبارەی یەکسانی بەوپەڕی چالاکی، وێڕای تەعبیرکردن لە ڕاوبۆچونو کردەو هەڵچوونە ڕیشەییەکانیان. ئەم بەشەی کتێبەکە بریتیە لەدوو بەشی دیکەی لاوەکی:

1/ئەو شانۆیەی کە موحتەریفەکان پەیڕەوی دەکەن.

2/شانۆی کرێکارانیش کە بەرپەرچی ئیحتراف دەداتەوە.

بەپێی بۆچوونی (کارتەر) هەردوو بەشەکە لەژێر یەك دروشمدا چالاك دەبن کە بریتیە لە: گۆڕینی شانۆ بەرەو داهێنانێکی هونەری بۆ هەموان، نەك لەپێناوی نوخبەیەکی داخراو لەخەڵکی. ئەوان هەوڵ دەدەن کە شانۆ بکەنە: "بزوتنەوەی ئامێرێکی کۆمەڵایەتی گەورە". بەڵام بێتوانان لەرێکەوتن لەسەر چۆنێتیی گەیشتن بەو ئامانجە.

هەموو ئاراستەکانی شانۆی پەیڕەویش بەهەر ئاستێك بێت کاریگەریی شانۆی مایر هۆڵدیان لەسەر بووە.

کارتەر دەڵێت: "مایر هۆڵد کەسێتیی کۆمۆنیستیی هونەرمەند بەرجەستە دەکات. ئەو لەماوەی 25

سالی بەردەوامی لەپەیوەندیی بەشانۆوە بەشۆڕشگێڕی دەمێنێتەوە، مایر هۆڵد بەڕاستی یەکێك بوو لە کەڵەپیاوانی بواری شانۆ کە قۆناغ بەقۆناغ بەشۆڕشگێڕی شانۆی دەگواستەوەو لەکاتی شۆڕشدا ببوویە یەکێك لەبەلشەفییەکان، لەلایەن سپییەکانەوە زیندانی کرا، دواتر بوو بەئەندامی شەرەڤی سوپای سوور، سەرزەنشت کرا لەسەر پەیوەندیەکانی بەئەندامانی شۆڕشی چەواشە، ئەو دەمەی کە وزەو کەرەستەو توانای هەبوو بۆ بەگەڕخستنی ڕێبازەکانی شۆڕش لەئیش کردن‌و کارتێکەریی زۆر لەسەر کردە شانۆییەکان، توانی دوو تا سێ شانۆ بەڕێوە بەرێت.

ئەوەی شیاوە ئەوەیە کە "کارتەر" بایەخێکی زۆری بە "بایۆمیکانیك" دەداو، لەکاتی باسکردنی‌دا لەمیتۆدی مایر هۆڵد بەشێوەیەکی گشتی. نوسەر زیاتر ئەم مەسەلانە دەخاتە ڕوو:

$1$/جۆری ئەکتەرو سیستەمێکی ئەدای نوێ.

$2$/ڕێبازی نوێ لەنواندندا.

$3$/فەزاکانی نمایشە نوێکان.

$4$/چۆنیەتی جێبەجێ کردنی شانۆی نوێ.

وێڕای ئەوەش مەسەلەیەکی دیکەش لەئارادا هەیە کە ئەوەدەمە کەسانێکی زۆر نەیانتوانی بایەخی پێبدەن‌و لای لێ بکەنەوە، (کارتەر) ئەو مەسەلەیە بە "شکلێکی نوێ لەشانۆ" ناودەبات.

کتێبی سێهەمی "هانتلی کارتەر" لەشاری لەندەن‌و لەساڵی 1929دا لەژێر ناونیشانی "ئاراستە نوێکان لەشانۆی ڕوسی‌دا دەرکرا. کارتەر کاتێك لەبارەی مێژووی شانۆی شۆڕگێڕی ڕوسیاوە دەنوسێت، لەزۆر باردا باس‌و خواسی سیاسیی ئاوێتە دەکات. بەشێکی زۆری ئەو کتێبە تەرخان کراوە بۆ وەسفی کەسانی کارا لەبواری شانۆدا، بۆ گۆشەنیگا داهێنانکاری‌و ئیشە جدیەکانیان. کاتێك باس لەهەریەك لە "لۆناتشارسکی" مایر هۆڵد، تایرۆڤ، ستانسلافیسکی، گرانوفسکی دەکات، ئەوا کارتەر تەنها باس لەبیروباوەڕەکانیان ناکات لەئیش کردندا، بەڵکو ئاماژەش دەکات بۆ جیاوازیە سیاسیەکانیان. لەنێوان هەموو ئەو ناوانەشدا باس لە مایر هۆڵد وەك پێشەوایەکی شانۆیی دەکات.

بەپێی ڕای کارتەر، مایر هۆڵد ئەو مرۆڤەیە کە دەکرێت بەبەشێکی ئۆرگانیی دابنێین لەشانۆ، شانۆ دەژی‌و تەنها بیریش لەو دەکاتەوە. ئەو هەمیشە بیر لەسرووشت‌و گرنگیی شانۆ دەکاتەوە. لەپێناوی بەرزکردنەوەی بۆ بەرزترین ئاست خەبات دەکات.

دروشمی مایر هۆڵد بریتی نیە لە "شانۆ لەپێناوی ژیاندا، بەڵکو دروشمی ئەو بریتی‌یە لەژیان لەپێناوی شانۆدا. بەڕاستی ڕوسیا بەختەوەرە بەبوونی کەسێکی وەك مایر هۆڵد، کەسێکی نمونە لەداهێنانی گەورەو دەرهێنەرێکی مەزن.

مایر هۆڵد بەتەواوی مانای وشەکەوە خۆی بەهونەرمەندی گەل دادەنا، ئەو تەنها شانۆیەکی نوێی دانەمەزراند، بەڵکو جەماوەرێکی نوێی شانۆی هێنایە بوون. مایر هۆڵد هەوڵی‌دا کە دوو نەزعە لەشانۆدا یەکبخات: یەکەمیان لەسەرچاوە کلاسیکییەکانی ڕابوردوو، ئەوی دیکەشیان لەهۆشداریی تازە بەرهەم هاتووی خەڵکەوە.

کتێبەکەی (کارتەر) لەبەشێکی تایبەتی‌دا باس لەهەر سێ ئاراستە سیاسییە بنەڕەتیەکانی شانۆ دەکات "چەپڕەوی‌و، میانڕەوی،‌و ڕاستڕەوی". بۆ یەکەمین جاریشە (کارتەر) لەو بەشەدا باس لەمەزهەبی "تایلوری" دەکات‌و وەك چەمکێکی زانستی ڕاڤەی دەکات. هەروەها لەم بەشەدا باس لەنمایشەکانی مایر هۆڵد دەکات، هەر لەشانۆیی "المسخ ذو القرنین" وەتاکو شانۆییەکانی مایاکۆف کاتێکیش باس لەشانۆکانی کۆمەڵەی یەکەم "چەپڕەوی" دەکات، دیار نەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەوێنە کێشە بەتواناکانیش باس دەکاتەوە، چونکە ئەم ئاراستەیە لەشانۆدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە شانۆ بۆ جەماوەر بێت، واتە بۆ کرێکاران‌و سەربازان‌و

دەریاوانـەکانو خوێنـدکاران. بـەو جـۆرەش کـردەی (سـەنتەرگەری) هاتـە ئـاراوە ئـەوەش بوویـە هـۆی سەرهەڵدانی شانۆ مەزنەکانو دەرکەوتنی کەسێتیی دەرهێنەر.

(کارتەر) لەو بڕوایەدا بوو کە شۆڕشگێڕیەتی سـەدەی نوێ لەشانۆی ڕوسیدا دواتر دەگەڕێتـەوە بـۆ تیـۆری پەرەسـەندنی نـوێ، کـە ئـەوەش دەمانگەیەنێتـە هۆشـداریەکی زیـاتر بـەرفراوانو ڕێـکو پێکـی مرۆڤایـەتیو دەمانگەیەنێتـە ئـازادکردنی ڕۆحیـی مرۆڤەکان.

کتێبەکـەی "نـوریس هۆتـۆن"یـش لەسـەر بنـەمای سەرنجە سـەرەتاییەکان نوسـرا لـەژێر نـاوی "پرۆڤـە مۆسـکۆییەکان"، یـەکێك لەناونیـشانە فەرعییـەکانی ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە "سـەدەی زێـڕینی شـانۆی سـۆڤێتی"، ئـەم کتێبـە لەسـاڵی 1936دا لەئـەمریکا دەرکرا، دەکرێت بەیەکێك لەکتێبـە "مبـدئی"یـەکانی دابنێین کە لە سییەکاندا بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە، چـونکە نوسـەر هـەوڵی داوە نـەك وەك چـاودێرێکی دوور، بەڵکو لەگۆشـەنیگای دەرهێنەرێکەوە شانۆی ڕوسی بخاتە ڕوو کە بەشداریی کردبێت لـەژیانی ئـەو شـانۆیەدا. هۆتـۆن وەك پێـشتر باسمـان لێ کـرد، بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ لەمۆسـکۆدا مایـەوە، بۆیـە لەکتێبەکەشـدا تـەنها بـاس لەشـانۆکانی مۆسـکۆ دەکات. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو کردەیەش، (هۆتۆن) لەکاتی ئیش کردندا باس لەتیپە شانۆییەکان دەکات، لـەکاتی ئـیش کردنـی ئەکتـەرەکانو دەرهێنـەر لەمیانـەی مەشـقو پرۆڤەکانـدا هۆتـۆن سـەردانی زۆرینەی شانۆکانی کردو لەگەڵ دیارترین شانۆکاراندا دیمانەی سازداوە. کـە خـۆی بـاس لەسـیانی گـرنگو دیاریـان دەکـات: کـە (ستانسلافـسکی، مـایر هۆڵـد، تایرۆڤ)ن. ئەگەر بەراوردێکیش بکەین لەسەر ڕەوتـی کـارکردنی ئـەو لەگـەڵ (کارتـەردا)، دەتـوانین بڵـێین کارتـەر لەڕواڵـەتی سیاسـیەوە باسـی لەشـانۆی مـایر هۆڵد کردووە، چونکە ئەو خۆیشی لـەژێر کاریگـەریی ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا بووە.

بـەڵام "نـوریس هۆتـۆن" وەك دیاردەیـەکی هونـەری بـاس لەشـانۆی مـایر هۆڵـد دەکـات. کـاتێکیش بـۆ یەکەمین جار سەردانی شانۆکەی مایر هۆڵد دەکات، بیرۆکـەی "بەشـانۆکردنی"ی لەئیـشەکانیدا بـەباش نرخاند. تێگەیشتن لەکردەی بەشانۆکردنی شانۆ وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ مەزهـەبی "ئیهـام" دەبێتـە پێگـەی دەرچوون بۆ (هۆتۆن) لەدەرك پێکردنی شانۆی مـایر هۆڵد. هۆتۆن ئـەو سـاتە وەختانـەی وەبـیر دێتـەوەو دەڵێت: "ناکرێت کە تەنانەت بۆ ماوەی یەك خولـەك، نە لەکاتی نمایشو نە لـەدوای نمایـشدا ئـەوەت لـەبیر بچێت کە تۆ ئامادەی شانۆیەکیت. بێگومـان مـاوەی ئـەوە نـەبوو کـە هـەوڵ بـدرێت بـۆ پێـك هێنـانی وەهمەکانی. چونکە مایر هۆڵد بێگومـان لـەدژی ئـەو حاڵەتە بوو.

## شانۆی سیاسی لە مایر هۆڵدەوە بۆ بەرتۆڵد بریخت

تەکنیکی هونەری لەشـانۆی مـایر هۆڵـدا وەك هۆتـۆن بۆی چووە، بەتەواوەتی لەسەر بنەمای ئاوێتە کردنی جوڵەو وەستانو ڕیتم پێك دێت. لەم شـانۆیەدا جوڵـە زیـاتر جـێی بایەخـە، بۆیـە ئـەو هەمیـشە خوازیـاری ئـەوە بـووە کـە چـۆن پێکـی بهێنێـت. دوای ڕوون بوونـەوەی ڕۆڵـی بنـەڕەتیی جووڵـە لەشـانۆی مـایر هۆڵـد، هۆتـۆن دێـتو بـاس لەشـانۆی "المـسح ذو القرنین" دەکات، وەسفی سینۆگرافیاو جلو بـەرگی ئەکتەرەکان دەکاتو دێتە ئەو قەناعەتەی کە هـەموو فیکرەیەك لەسـەر شـانۆ لـەڕێی جوڵـەوە تـەعبیری لێ دەکرێـتو هـەموو جوڵەیـەکیش بەمەبەسـتی بـەدی هێنانی ئەرکێك نەخشەی بۆ کێشراوە. هۆتۆن کاتێـك بۆ تێگەیشتن لەلایەنەکانی شانۆ ئـەو جـۆرە شـێوازە شـرۆڤە دەکـات، بەشـێوەیەکی وردەکـاری بـاس لەچارەسەری شانۆ دەکات بۆ ڕۆڵە "غرامیەکان" لـەو شانۆییەدا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا جیـاوازیی هەیـە

لەگەڵ ئەوەی کە کاری لەسەر کراوە لە پێچەوانە کردنەوەی ئەو جۆرە ژوانانەدا.
ئەوەی کە بەشێوەیەکی تەقلیدی ڕوویداوە بریتیە لەم بەدوادا هاتنە شانۆییەی لای خوارەوە: عاشقەکە دێتە ژوورەوە، بەزەردە خەنەیەکەوە لەدڵدارەکەی نزیك دەبێتەوەو لەئامێزی دەگرێت، بەڵام مایر هۆڵد کچە پاڵەوانەکە دەخاتە سەر بنکەیەکی لەپلێت دروست کراو، عاشقەکە بەسەر پەیژەکەدا سەردەکەوێت. دواتر بەدەم هاورێکەوە بەردەبێتەوە خوارێ. شرۆڤەکردنی جوڵەو دەلالەتی گرنگی، هۆتۆن دەگەێنێتە دیراسە کردنی ئیشە تیۆرەکانی مایر هۆڵد. ئەو لەوانەکاندا سەبارەت بەبایۆمیکانیك چاودێریی دەکردو دواتریش لەسەر سیستەمی مەشقەکانی "ترینینگ"ی فیزیاویو مۆسیقا بۆ دانراوی دەوەستا.
دواتر "هۆتۆن" بەوردی باس لەبەدوایەکدا هاتنی بایۆمیکانیکی ئەدا دەکات، بەڵام دوای ئەوەی بەوردیو بەدارشتنێکی لەبار باس لەبایۆمیکانیك دەکات... دەچێتە سەر "تایلوری"و تیۆرەکانی ڕوودانی کاردانەوەکان لای "بافلۆف"و بەشێوەیەکی دروست کراو هەوڵدەدات پەیوەستی بکات بەمارکسیزمەوە. لەدەرەنجامیشدا ئاوێتەیەك بەرهەم دێت لەنەخشەو وەسفەکان سەبارەت بەبایۆمیکانیكو بونیادگەریو هێماکاری، لەگەڵ نمونە هێنانەوە لەبارەی شتە نامۆکانی سەبارەت بەمەسەلەی فیۆدۆر کۆمیسار جیفسکی.
هۆتۆن زیرەکیەکی تەواو دەنوێنێت لەوەسف کردنی کەسێتیو ئیشەکانی مایر هۆڵدو داهێنانەکانی قۆناغی پاش شۆرش. لەلایەك وەك شانۆکارێکی شۆرگێرو لەلایەکی دیکەشەوە، وەك هەڵپەرستو کەسێکی ئەرستوکراتی وەسفی دەکات. هۆتۆن دەڵێت مایر هۆڵد لەبەر ئەوەی کە مرۆڤێکی گۆشەگیر بووە نەیتوانیوە ببێتە مژدەدەرێکی جەماوەریو تەنانەت خۆشحاڵیی بەشۆرشی ئۆکتۆبەر جۆرێك بووە لەهەڵپەرستی، بەڵام هۆتۆن مایر هۆڵدی وەك دەجاڵو کەسێکی خۆگونجێنەر وەسف نەکردووە، بەڵکو مایر هۆڵد وەك شاعیرێك یاخود وێنەکێشێك ئیشی لەسەر شانۆکەی کردووە. هۆتۆن دەڵێت: "باس لەگۆشەنیگا سیاسیەکانی ناکەمو ناشڵێم کۆمۆنیستێکی خراپ بوو. بەڵکو تەنها دەخوازم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هونەرەکەی لەهەر کاتو هەر کۆمەڵگەو هەر شوێنێکدا بێت گەشەو نەشو نما دەکات".
لەکۆتایی ئەو بەشەدا کە بۆ مایر هۆڵد تەرخانی کردووە، هۆتۆن دەڵێت: "گومان لەوەدا نیە کە شێوازی ئەو هەمیشە کاریگەر بووە، بەهەرحاڵو مەخابن، خۆ ئەمریکا هونەرمەندێکی وەك مایر هۆڵدی نیە ! ! هۆتۆن هەروەها وەسفی مایر هۆڵد دەکات لەکاتی ئیش کردنیداو باس لەوە دەکات کە چۆن شانۆکەی شرۆڤەدەکرد، چۆن باسی لەهەڵوێستە هونەرییەکان دەکرد، لەگەڵ ئەکتەرەکاندا گفتوگۆی لەسەر شانۆییەکە دەکرد. بێگومان بەدوورو درێژی باس لەرەوتی داهێنانی مایر هۆڵدو ئیشەکانی کراوە لەشانۆکانی کۆمیسارجیفسکیو ئەلیکزاندرینسکی.
هۆتۆن کاتێك باس لەقۆناغی هێماکاریی مایر هۆڵد دەکات. ئەوا بەگەورەیی باس لەرۆڵی هێماکاریی فەرەنسی دەکات کە کاریگەریی هەبووە لەسەر مایر هۆڵد، چونکە مەسەلەی هێماکاریی هونەرمەند وەك هێمایەك بۆ زیهنیەتی شاعیری، مەسەلەیەکی جیهانیە.
* یەکەمین ئەو کتێبانەی کە لەسەرنجە سەرەتاییەکانەوە لەسەر مایر هۆڵدو داهێنانەکانی لەخۆرئاوا نوسراون، لەمیانەی شارەزایی ڕاستەوخۆی نوسەرانیەوە لە ئیشە هونەرەیەکانی ئەو دەرهێنەرە مەزنەوە سەرچاوەیان گرتوە.
هنتلی کارتەر بەپێشەوای زانستی هونەریی شانۆی مایر هۆڵد دادەنرێت، کە پێشتر باسمان لێوەکرد... ئەم ڕەخنەسازو ڕۆژنامەنووسە ئینگلیزە سێ کتێبی

دەرکردووە کە دەتوانین لەمیانەی ناونیشانەکانیانەوە ئەوە بخەینەڕوو کە تاچ ئەندازەیەك خوازیاری ئەوە بووە شتی زۆر سەبارەت بەشانۆی نوێی ڕووسی بزانێت. یەکەمین کتێبی کارتەر کە لەشاری لەندەن دەرچووە بەناونیشانی "نەزعە نوێکانی دراماو هونەر"، تایبەتە بەشرۆڤەکردنی نەزعەنوێکانی جۆرەها شانۆی ئەوروپی. بەشێکی ئەم کتێبە بۆ شانۆی ڕوسی تەرخان کراوە.

کارتەر لەسەردانیدا بۆ شارە گەورەکانی جیهان، وەك ڕەخنەگرێك چاوی بەو هونەرمەندانە کەوتووە کە هەوڵیان داوە بۆ زیاتر کردنی ئاراستەی نوێ بۆ هونەری شانۆو هەوڵیانداوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێ لەنێوان شێوە هونەرییەکانو خودی ژیان.

لەلایەنی کردارییەوە ئەم کتێبە بەیەکەمین هەوڵ دادەنرێت بۆ ناساندنی شانۆی بیانیی هاوچەرخ بەهونەرمەندانو شانۆکارانی ئەمریکاو ئینگلترا، هەروەها هەوڵێك بوو بۆ هاندانی هونەرمەندان بۆ سەردانی کردنی مۆسکۆو شارە ئەوروپیەکان، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان ئەو حاڵەتە ببینن کە کارتەر لەکتێبەکەیدا باسی کردووە. کارتەر بۆیە جەختی لەسەر سەردانی کردنی مۆسکۆ کردۆتەوە، چونکە ئەو دەمە شانۆکانی مۆسکۆ نە لەئەمریکاو نە لەئینگلتەرادا نەناسراو بوون. ئەم کتێبە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر هاتەوە، بەڵام (گۆردون گریك) لەکاتی وەستانی لەدژی تۆمەتەکانی بالمیر لەساڵی 1914دا. لەنامەیەکی درێژدا داکۆکی لە گۆڤاری "ماسك"و "هانتلی کارتەر" دەکات، ئەو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کتێبەی (کارتەر) سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە، چونکە هەڵێکی باش دەخاتە بەردەمی جەماوەری ئینگلیز بۆ ناسینی ئاراستە بوژێنەرەوەکانی شانۆی ئەوروپی... گریك لەو بارەیەوە دەنوسێت: "من ناچارم بڵێم کە لەناڕەزاییتان لەم کتێبە تێناگەم، بەڕاستی ئەو ئەرکەی کارتەر بۆ خۆی دانا، تا ڕادەیەکی زۆر بەدیهێنانی دژوارو ئاڵۆزە، گەڕانی بەردەوامی بەشارەکانی ئەوروپاو کۆکردنەوەی زانیاریەکان وێڕای دژواریی هەلومەرجەکانو کەمیی دارایی، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بڵێین بەڕاستی ئەوە یەکێکە لەقارەمانێتییەکان کە پێشتر لەجیهانی شانۆی ئینگلیزیدا نەمانبیستووە".

شێوازی باسکردنی ڕووداوەکان لەتۆژینەوەی کارتەردا، دواتریش لەباسەکانی ئەم دواییەیدا لەبارەی شانۆوە دووبارە دەبێتەوە. ئەو بەردەوام هەوڵیداوە کە لەنزیکەوە ئاگاداری ئیشە شانۆییەکانو چالاکییە هونەریەکان بێت،و بەوپەڕی بایەخەوە زانیاریە تۆمارکراوەکانی سەبارەت بەگۆڕانکاریەکانی ئەو دەمەی بواری شانۆ کۆکردەوە... بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئەو وڵاتانە دوچاری جەنگی ناوخۆ یاخود ئابلۆوقەو کارەسات دەبوونەوە، گەرچی کارەساتەکە ماڵ وێرانکەر نەبایە، بەڵکو هەر هەستی پێبکردایە.

کارتەر هیچ هاوکاریەکی نەدەکرا، جگە لەوەی کە خۆی کاتێکی خۆشی بەسەر دەبرد لەمومارەسەکردنی پیشەکەیدا. ئەویش وەك گوردن گریك پێی وا بوو کە شانۆ زۆر لەوە گەورەتر بکرێتە سەنتەرێکی بۆشی گاڵتەو گەپ. لەکتێبی دووهەمیدا بەناوی "شانۆو سینەمای نوێ لەڕووسیای سۆڤێتی"دا کە لەلەندەن لەساڵی 1924دا چاپ کرا، کارتەر بایەخێکی زۆر دەدات بەکردەی گەشەسەندنی شانۆی ڕووسی لەدوای ساڵی 1917ەوە. لەو بارەیەوە خۆی وەسفی ئەو حاڵەتانە دەکات کە بەچاوی خۆی بینیونی... ئەوەتا لەبارەی شانۆی ڕوسیی ئەو دەمە دەڵێت: "شانۆیەکی بەهێزو نوێخوازی لەو جۆرە لەهیچ وڵاتێکی دیکەدا سەری هەڵنەداوە، شانۆیەك خاوەنی نەزعەیەکی ئامانجدار بۆ خودی ژیان، شانۆیەکی لەو جۆرە گشتگیر کە بە

جۆرەهــا شــێوە دەبێتــە نوێنــەری بەرژەوەندیــە مرۆڤایەتیـەکان. شـانۆی ڕوسـی بـەڕوونیو بـەهێزو زیـاتر لەهـەر دەزگایـەکی دیکـە لەرووسـیادا تـەعبیر لەزیهنیەتی ڕوسـیو دڵگـەرمی شـۆڕگێڕی ڕاسـتەقینە دەکات. هەوڵەکانی لەپێناوی خوڵقاندنی ڕۆشـنبیریی نـوێو پەیوەنـدیی نـوێی مرۆڤایـەتیو هەلومـەرجی ژیانی نوێو بەرجەستە کردنێکـی نـوێی دیکـەو ئـیش کردندا بەگەڕ دەخات.

کارتـەر پـێی وابـوو ئـەو شـانۆیەی کـە لەمیانەیـەوە تەعبیر لەپاڵنەرە دراماتیکیەیە نوێکان دەکرێت، تازە لەدایك بووە، بەڵام بڕیارە بەرەو گەشەسەندن هەنگاو بنێت، بەرەو هەبوونی لەخۆرئاواو ئەمریکا، لەوێ کـە گۆڕانکاریـە هاوچەشـنەکانی ئـەوەی ڕوسـیا بوونیـان نیە.

(ڕێگــەو دۆزی شــانۆ، هەلومەرجــە مێژووییــەکانی، هەروەها تایبەتمەندێتیـەکانی، ڕەوتـی ڕێکخراوەییو تەکنەلۆژیی نوێکردنـەوەو دابو نەریتـەکان، بایـەخی ڕۆحـی، ئـابووریو کۆمەڵایـەتی) کتێبەکـەی کارتـەر باس لەهەموو ئەو چەمکانە دەکات. ئـەم زانیاریانـەی کارتەر بەرامبەرە لەگەڵ هـەموو ئـەو زانیاریانـەی کـە نوسەرانو ڕەخنەگران نوسیویانە، ئەوانـەی کـە دوای شــۆڕش ســەردانی ڕوســیایان کــردووە، بــەڵام نەیاتوانیوە نەك هەر تێگەیشتن، بـەڵکو نـەیانتوانیوە تەنانەت هەست بەکاکڵەو نـاوەڕۆکی گۆڕانکاریـەکان بکەن لەو وڵاتەو لەشانۆدا. کارتەر دەڵێت: "شـتێکی ڕەوانییە لەو بڕوایەدا بین کە دەبێ کەرەسـتە سـازیی پیشەییمان هەبێت تـاکو بتـوانین لـەم شـانۆ نوێیـەی ڕوســیا تێبگــەین، ئــەم شــانۆیە ڕەنگدانــەوەی گۆڕانکاریـەکانی ڕوسـیاو ژیـانی سـەرجەم مرۆڤەکانـە لەو وڵاتەدا. ڕەخنە دەبێت هـاوڕەوتی گەشەسـەندنی شانۆ بێت، بەپێی بۆچوونی کارتەر، ڕەخنـە دەبێـت بینینی نوێی گۆڕانکاریەکانی ژیان ڕاڤە بکات.

## مایر هۆڵدو شانۆی سیاسی

لـەو سەرچـاوانەی کـە یارمـەتی دەرمـان دەبێـت لەتێگەیـشتن لەکـەلتوری هونـەریی مـایر هۆڵـد لــەخۆرئاوادا، بریتیـیــە لەدیراســەکردنی شــانۆی سیاسی، بەتایبەتی شانۆی (بریختو بیسکاتۆر)، لەو کتێبو بابەتانـەش کـە لەوبارەیـەوە بڵاوکراونەتـەوە، کتێبەکـەی "کـاترین بلـیس ئیتـۆن"ە لـەژێر نـاوی "شـانۆی مـایر هۆڵدو شـانۆی برێخـت" کـە لەلایـەن دەزگـای "گـرین ۆردبلـیس"ەوە لەسـاڵی 1985دا لەچاپ درا، کاترین لەم کتێبەیدا بـاس لـەوە دەکـات کـە شـانۆی برێخـت هەرچـەندە پەیوەندییـەکی زۆری بەشانۆی داستانەوە هەیە کە لەبیستەکاندا لەئەڵمانیا سـەری هەڵدا، بـەڵام گومـان لـەوەدا نیـە کـە برێخـت قەرزاری زۆرێـك لەشـانۆکارانی پـێش خۆیـەتیو مـایر هۆڵـدیش سەرچـاوەی فیکـرو ئیلهامـەکانی خـودی برێختو چەندەها لەئەکتەرانی پێشڕەوان بـووە. لـەو بارەیـەوە بیـسکاتۆر دەڵێـت: "بێگومـان هـەموومان ڕوانیومانەتە ڕوسیاو کاریگەر بووین بەوەی کە لـەوێ ڕوودەدات، بەڵام ئایا بایەخێکی ئـەوتۆ لـەوەدا هەیـە کە باس لەلاسایی کـەرەوەکانی مـایر هۆڵـدو تـایرۆڤ بکەین؟ لەڕاستیدا لەهـەموەو سـەردەمێکدا هەنـدێك شت هەن کە لەبۆشاییدا دەسوڕێنەوە".

دیراسـەکردنی بابـەتی پێـشڕەوی شـانۆی ئـەڵمانی بەشـێویەکی گـشتیو شــانۆی سیاســی بیــسکاتۆر بەتایبەتی، وای لەتۆژەرەوەکان کردووە کە بەردەوام بگەڕێنەوە سەر مایر هۆڵد. هەروەك کاریالی دەبینێ، مـایر هۆڵـد "تازەگـەرێکی مـەزنو دامەزرێنـەری ئـەو شانۆیەیە کە بەشانۆی ئەزمونگـەری نـاوبراوە، بـەڵام هەنـدێك بەهەڵـە دەیخەنـە پـاڵ پێـشینەکانی خـاوەن تیۆرە پاشکەوتەکان لـەبواری شـانۆی بیـسکاتۆردا".

ماریالی پەردە لەسەر بیرو باوەڕە هونەرییەکانی مایر هۆڵـــد هەڵدەداتـــەوەو ئامـــاژە بەمەعریفـــە بەرفراوانــەکانیو تۆژینــەوەکانی دەکــات لــەبارەی سەرچـاوەی دابو نەریتـە میللییـەکان کـە شـێوازی

تایبەتی ئەویان دیاری کردو، بەهۆیەوە لەوڵاتانی دیکەیشدا ناسرا. ماریالی لەکتێبەکەیدا "ئەزمونی بیسکاتۆر"، وەك هاوڕێیەکی برێختو دژێکی سیستەمی هەمەگیری باس لە بیسکاتۆر دەکات، ئەو لەفیکرو



ئاراست گارین لەرۆڵی خلیستاکۆف
ساڵی 1926

سلوکدا وەك ئومەمیەیەك باس لەبیسکاتۆر دەکاتو هەر ئەویش لەنێو شانۆکارانی سەردەمی خۆیدا دەکاتە نوێنەری شانۆی "هەمەگیری" هەروەها "جۆن ویللیت"یش لەکتێبی "شانۆی ئەروین بیسکاتۆردا" کە لەساڵی 1986دا لەچاپ درا، بەشێکی ئاسایی تەرخان دەکات بۆ پەیوەندیەکانی نێوان شانۆی مایر هۆڵدو شانۆی بیسکاتۆر، بەڵام بەشێکی دیکە تایبەت دەکات بۆ ئەزمونەکانی شانۆی بیسکاتۆر لەقۆناغی سۆڤێتی نێوان 1931–1936 لەو بەشەدا باس لەمەسەلەی شانۆی سیاسی دەکات لەنێوان تریتیاکۆڤو مایر هۆڵدو بیسکاتۆر. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەو پەیوەندیە پەرەگرافێکی لاپەڕە 125 لەبارەی بیسکاتۆرەوە دەڵێت: "بیسکاتۆر لەسەر ڕێگەیەکی چەواشەیە، من دەزانم ئەو لە شانۆییەکانیدا باس لەچی دەکات، ئەو هێشتا دەرکی بەمەسەلە بنەڕەتیەکە نەکردووە، ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەتوانێت لەماوەی شەش مانگدا لەشاری بەرلیندا شانۆیەکی شۆڕشگێڕ بهێنێتە بوون. لەپێناوی بەدی هێنانی ئەو خواستەشدا، دەبینین هەولێکی نوێی نمایش ئامادە دەکاتو هەموو هەوڵەکانی لەپێناوی دابین کردنی لایەنی مادیو کەرەستەی پێویستی شانۆکەی بەگەڕدەخات، بەڵام ئەوەش بینینێکی یەکلایەنەیەو دەرهێنەر تیایدا ڕووبەڕووی چەندەها مەسەلەی گرنگی دیکە دەبێتەوە. تەختەی شانۆو شانۆش بەگشتی تەنها بریتیەیە لەو چوار چێوەیەی کە تیایدا دەنگو کردەکانی ئەکتەر بەگەڕدەخرێت، بێگومان بیسکاتۆر نەیتوانی ئەمەیان بکات، بەلای منەوە ئیشەکانی بیسکاتۆر لەو ئیشانە نەبوون کە کار لە جەماوەر بکەنو قەناعەتیان لەلا دروست بکات.

## بونیادگەریو شانۆی مایرهۆڵد

ئەو بوارەی دیکە، کە لەخۆرئاوا بەگشتیو لەئەمریکادا بەتایبەتی تۆژینەوەی لەبارەوە کراوە بریتیەیە لەبونیادگەری. لەشەستەکاندا کە بەدواداچوونو دیراسەکردنی مەسەلەی بونیادگەری لەشانۆی ڕوسیدا لەو پەڕی گەرمی دابووە، کتێبێکی بەهاداری "کامیلاگرای" بەناونیشانی "ئەزمونگەریی مەزن لەهونەریروسی"دا. لەلەندەن لەساڵی 1962دا لەچاپ درا. کامیللا بەشێکی ئەم کتێبەی تایبەت کردووە بە مەسەلەی بونیادگەری. بەتایبەتی تیشکی خستۆتە سەر ئیشەکانی "ل. بۆبۆڤا، ستیبانۆڤا"، نوسەر هەوڵەکانی ئەم دوو شانۆنوسە دەنرخێنێت لەگەشەپێدانی شانۆی مایر هۆڵد. "لەساڵی 1983دا کتێبێکی دیکەش لەبارەی بونیادگەریی ڕوسیەوە دەرچوو دەکرێت ئەو کتێبە بەهەنگاوێکی دیکە دابنرێت لەبارەی تێگەیشتن لەشانۆی بیسکاتۆرەوە. لەو کتێبەدا "کریستینا لۆدیر"ی نوسەر بەداواداچوونێك بۆ ئاراستەی پەرەسەندنی بونیادگەری لەبواری شانۆدا دەکات، هەر لەو پێشنیارەی "ل.ف ی. تاتلین"ەوە کە پێشکەشی مایر هۆڵدی کرد بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دەستەواژەیەك بەم شێوەیەی لای خوارەوە "بونیادنانی دەرفەتێکی ئەفسوناویی سەرسوڕهێنەر پێویست بوو بۆ فیلمی "نافی جاری"، بۆ ئەو

مەبەستەش تاتلین "چاتۆڵی ئالای" کەشتییەکی دروست کرد بەوەش مایر هۆڵدی پەشێو کرد" ئیدی لەوە تێگەیشت کە "چاتۆڵەکە" بەهۆی جەستەو جوڵەی ئەکتەرەکەوە لەسەر شانۆ جێی درەختەکە دەگرێتەوە. بەڵام لەسینەمادا مانایەکی دیکە نادات بەدەستەوە.

ئەم نوسەرە بەشێکی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ "بیستن" بەو ئیعتبارەی کە شێواندنێکی بچووك کراوەو ئامادەیە بۆ لێدوان لەبونیادگەریو بایۆمیکانیك لەئیشەکانی مایر هۆڵدا. هەروەها دەکەوێتە شرۆڤەکردنی ئەوەی کە مایر هۆڵد لەئیشەکانی "المسح ذو القرنین"و "موت تاریکلین"و "هبت الارض"دا پشتی بەبونیادگەری بەستووەو – نوسەر لەو کتێبەدا دەڵێت: "هەولێکی دیکەش لەئارادا هەیە کە دەکرێت لەمیانەیەوە یەکێتیەکی ئەزمونگەری بۆ شێوازە نوێکانی ژیان بەدی بێت لەگەڵ ئەوەی کە لەکەشو هەوای گشتیدا لەگەڵیدا دەگونجێت. واتە لەمیانەی شانۆوە. کریستینا لۆدێر کە باس لەبونیادگەری دەکات لای مایر هۆڵد، چەمکێکی دیاری کراومان دەداتێ لەبارەی بایۆمیکانیکەوە. سیستەمی بایۆمیکانیك لای مایر هۆڵد ئامانجێکە بۆ نەهێشتنو خۆرزگارکردنی لەجوڵە بێسودەکانو هەروەها ئاماژەو شێوازە میکانیکیەکانی تەعبیر کردن لای ئەکتەر، بەم حاڵەتەش شێوازێك لە "تایلورییەت" لەلایەنە تیۆرییەکەیەوە دێتە ئارا. بونیادگەری ئەوە دەخوازێت کە ئەکتەر لەهەمان کاتدا دەبێ ئەندازیاربێت، دەبێ هونەریش لەسەر بنەمای زانستی فەراهەم بێتو ئەکتەریش لەنواندنو ئەدادا هۆشیار بێت.

## مایر هۆڵدو شانۆی پێشڕەو

بایەخی بنەڕەتیی زاراوەی "پێشڕەو" (طلیعی) لەدیاری کردنی خودی زاراوەکەدایە، هەروەك چۆن لە "شۆڕشگێڕی"دا هەمان حاڵەت هەیە. ئەم دو چەمکە بنەڕەتیو چالاکە لەقۆناغی هەردوو شۆڕش 1905–1917دا لای پێشڕەوە شانۆییەکانی ڕوسیا بەرقەرار بووە. (ڕۆبرت ولیامز) لەکتێبەکەیدا "هونەرمەندان لەشۆڕش"دا کە لەواشنتۆن لەساڵی 1976دا لەچاپ درا دەڵێت: "ئەوەی وا لەهونەرمەند دەکات ناسراوو ناوداربێت هەر تەنها نوێگەریو ئینتمای سیاسی نییە، بەقەدەر ئەوەی توانای داهێنانکاریی ئەو کەسەیە لەیەکخستنی هەموو ئەو چەمکانە لەیەك کیاندا کە ئەویش هونەرە. ئەو هونەرەی کە ڕەنگدانەوەی شۆرشگێڕیی خودی سەردەمەکەیە.

پێشڕەوی لەشانۆی ڕوسیادا لەشەستەکانو حەفتاکانو بگرە لەهەشتاکانیشدا سەرنجی زۆرێك لەخەڵکی خۆرئاواو ئەمریکای بەلای خۆیدا ڕاکێشا. هەروەها ئیشی زۆری بۆ تەرخان کرا کە بەشێك لەو ئیشانە باسیان لەنوێگەریی هونەریو شۆڕشگێڕیی ئاراستەی ڕیشەیی هونەری ڕوسی سەدەی بیستەمیان دەکرد، وێرای هەموو ئەو تۆژینەوانەی کە بەچاپ گەێنراون، پێشانگای زۆریش بۆ تابلۆکانی هونەرمەندان، "ك مالیفیتیش"و "ا لیستینسکیو وێنەکێشانی سەدەی بیستەم کرانەوە. ولیامز لەو کتێبەدا بەمەبەستی نمایش کردنی حاڵەتی سەردانو بەرتەسك بوونەوەی پێشڕەوانی هونەری ڕوس، لەبارەی هونەرمەندانی قۆناغی شۆڕش دەنوسێت لەنێوان ساڵەکانی 1905–1925، لەوێوە تیشك دەخاتە سەر سیفەتە پێشەنگییەکانی هونەرمەندانو گۆشەنیگا سیاسیەکانیان. لەم کتێبەدا زاراوەی "ساتەوەخت–اللحظة، هەنوکە" لەلایەن نوسەرەوە بەشێوەیەکی مەجازی بەکاردەهێنرێت. دیارە مەبەستی ئەو لەو قۆناغەیە کە دەکرێت بزاڤی نوێگەریی تێدا ڕوودبات.

ولیامز پێی وایە کەهونەری هاوچەرخ سێ قۆناغی سەرەکی بڕیوە –ستاتیکاو ئایندەگەریو بونیادگەری، هەروەها بەپێی بۆچوونی ئەم نوسەرە، مایر هۆڵد دەبێ سەربەهونەرمەندانی

قۆناغی یەکەم، واتە "ستاتیکا" بێت، کە ئەوە بەنەوەی توێژی مام ناوەندیی کۆمەڵگەی ڕوسی دادەنرێت وێڕای توێژی ڕۆشنبیرە پیشەییەکان. بەڵام ئێمە دەبینین مایر هۆڵد لەم قۆناغەدا زیاتر بەلای پێشڕەویی هونەریدا مەیلدارەو لەسۆراخی هۆکارو شێوازە نوێکاندایە بۆ ئاسان کردنو ئەبستراکت لەهونەری شانۆدا. نوسەر زیاتر ڕۆڵی ئەبستراکت لەهونەری شانۆو زیاتر ڕۆڵی مایر هۆڵد دەخاتە ڕوو، لەگەشەپێدانو پەرەپێدانی بونیادگەریدا. ئەمەو بەپێی بۆچوونی نوسەر هەر ئەو شانۆیەشە کە مایر هۆڵدی ناساند. مایر هۆڵد لەمیانەی ئەو شانۆیەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جوڵەی جەستەو بزاوتی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ لەحیوار گرنگترن. ولیامز پێی وایە شانۆیی "بالا گانتشك" قۆناغی دواتری گەشەسەندنی مایر هۆڵدە وەك دەرهێنەرێك. ئەو دەرهێنەرەی کە جەختی لەسەر بنەمای "ئیکتفای زاتیی شانۆو بایەخی جەماوەر–بینەر کردەوە لەئەدادا، بەئیدراكو کاریگەرییەوە.

لەلایەن مایر هۆڵدەوە ساتەوەختی "نوێگەری لەساڵی 1906دا سەر هەڵدەداتو شانۆیی "بالا گانتشك"یش هێمای ئەو قۆناغەیەتی. نوسەر لەسەرتاوە دەڵێت: دەبینین مایر هۆڵد تێگەیشتنێکی ستاتیکیانەی بۆ شۆڕش هەبووە نەك تێگەیشتنێکی سیاسی. هەرچەندە شرۆڤەو باسو خواسەکانی ئەم کتێبە تاڕادەیەك تەمومژاویو زیاتر لەوەی مێژوویی بێت گشتگیر بوو، بەڵام بەشێوەیەکی دیار خواستو هیواکانی مایر هۆڵدی بۆ وەرگرتنی پێگەی پێشڕەوێتی خستۆتەڕوو.

لەبارەی مەسەلەی –کردەی نوێگەریی ستاتیکایی– نوسەر تۆژینەوەیەکی جدی خستۆتە ڕوو کە لەساڵی 1988دا بڵاوکرایەوە بەناوی: "شۆڕگێڕانی بواری شانۆ مایر هۆڵد، برێخت، فیتکتفیتش.

کرستیناکیبوجینسکایا، تۆژینەوەکەی لەسەر بنەمای دیراسە کردنی هەلومەرجی بۆچوونە شانۆییەکان دادەنێت. بەلای ئەوەوە ناوەڕۆکی شانۆ لەتوانای گەیاندنی فیکرەوە سەر هەڵدەگرێت، کە تێگەیشتنی ئەکتەر لەرۆڵەکەیو ئەداو میکانیزیمی ئەو ڕۆڵەش بەشێك دەبێت لەشانۆییەکە، بەئەندازەیەکی یەکسان، هەروەك هەمان حاڵەت لەکاتی ئەدادا لەگەڵ وشەکان بەرجەستە دەبێ.

## بەشداری بینەر لەئەدایی شانۆیدا قەدەری ئەکتەری نوێیە

"کریستینا کیبۆجینسکایا" پێی وایە کە خوێندنەوەو تێگەیشتن لەجوڵەکان هاوکاریمان دەکات لەپەی بردن بەشێوازی نوێ بۆ ڕوئیامان لەئاستی شانۆی مایر هۆڵدا، بۆیە لەکۆتایی ئەو بەشەدا کە بۆ مایر هۆڵدی تەرخانکردووە دەنوسێت: "مایر هۆڵد بەر لەهەموو شتێك هەوڵیدا شانۆ وەك شێوازێك بۆ گوزارشتکردن لەتێگەیشتنی نوێ بۆ واقیع بەکاربهێنێت بۆیە بایەخی بەبەرپاکردنی دیالیکتیك (جدل) ئەدا کە بەتەبیعەتی حاڵ بۆ خۆی حاڵەتێکی سیاسیيە، بەڵکو ویستی حاڵەتی ئەکشنێکی توندو تیژ بخولقێنێت لەپێناوی دەرخستنی پەرچەکردارەکانی نێو کۆمەڵگە، بەڕادەیەکی کەمتریش ویستی واقع بگۆڕێت، ئەویش لەڕێی ئەو گەشبینیيە شۆڕشگێڕیەی، کە بێگومان لەمیانەی پەی بردن بەپاڵەوانە پۆزەتیڤەکانەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەروەك ئایدۆلۆژیا ئەوداخوازیيەی هەبووە، هەر بۆ ئەو هۆیەش مایر هۆڵد بەزویی کۆتایی هێنا بەقۆناغی ڕاهێنانکاری لەشانۆی سۆڤیەتیدا".

هەروەك لەسەرتاشەوە باسمان لێ کرد، لێدوان لەشانۆی مایر هۆڵد لەقۆناغی یەکەمی مامەڵە لەگەڵ کردنیدا لەخۆرئاوادالەبیستەکانو سیەکاندا، بێگومان مۆرکێکی وەسفی لەخۆگرتبوو. زۆرینەی نوسەرانو ئەو گەورە شانۆکارانەی کە سەردانی مۆسکۆیان کردووە، دواتر گۆشەنیگا تایبەتەکانی خۆیان تۆمارکردووەو سەبارەت بەپەیوەندیو دیدارەکانیان لەگەڵ دەرهێنەرە ڕوسیيەکاندا نوسیویانە، ئەم

تێکەڵ بوونەش یارمەتی دەریان بووە لەتێگەیشتن‌و جیاکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لەفێرگەو ڕێبازەکانی مامەڵەکردن لەتەك شانۆدا کە لەسەدەی زێرینی شانۆ لەروسیادا سەریان هەڵداو گەشەیان کرد. بەڵام ئەم تۆمارانە بەدەربوون لەلێکۆڵینەوەی زانستی‌و ئەکادیمی‌و تیۆری‌و لەزۆر بواردا وەك ڕیپۆرتاژ دەخرانەڕوو. بۆ نمونە گەشەسەندنی خێرای مایر هۆڵد لەشانۆدا یەکێك بووە لە لەمپەرەکان لەرێی لێکۆڵینەوە لەم دەرهێنەرە. چونکە ئەو لەشانۆییەکەوە بۆ یەکێکی دی جۆرەها شێوازی بەکارهێناوەو جۆرەها ئاوێتەی لەشێوازە نوێکان لەنمایشەکاندا بەکاردەهێنا کە زۆر جار دوای نمایشەکان لێکۆڵەرەوەکان دوچاری سەرسوڕمان دەهاتن لەئاستی تێزە نوێکاندا.

دیراسەکردنی کەلەپوورو شانۆی مایر هۆڵدو چەمکی ئەدا لای ئەم کەڵە دەرهێنەرە لەحەفتاکاندا تەواو کرا، واتە لەقۆناغی خوێندنی ئەکادیمی لەزانکۆکانی ئەوروپاو لەسەر دەستی ژمارەیەك لێکۆڵەرەوەی وەك "براون، سیمۆنس، هۆڤر، گۆردون... هتد".

## ئەکتەری ئایندە ( ئەکتەری دوارۆژ )

گەر بخوازین بۆچوونەکانی بەشی یەکەمی ئەو کتێبە لەبارەی ئەزمون‌و بیرۆکەکانی مایر هۆڵدەوە کورت بکەینەوە، ئەوا بێگومان لەوشەی "ئەکتەری دوارۆژ" باشترمان دەست ناکەوێت کە مایر هۆڵد وەك زاراوەیەکی هونەری بەکاری هێناوە بۆ تەعبیرکردن لەو شێوازەی کە لە ئامادەکردن‌و مەشق پێکردنی ئەکتەردا ڕەچاوی کردووە لەبارەی بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکانەوە. دیارە مایر هۆڵد یەکەم کەس بووە کە ئەو تەعبیرە شانۆییەی بەکارهێناوە لەمیانەی "محاضرە"یەکیەوە کە لە 12ی حوزەیرانی ساڵی 1922دا داویەتی، ئەو دەمەی بیری لەئاسۆکانی ئایندەی ئەو ڕێبازە کردەوە کە ئەکتەری مایر هۆڵدی ڕۆڵەکەی دەبینێت. سەرەڕای ئەو بۆشاییەی کە لەئاکامی دژایەتی کردن‌و شاردنەوەی، کەلەپووری مایر هۆڵد کەوتە ڕەوتی بایۆمیکانیك، بەڵام هونەرمەندانی خۆرئاوا، هەر وەك باسمان لێوە کرد، دانەبڕان لەخوێندنەوەو بۆ کردنی ئەو کەلەپوورە هونەرییەی مایر هۆڵد.

لەم بەشەدا ئێمە دەخوازین باس لەمیتۆدی بایۆمیکانیك بکەین هەر لەئەزموونە سەرەتاییەکانی مایر هۆڵدەوە تاکو بەرجەستە بوونی بنەما گشتی‌یەکانی ئەو میتۆدە، هەروەها پەیوەندی نێوان بایۆمیکانیك‌و گرۆتسیك ڕاڤە دەکەین.

مایر هۆڵد میتۆدی مەشق پێکردنی ئەکتەری کە بەبایۆمیکانیك ناوبردووە، لەرێی بەکارهێنانی تەواوی ئەزمونی بەرفراوانی شانۆیی بونیاد ناوە لەهەڵبژاردن‌و ڕاهێنانی مەشقی تایبەت لەسەر بنچینەی زۆرترین سەرچاوەی دینامیکی، وەك: "سیرك، موزیك، هول، بۆکسێن "الملاكمة"، جومناستك، مەشقەکانی سوپا، شانۆی چینی‌و شانۆی کابوکی، وێرای ئەزمونی زۆرترین فێرگە شانۆییە تەقلیدیە دێرینەکان، مایر هۆڵد لەسەر ئەو بنەمایانەو بەر لەشۆڕش توانی ژمارەیەکی زۆر لەمەشقەکان دەستەبەر بکات. بەدابەش کردنی هەر جوڵەو ئاماژە "إيماءة"یەك لەمەشقەکاندا بۆ زنجیرەیەك لەجوڵەی پڕ لەوردەکاری، مایر هۆڵد توانی‌ی بنچینەکانی دەروونناسی ئەمریکی "ولیام جیمس" 1842–1910" بەرجەستە بکات، ئەویش لەرێی ئامادەکردنی ئەکتەر بەوەی کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەست بەتەواوی هەڵچوونەکانی بکات، ئەویش بەهۆی گۆڕانکاریە بەردەوامەکان لەتەوزیف کردنی ماسولکەکانی. دیارە ئەوەش بەلای ئەکتەرەوە ئاسانکاریی کرد لە پەی بردن بەپەیوەندیی نێوان توانا جەستەییەکانی خۆی‌و هەستە ناوەکی‌یەکانی. ئامانجی بایۆمیکانیك بریتی بوو لە ئامادەکردنی ئەکتەری نوێ بەسەرجەم بنەماکانی جوڵەی شانۆیی هەروەها ئاواتی ئەوەی دەخواست کە ئەکتەرەکانی لەوە زیاتر دووربینتربن.

میتۆدی بایۆمیکانیک لەسەر شکڵی پرۆگرامێکی نەمەتی بوو بۆ کەمترین داخوازی ئامادەکاریی ئەکتەری سەردەمی شۆڕش. بەڵام لەبەر لەمپەرەکان لەڕێی ئامادەکاریی ڕاهێنەران‌و هەروەها لەبەردەوامی مایر هۆڵد خۆی واهەستی دەکرد کە بایۆمیکانیکەکەی هێشتا تەواو نەبووە، بەڵام هەر لەخاوەنداریێتی‌ی تایبەتی شانۆی مایر هۆڵدا مایەوە. خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "هێشتا میتۆدەکەمان بەرجەستە نەبووە، بەڵام ئێمە دارِشتنی بنەڕەتیمان لەلا نیەو هەر کاتیش بمانەوێت دەرهێنان بۆ شانۆییەك ئەنجام بدەین، دەتوانین بەئاسانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین. ئەوەش بەپشت بەستن بەمیتۆدێکی دیاری کراوو تەواو مادی.

مایر هۆڵد پێی وابوو کە "ئەکتەری جاران بەپێی چینی دیاری کراو ئەدای نواندنی خۆی دەگونجاند، بەڵام لەئایندەدا دەبێ دورتر بڕوانێت‌و ئەداکانی بەپێی هەلومەرجەکانی بەرهەم هێنان ڕێکبخات. گەرچی ئەکتەر هەنوکە کردەی خۆی لەکۆمەڵگەیەکدا دەنوێنێ کە وەك نەفرینێك ناڕوانێتە ئیشی شانۆیی، وەك جاران ئەم ڕوانیینە هەبووە، بەڵکو وەك پێویستی‌یەکی دڵخۆشکەری ژیان دەڕوانێتە مەسەلەکە. لەم هەلومەرجە میثالی‌یەی ئیشی هونەری‌دا، پڕاو پڕ پێویستی ئەوتۆ دێتە ئارا کە، جۆرێك لەئیدراکی نوێ فەراهەم بێت.

دەتوانین بڵێین وتەکانی مایر هۆڵد تەواو هاو ڕەوت بوو لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیدا، چونکە بنەماکانی (بایۆمیکانیك) لەرۆحی بەرهەم هێناندا ڕاڤەدەکرێت لەسەرەتای بیستەکانداو بەهاوتایی لەگەڵ زانستە بنەڕەتی‌و ژمێریاریەکان. بۆ نمونە وتەکانی مایر هۆڵد لەسەر بنچینەی دەرهاویشتەکانی لێکۆڵینەوە لەبایۆمیکانیك لەبارەی جەستەی مرۆڤەوە هەوڵی‌داوە بۆ پێکهێنانی کەسێتی‌یەك کە لەتوانایدا بێت خوێندنەوەیەك بۆ میکانیزمی بونیادی خودی خۆی بکات، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی میثالی کۆنترۆڵ‌و بەهاوچەرخ بوونی خۆی بسەلمێنێ.

مرۆڤی هاوچەرخ کە لەهەلومەرجی بەئامێرکردندا گوزەر دەکات. ناچار دەبێت کە میکانیزمی ڕەگەزە جوڵێنەرەکانی جەستەی خۆی بەکار بهێنێت. لەمیانەی بایۆمیکانیکیشەوە بنەما بنچینەییەکانی ئەدای شیکاریی وردی هەر جوڵەیەك پێك دێت، وێرای جیاکردنەوەی جوڵەکان بەمەبەستی بەدەست هێنانی تەواوی وردەکاری‌و نمونەیی بۆ "تایلوریەتی" جوڵەی بینەران.

"ئامـاژە یاخود نیشانەی ڕەفزکردن —مانای چەسپاندنی خاڵی سەرەتاو کۆتایی جوڵەو کۆتایی جوڵەکە دەگەیەنێ، واتە وەستان لەدوای هەر جوڵەیەك‌و گواستنەوە بەپێی میتۆدێکی ئەندازەیی". ڕەفز کردنیش لێرەدا واتە گەڕانەوە بۆ دواوە، هەموو جوڵەیەك لەبنەمادا بەگەڕانەوە بۆ دواوەو دواتر هەنگاونان دەست پێدەکات، ئەگەر لە Aەوە بۆ B جوڵەکان دەستی پێکرد، دەبێ بەرەو خاڵێ C بگەڕێینە دواوەو ئەوەش بۆ خۆی یاسایەکی گشتی‌ی جوڵەیە. کاتێك دەخوازین چەکوشێك بووەشێنین، سەرەتا چەکوشەکە بەرزکەینەوەو دواتر دەیوەشێنین بەهەمان شێوە لەڕاکردن‌و بازداندا، بڕوانە جوڵەی ئۆتۆمبێل‌و تفەنگو... هتد.

گەڕانەوە، وەرگێڕانی وشەی "ئۆتگاز" "Otkaz" ڕوسی‌یەو مانای "رەفز" کردن دەگەیەنێ. هەروەك ئاماژەشم پێکرد، گەڕانەوە بۆ دواوە دەچێتە بازنەی یاسا گشتی‌یەکانی جوڵەوە، بەڵام دەبێ ئەکتەر بەوپەڕی هۆشیاریەوە جوڵەکە بنوێنێ، بۆ ئەوەی ڕیتمێکی گونجاو لەگەڵ کۆی جوڵە بەدوایەکدا هاتوەکان بخوڵقێنی‌و لەهەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی کاتێك بۆ بینەر بخوڵقێنێ کە تیایدا ئامادەبێت بۆ بیرکردنەوەو پرسیارکردن. گەڕانەوە بەرەو دوا، یاخود ڕەفزکردن تایبەتمەندێتیەکی‌دیکەی هەیە، ئەویش بریتی‌یە لەئامادەکاریی بۆ جوڵەی هەردولا، ئەکتەرو بینەرو هاوکاریی ئەکتەر دەکات لەپەی بردن بەهاوسەنگیەکی ڕاست بەر لەئەنجامدانی جوڵە،

لەهەمان کاتیشدا ئەکتەر دەتوانێت ئاماژەی جوڵان بدات بەئەکتەرە هاوڕێکەی "بڕوانە جوڵەی مار کاتێك پەلاماری نێچیرەکەی دەدات" وێرای ئەوانەیش، گەڕانەوە بەرەو دوا مۆرکێکی ئیشارەت ئامێز هەڵدەگرێت کە ئەگەری زۆری جوڵەکانی دواتری ئەکتەری لێ دەخوێنرێتەوە، بەپێچەوانەی ئەو جوڵەیەی کە گەڕانەوەی بەرەو دوای نەبووەو بەشێوەیەکی کوتوپڕیش ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە جوڵەیەش هەست کردن بەچاوەڕوانیو ئاماژەو هەژاندن ناوروژێنێت.

کەواتە گەڕانەوە بۆ دواوە پەیوەستە بەجوڵەی دوای خۆیەوە، لەبەر ئەوەی کە هەموو جوڵەکان دەبێ پەیوەست بن بەیەکتریەوە، گەڕانەوە بەرەو دوا بەشێوەیەکی ئۆرگانی ئەو ڕۆڵە دەبینێت. هەرچی کۆتایی جوڵەشە، واتە وەستان، بەزمانی ڕوسی پێی دەوترێت Stoika واتە "ئامانج". بەمانایەکی دی ئەو حاڵەی کە جوڵەکەی تێدا کۆتایی دێتو دەبێت جوڵەیەکی ئاشکراو ڕوون بێتو بەوێنەیەکیش کۆتایی بێت کە ناوەڕۆکو ئامانجەکەی بەبێ ئاڵۆزیو تەمومژ بخاتەڕوو.

کردەی بوونو بەردەوامی جوڵەکەش بەزمانی ڕوسی پێی دەوترێت "پاسیل Pacil"و دەکەوێتە نێوان بەدوادا گەڕانەوەو ئامانج "کۆتایی".

یاسای بنچینەیی بایۆمیکانیکیش لەبارەی جوڵە بەدوایەکدا هاتووەکان لە "گەڕانەوە بۆ دواوەو پاسیلو ئامانج" "ستۆیکا پێك دێت. دیارە لەبەدوایەکدا هاتنی ڕێكو پێكو هارمۆنیکای ڕیتم بەرهەم دێت.

## میکانیزمی شیعریەتی ئەدا

"ئەکتەری نوێ دەبێ چەشنی بزوێنەرێکی میکانیکیی ڕاستەقینە لەسەر تەختەی شانۆ دەربکەوێت". لەم دەستەواژەیەدا دەنگی دامەزراندنی پەیوەندیە ڕاستەوخۆکان دێتەگوێ لەنێوان بایۆمیکانیكو ستاتیکای بەرهەمی هونەری لەلایەكو لەنێوان میکانیزمی ئەدایەکدا کە بەشیعر داڕێژراوەو نەمریی گرتۆتەخۆ لەلایەکی دیکەوە. هەموو ئەمانە لەکەشو هەواکانی سەردەمی مایر هۆڵدا فەراهەم هاتن. بۆیە دوبارە دەکرێنەوە بەم بنەمایەی ئەدا کە بریتییە لە A1+A2N=، لەم هاوکێشەیەشدا A بریتییە لەو ئەکتەرەی کە فیکرەیەکی هەڵگرتووەو ئاماژەو ئەرکی تایبەتی بۆ ئەداکردن پێسپێرراوە، A2 یش ئەکتەری جێبەجێ کەرە کە گۆشەنیگای گشتیی فیکرە A-1 بەرجەستە دەکات.

N یش خودی ئەکتەرەکەیە.

کەواتە ئەکتەر دەبێ مەشق بەجەستەی خۆی بکات، بەمەبەستی پێکهێنانی حاڵەتێکی جەستەیی ئەوتۆ کە بتوانێت لەیەك ساتەوەختا هەموو ئەرکە دەرەکیەکان بەبێ مەرج ئەدا بکات، لەبەر ئەوەی هونەری ئەکتەر خودی شێوە پلاستیکیەکانی فەزای شانۆکەیە، کەواتە ئەکتەر پێویستە لەسەری لێکۆڵینەوە بۆ میکانیزمی جەستەی خۆی بکات، ئەمەش ئەرکێکی گرنگە، چونکە دەرخستنی هەر هێزێك لەوانەش جەستەی زیندوو، دەچێتە ژێر باری یاسا یەکانگیرەکانی میکانیك. شتێکی ئاسایش دەبێت کە پێکهێنانی شکڵە پلاستیکیەکان لەلایەن ئەکتەرەوە لەفەزای شانۆدا دەبێتە خۆپیشاندانێکی بەهێزی جەستەی مرۆڤ.

مایر هۆڵد لەباسێکیدا سەبارەت بە "ئەکتەری ئایندە" یاخود "ئەکتەری دوارۆژ"دا کە "ف فیدۆرۆف" بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: "هەموو حاڵەتە سایکۆلۆژیەکان لەمیانەی کردە فسیۆلۆژیەکانەوە دیاری دەکرێن. بۆیە لەکاتی گەیشتندا بەناسینی سورشتی حاڵەتی زاتیدا ئەکتەر دەتوانێت بگاتە ئەو حاڵەتەی کە هەست بەهەژاندن بکاتو دواتریش ئەو هەژاندنە بۆ بینەران ڕاگوێزێتەوە بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەشداری کردن لەئەداکەدا لەڕێی

ئاوێتە بوونیان لەگەڵ ڕۆڵەكاندا، بەمەش دەوترێت "نواندنی سەرنج ڕاكێش بۆ بینەران". هەر ئەو هەژاندنەشە كە ناوەڕۆكی نواندن پێك دەهێنێت.لەبەداویەكدا هاتنی حاڵەتو هەلومەرجە سروشتیەكاندا ئەو خاڵانەی وروژاندن كە لێوان لێونە لەكۆمەڵێك هەستی دیاری كراو. لەكردەی "پێك هاتنی هەستەكانیشەوە" (نشوء الأحاسیس) كە ئەكتەر بناغەیەكی بەتین بۆ گریمانەكانی دابین دەكات.

## مەشقی بەكارهێنانی تیرو كەوان

لەبەدواداچونی شرۆڤەی تایبەتی یاداشتەكانی یەكێك لەقوتابیەكانی مایر هۆڵد كە "ئیراست گارین"ە، "ئیدوارد براون" بەمجۆرە باس لەیەك لەمەشقەكانی بایۆمیكانیك دەكات كە بریتیە لە "هاویشتنی تیرو كەوان": "ئەكتەر كەوانە خەیاڵیەكە بەدەستی چەپییەوە دەگرێت، بەلادا دەڕواتو دەستی چەپی لەپێش خۆیەوەیەتی، بەدەستی ڕاستیشی ئاماژە بەشكڵی كەوانەكە دەكات. بۆ ئەوەی كەتیرەكە لەكیفە وەهمیەكەی سەر پشتی دەربێنێ جوڵەی دەستی حاڵەتی جەستەی دەگۆڕێت، چونكە ئەو ساتەوەختە سەنتەری قورسایی هەنگاوێك بەرەو دوا دەبێتەوە. بەدەستی یاخود بەهێمای دەستی تیرێك دەردەهێنێتو دەیخاتە بەركەوانەكە. بەوەش جارێكی دی بەهەنگاوێك بۆ پێشەوە هاوسەنگیەكەی نوێ دەبێتەوەو تیرەكەش دەگرێتە نیشانەكە. كەواتە لەسەنتەری قورسایدا گرژ دەبێتەوەو قاچی دێنێتە دواوە، تیرەكە دەردەپەڕێتو پرۆڤەكە بەهاوارێك كۆتایی پێ دەهێنرێت.

بەهۆی ئەم مەشقەوە كە بەمەشقە سەرەتاییەكان دادنرێت ئەكتەری خوێندكار بۆ خۆی شارەزایی لەفەزای شانۆ پەیدا دەكاتو پەی دەبات بەهەست كردن بەكۆنترۆڵی زاتیو خۆی زیاتر لەسەر جوڵەی هاوسەنگی ڕادەهێنێ، ئەوەش تێدەگات كە سادەترین جوڵەی وەك جوڵەی دەستی بۆ نمونە، لەلایەن هەموو جەستەیەوە وەڵامی خۆی دەبێتو ئەو دەمەش مەسەلەی "دژەكردار" یاخود گەڕانەوە بۆ دوا ڕوودەدات.

لەم مەشقەدا "پێش ئیمائە"، ئاماژەی دەستە جوڵاوەكە دوای دەرچوونی تیرەكە بۆ دواوە دەبێت، ئەم مەشقەش بە "زنجیرە جوڵەكان دادنرێت لەنواندندا"و پێك دێت لە:


دیمەنێك لەشانۆیی (المفتیش العام) ساڵی 1926

1-وره بەرزی كە بریتیە لەتێگەیشتنی لۆژیكیی ئەو ئەركەی كە دەرهێنەری دراماكە دایدەنێت، یاخود دەس پێشخەری خودی ئەكتەرەكە دەبێت.

2-پاساودانو لێكۆڵینەوە "التحقـّق" بریتیە لەزنجیرە ڕەنگدانەوەكانی جوڵە "ئاماژە"و دەنگە مەرجدارەكان.

3-دژەكردار كە بریتیە لەهەڵوەشانەوەی ڕەنگدانەوە مەرجیەكان دوای ئەوەی كە لەڕێی دەنگو ئاماژەوە بەرجەستە دەكرێت (چونەسەر زنجیرەیەكی نوێ لەڕووداوە شانۆییەكان).

لەمەوە دەردەکەوێت کە "براون" لەداهێنانە سەرەتاییەکانی مایر هۆڵدا پەی بردوە بەریشەکانی (بایۆمیکانیك). لەو بارەیەشەوە دەنوسێت: "لەسەرەتای ساڵی 1905ەوە کە مایر هۆڵد لەشانۆی ستۆدیۆی مۆسکۆدا بوو بەدەرهێنەر، دەروازەی ئەو بۆ ئەدای نواندن بەشێوەیەکی ئاسایی لەساتەوەختی بەر لەخودی ئەداکەوە لەهەردوو بواری جوڵەو ئاماژەوە دەستی پێ کرد.

ساتەوەختی بەر لەئەدا فاکتەرێکی کارایە بۆ بەهێزکردنی ئەدا بەپانتۆمایمو بێدەنگیو مۆسیقا، کە لەنمایشی "المعلم بۆبۆس"دا گەیشتە لوتکە، بەوەش زیهنیەتی بینەر ئامادە دەبێت بۆ تێگەیشتن لەئامانجە ناوەکییەکانی دەق. "رۆدنتیسکی" پێی وایە کە جەخت کردنەوەی مایر هۆڵد لەسەر ساتەوەختی بەر لەئەدا، بۆ ئەوەهات کە دژایەتی بنەماکانی ستانسلافسکی بکات لەبابەتی "لەژێر دەق"دا.

## گەشە پێدانی داهێنانە کەسێتیەکانی ئەکتەر

بەکردنەوەی "ستۆیۆ"یەك بۆ شانۆکەی لەشەقامی برودینسکی لەشاری (پترسبۆرگ)دا، تواناکان دەرکەوتن بۆ بەکار هێنانی نەریتەکانی کۆمیدیای "دیلارتی"و شێوازەکانی ئەدا لەشانۆکانی خۆرهەڵاتدا. هەر لەو دەمەشدا مایر هۆڵد بنەماکانی میتۆدی تایبەتی بایۆمیکانیکی دارشت. "لیتش" لەکتێبەکەیدا "فیسیۆفۆلد مایر هۆڵد" داهێنانەکانی مایر هۆڵد بۆ ئەکتەر دەکات بەپێنج بەشو بوارەوە:

—گەڕان بەدوای ئەکتەری نوێدا، لەبەر ئەوەی بەپێی تیۆری مایر هۆڵد ئەکتەر داهێنەری سەرەکیە لەسەر شانۆ. بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ئەو گۆشەنیگایەش لەبارەی توندو تیژیی مایر هۆڵد لەگەڵ فێرخوازەکانی "رۆبێرت لیتش" دەڵێت مایر هۆڵد لەساتەوەختی کردەی ئامادەکارییاندا هەمیشە هەوڵەکانی دەنرخاندنو داهێنانە کەسێتیەکانی گەشەپێدەدان.

ئەو ئەفسانەیەی کە لەسیەکاندا دەرکەوتو ئاماژە بەوە دەکات کە مایر هۆڵد هەمیشە "کبت"ی ئەکتەرەکانی خۆی کردووە، بەمەبەستی ئەوە بووە ببێتە پاساوێکی بەرامبەرو تایبەت بۆ هەموو ئەو دەردەسەریو چەوساندنەوانەی کە دوچاری ئەم دەرهێنەرە گەورەیە هاتووە. دیارە ئەم ئەفسانەیەش لەلایەن هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ مایر هۆڵدا ئیشیان کرووە بەرپەرچ دراوەتەوە. جگە لەوەش بەمەبەستی چەسپاندنی هەڵەی ئەوتۆمەتانە "لیتش" باس لەیاداشتەکانی چەند هونەرمەندێکی وەك "گارین"و "ئیلینسکی"و "بلوتشیك"و کەسانی تریش دەکات، هەروەها "یۆری یۆریڤ" نوسیویەتی کە ئەو "هەمیشە بەوپەڕی شکۆداریو سوپاس گوزاریەوە یادی ئیش کردنەکانی لەگەڵ مایر هۆڵدا دەکاتەوە". مایر هۆڵد بەر لەجەنگی جیهانی یەکەمو لەمیانەی شانۆدا بابەتێکی خوێندەوە بەناونیشانی "شانۆی هاوچەرخەوە"، بەپێی بۆچوونی "ن فولوکوف" ئەو بابەتە "سروتێکی ڕاستەقینە بوو بۆ مایر هۆڵد".

بەڕاستی مایر هۆڵد لەهەموو قۆناغە هونەرییەکانیدا مامۆستاو دەرهێنەر بوو. ئەو تێگەیشتن لەنەزعەی داهێانی ئەکتەرو ئامادەکردنی خوێندکارەکانی خەمی سەرەکیی بوو لەژیانیدا.

—لەبارەی شانۆی نێو شانۆ لای مایر هۆڵد، ئەوە پەیوەست بوو بە "پرۆسینیۆم"ەوە. بڕگەی بنەڕەتیی ئەدا لەسەر پرۆسینیۆم لەسیستەمی مایر هۆڵد، لەبنچینەدا بریتییە لە هاوسەنگیو هارمۆنیکای ڕیتمەکانو ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەری موزیکی، هەروەك هەمان حاڵەت هەیە بۆ ڕۆڵ یاخود شانۆییەکە، ئەوەش ڕاستەوخۆ لەتواناکانی ئەکتەردا دەردەکەوێت لە "نواندن"دا،

بۆیە دەبوایە هەموو خوێندکارەکانی بەپلەی یەکەم شارەزاو کارامە بوونایە تیایدا.
لێرەوە گەڕان بەدوای هونەری نوێی نواندندا دەست پێ دەکات، بەیەکسانی لەگەڵ کۆمیدیای "دیلارتی"دا نمونەیەکی پێگەیشتووی سیستەمی مایر هۆڵد پێك دەهێنێ. ئەم دەرهێنەرە هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەرۆحی کۆمیدیای "دیلارتی"یەوە سەرگەرمی نوێکردنەوەی هونەریی ئەکتەر بێت.

## پانتۆمایمو تواناو کارامەیی جوڵەکان

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مایر هۆڵد بەردەوام بایەخو تایبەتمەندێتیەکی تەواوی داوە بەجوڵە. چونکە کاکڵەو ناوەڕۆکی شانۆ بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە "پانتۆمایم–نواندنی بێدەنگ" بەڵکو بەر لە هەمو شتێك بایەخی داوە بەپانتۆمایم، چونکە ئەکتەر لەپانتۆمایمدا لەڕێی جوڵەوە بینەر دەهەژێنێ.
مایر هۆڵد لەسەرەتای بیستەکاندا لەو باوەڕەدا بوو کە بایۆمیکانیك نەك هەر ئەکتەر، بەڵکو مرۆڤی نوێش دەخولقێنێ. چونکە بایۆمیکانیك هەر تەنها کۆمەڵێك مەشق نەبوو، بەڵکو ئەو شتەیە کە بەشێوەیەکی فەلسەفیو سایکۆلۆژیو جەستەیی هەموو ژانرەکانی کارتێکردن گرێ دەدات.

## گرێدانی توانای جەستەیی ئەکتەر بەتوانا زیهنیەکانیەوە

بایۆمیکانیك بەو ئیعتبارەی کە مەشقێکی نمونەیی "ترینیگ، ئەکتەری لەسەر دەرك کردن بەخودی ڕاهێنانەوە پەیوەست کردووە لەهەر سێ بوعدەکەوە، وێرای ڕاهێنانی ئەدای جوڵەکان بەوپەڕی کارامەییو بەتەعبیرێکی ڕوونو ئاشکراو هەروەها بەهارمۆنیکایەکی زۆرەملێوە "الزامی" لەگەڵ ڕیتمو دینامیکیەتی جوڵەکان لەسەر شانۆ. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شتێکی گەورەتر لەمەشقی جەستەیی لەناخی مایر هۆڵد بووە، هەروەك هەندێك لەقوتابیەکانی کە "فالنتین بلوتشیك" باسی لێوەکردوەو بە "ئامێری مەشقی ڕێكو پێکی دەروونیو جەستەیی ئەکتەر" ناوی بردوە هەندێك لەچاودێرانی وەك "ل. لوزوفیك" دەڵێن: "بۆ بایۆمیکانیك دەخوازرێت لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی فسیۆلۆژیی ئەو یاسایانە بکرێت کە وەك هەر زیندەوەرێك لەکاتی ئیش کردنیدا کۆنترۆڵی جەستەی ئەکتەر دەکات. ئەویش لەبەر ئەوەی کە بتوانێت بەکارامەییەکی گەورە هەموو جوڵەو ئاماژەکانی بەرجەستە بکات.
مایر هۆڵد لەتوێژینەوەکانیدا لەڕۆشنایی "تایلۆری"یەتەوە جوڵەی کردوە بەزنجیرەیەك کردەوە. ئەو جوڵەی سەر شانۆی کردووە بەو سێ بەشەوە کە باسمان لێوەکردن "ورەبەرزی، پاساودان، کاردانەوە". پێگەی جوگرافیی ڕوسیا کە کەوتۆتە نێوان ئەوروپاو خۆرهەڵاتەوە، هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ ئەزمونەکانی مایر هۆڵد دەستە بەرکرد، ئەو دەمەی کە توانیی لەشانۆکانی چینو ژاپۆندا لەکۆمیدیای تەقلیدیی "دیلارتی" کارامەیی نواندن بەکاربهێنێت. ئەو بەشتێك لە "پرۆستسینیۆم دەستی پێکرد، هەروەك لەشانۆی ژاپۆنیدا ئەکتەر لەمەودایەکی نزیکەوە لەبینەر ڕۆڵەکەی دەبینیو هەڵدەستێت بەئەنجامدانی سەماو جوڵەو ئاماژەو وەستانەکان، بینەریش دەیتوانی بەجوانی هەموو ئەوانە ببینێت.

## بەشداری پێکردنی یاساکانی هونەری تەشکیلی لەمیکانیزمەکانی شانۆدا

کاریگەریی هێماکاریی "چین"ی لەسەر بایۆمیکانیك سەرەڕای جوڵەو ئاماژەکانی شانۆی خۆرهەڵاتی، مایر هۆڵد بایەخی دەدا بەزمانی ئاسایی شانۆی کلاسیکی "چین"ی. بۆ نمونە شان لەرزاندنی چەند بارە لای ئەکتەر، گریان دەنوێنێ، بەڵام هاتنە

ژوورەوەی پاڵــەوان بەچــرایەکەوە ئامادەیەکــە بــۆ داهاتنی شەو.
لەدیراسـەکردنی شـانۆی ژاپۆنیـدا، لێرەدا مەبەسـت لــەو شــانۆیەیە کــە لــەو کاتــەدا ســەری هەڵــدا کــە "وشەکان هێزی تـەعبیرکردنیان لێ بـڕا"، مـایر هۆڵـد تــەرکیزی خــستە ســەر ئــەوەی کــە ئەکتــەر وێــڕای ئەکتەریی، لەهەمان کاتدا سەماکەرەو ئـەو بێگومـان قوتابیەکانی لەسەر ئەم کارامەییە ڕاهێنا. مـایر هۆڵـد بەر لەهەموو شتێك بایـەخی خـۆی لەسـەر جەسـتەی ئەکتەر خەست کردەوە کە ویستی بیکاتە هاوتایـەکی وشـــە لـــەهێزی شـــیعریدا، نـــەك لەکۆمەڵـــەی "ڕەهاکردنی" چوار پـەلو قـەدو قامـەو سـەردا، لـەو بارەیەشــەوە دەڵێــت: "ئــەو شــانۆیەی لای کــەمی لەسـەر بنـچینەی ژانـرە جەسـتەییەکان پێـك هـات، بێگومان لەپاکیو بێگەردیی خۆی بەمتمانـە دەبێـت، چـونکە هـەر جوڵەیـەك لەگـەڵ نـاوەڕۆکی تایبەتیـدا دەبێتـە هێمایـەك. هـەروەها دەڵێـت: "شـانۆ دەبێـت تـەنها چـاوبخاتە سـەر ئـەو جوڵانـەی کـە بـەخێرایی هێماکانی شیدەکاتەوە، هەرچی پاشماوەکانیشەوە، زیادەن". هونەری نواندن بەئەفسونبازی "الـشعوذة" کاریگەر نەبووە وەك بەسەر شـانۆی ژاپـۆنی داهـات، بەڵکو بەشێوەی سرووشتیی خۆی نمایش کرا. بـەڵام "ڕۆبـرت لیـتش" بـاس لـەوە دەکـات کـە مـایر هۆڵـد لەشــانۆییەکانیدا لەوانــەش شــانۆیی "الــسمح ذو القـرنین" ئـەو دوحاڵەتـەی بەهونـەرێکی ئـەکادیمی نـاوبردووە بـەبێ هـیچ لێ وەرگرتنێـك. چـونکە ئـەو چارەسەری زۆرێك لەکێشەو گرێ گرنگەکانی بـەردەم دەرهێنەرو ئەکتـەری کـردو ڕاسـتیی سـەلماند. وەك کێشەی خـۆش گـوزەران کردنـی میللیـی تەقلیـدی، بەرهەمی نوێ، گرۆتیـك، ڕیـالیزم، کۆمیـدیاو حاڵەتـە دەروونییەکان، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە لەتــەعبیرە بەناوبانگەکــەی "أفیفــر ئەلیــسکیدا" هـاتووە کـە دەڵێـت: "نوانـدن بـەئاوی ژیـان پـاراو دەبێت". لەبەشـەکانی دیکـەی کتێبەکـەدا، "لیـتش" هەندێ لەژانرە دیاری کراوەکـانی بایۆمیکـانیکی وەك "ڕەفزکــردن"—لەباســی تــیر هاویــشتنەکەدا ڕوون کراوەتــەوە —وەســتان، ڕاکــوس، ئامــاژە، هــەموو ئەوانەی بەرەگـەزە گرنگـەکان نـاوبردووە. لـەکردەی تێگەیشتندا لەبایۆمیکانیك. "لیتش" هـەروەها باسـی بایەخدانی مایر هۆڵد دەکات بەمەشقەکانی جەسـتەی ئەکتەر: "چاوەکانی"، "هەردوو دەسـتی"، "ملـی"و هـــەموو ئـــەو قۆناغەنـــەش بەشـــێوەیەکی واقیعـــی بەپێکهاتــە بنەڕەتیــەکانی بایۆمیکـانیکی مـایر هۆڵـد دادەنرێــت. بـــەڵام لیـــتش لـــەو کتێبەیـــدا تـــەواو لەسرووشـتی جوڵـە تێناگـات کـە بـەدڵو نـاوەڕۆکی سیستەمی مایر هۆڵد دادەنرێت.
دەتوانین بڵێین: تەنانەت ئەو ڕاڤەکردنە گشتگیرو پـڕ وردەکاریـەش گۆشـەگیر بـوەو بۆچـوونێکی تـەواوی سـەبارەت بەسیـستەمی مـایر هۆڵـد نەخـستەڕوو. کـــاتێکیش یـــەکێك لەدەرهێنـــەرە هاوچـــەرخەکان کتێبەکـــەی "لیـــتش" دەخوێنێتـــەوە، بێگومـــان ناتوانێت بەتەواوی لـەو کێـشەیە تێبگـات کاتـێ وەك سەرچـاوەیەك بـەکاری دەهێنـێو بتوانـێ بڵێـت: مـن بــەبێ سیــستەمی مــایر هۆڵــد ئــیش دەکــەم بــەلای ئێمەشــەوە دەبــێ وەك کۆمــەڵێك زانیــاری بڕوانینــە (بایۆمیکانیـك) کــە هــەڵگری تــەواوی ســیفەتەکانی سیــستەمێك بێــت. ئــەوەش ئــەوە دەگەیــەنێ کــە دەرهێنــانی شــانۆییەك بەکۆمــەڵێك ئەکتــەری مەشــق پــێکراو بەرۆحیــەتی سیــستەمی ستانسلافــسکی، هـــەرگیز ناکرێـــت بگەینـــە هـــەمان دەرەنجـــامی هاوشـێوەی ئـەوەی مـایر هۆڵـد، هـەروەها ناشـکرێ مایرهۆڵـد وەك دەرهێنـەرێك لـەدەرەوەی سیستەمی بایۆمیکانیکەکەیـــدا بنرخێنرێـــت. بگـــرە بـــوونی سیـستەمێك بـۆ دەرهێنـان لەمیانـەی بۆچـوونێکی تایبەتـــەوە بـــەداهێنان لـــەبواری نواندنـــدا دیـــاری دەکرێت.
بۆ ئەوەی بایۆمیکـانیکیش وەك سیـستەمێك تەماشـا بکەین لەبواری هونەری نواندندا، دەبێ ئەو ڕاسـتییە

بخەینەڕوو کە بایۆمیکانیکیش هەر وەك سیستەمەکەی ستانسلافسکی بەهایەکی دەلالەتیی گشتیی لەخۆگرتووە. هەروەها کۆمەڵێك یاسای دیاری کراوی بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر تەختەی شانۆ لەناواخندایە کە بریتین لەو یاسایانەی لەسەر هەمان شێوازی سیستەمەکانی "ستانسلافسکی"و "مایر هۆڵد"و "گرۆتۆفسکی"و "برێخت" دۆزرایەوە، بەڵام شتێکی دیکەی وەك تایبەتمەندێتی لەئارادایە، دیارە مەبەست لەوەش ئەو شانۆ تایبەتەیە کە لەمیانەی ئەم سیستەمەوە گوزارشتی لێ دەکرێت.

زاراوەی (بایۆمیکانیك) لەبیستەکانەوە لەلایەن مایر هۆڵدەوە بەکار هێنراوە. هیچ گومانیش لەوەدا نیە ئەو سیستەمە نواندنەی کە مایر هۆڵد بەبایۆمیکانیك ناوی بردووە، بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 لەلای ئەو گەڵاڵە بووە، بەڵام لەبیستەکاندا توانرا کۆو چڕ بکرێتەوە.

بایۆمیکانیك وەك زاراوەیەك لای مایر هۆڵد، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی ژانرە داهێنانکاریی‌و تیۆریەکانیی‌دا دەرکەوت، بەتایبەتتیش بونیادگەری. دەشکرێت تەواوی میتۆدی مایر هۆڵد بەمیتۆدێکی بونیادگەری بخەملێنین.

بایۆمیکانیکیش بۆ خۆی بونیادگەرییە لەبواری هونەری ئەکتەرو هەردووکیشیان هێندە پەیوەستن بەیەکتریەوە، کە ناکرێت باس لەبونیادگەری بکەین بێ ئەوەی باس لەبایۆمیکانیك نەکەین.

هونەرمەندانی بونیادگەری داوامان لێ دەکەن کە دەستەبەرداری دیکۆر بین لەشانۆدا کە بۆ خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی کاریگەریەکی ستاتیکیانەی هەیە. مایر هۆڵد زۆر جار وتویەتی: "ئێمە دەمانەوێت باگراوندی شانۆکەمان لەکۆمەڵێك بۆری یاخود دەریا، یان هەر شتێك پێك هاتبێت کە کردەی دەستی مرۆڤی نوێ بێت.

دیکۆری شانۆ گۆڕا بەچەند "تصمیم"ێکی بیناسازیی تایبەت کراو بەکارێکی ئەکتەرە فرەلایەنە گەشەسەندووەکان، وێنەکێشانیش لەگەڵ "تصمیم"و ئەندازیاراندا دوچاری کێشمەکێش هاتن، ڕەنگو تابلۆکانیش گۆڕان بەتەختەو کانزاکانو، لەبریی جلو بەرگی ئاساییو لەبری "بوتافورە" کە بریتیی‌یە لە ئامێرە دەستکردەکانی نواندن. لەشتی ڕاستەقینە ئامێر دروست کراو بەکار هێنران.

فلادیمێر تاتالین "1885–1953" بەدامەزرێنەری ئەو پەیڕەوە دادەنرێت لەروسیادا، گەرچی پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆیشی هەبوو بەشانۆوە، هەرچەندە لەکاتێکی درەنگ وەختا بۆ هەندێ شانۆیی دراماتیکی دیکۆری بەکارهێنا. ئەم شێوازەی (تاتالین) کە لەساڵی 1913دا دەرکەوت، یەکەمین زەمینەی دژ بەشتە کۆنەکانو ئەو "تەصمیم"انەی دیاری کرد کە زادەی گەشەسەندنی قۆناغە نوێکان بوون لەهونەری تەعبیر لێکردندا. بونیادگەری ڕاستەوخۆ دوای "تەکعیبی" دەرکەوت. بەڵام "تەکعیبی" هەرچەندە پێشتر هەبوەو ئەو کاتەی وێنەکان لەسەر ڕووی "تابلۆ کەتانیەکان" دەکێشرانو شکڵە ئەندازەییەکان لەزۆر باردا قەبارەیان لە "کەتانەکە" دەهاتە دەرێ، بەوەش "تصمیم"ەکان لەسەر ڕووی "تابلۆ"کە دەچووە دەرێو ئاوێتەیەك لەوێنەو بیناسازی فەراهەم دەهات.

مایر هۆڵد زۆرباش ئاگاداری جیاوازیە دەلالەت ئامێزەکانی نێوان بونیادگەریو تەکعیبی بوو، بونیادگەری هەروەك مایر هۆڵد لە 1936دا تەعبیری لێ کردووە لەوەڵامی پرسیارەکانی پرۆفیسۆری ئەمریکی "جیلیتا" بریتی بوو لە دژە کاردانەوەی مەزهەبی سرووشت گەرایی. هەروەها یەکێکیش بوو لە فاکتەرەکانی وازهێنانی وێنەکێشان لەسرووشت گەرایی.

"دیارە هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوان بونیادگەری و تەکعیبیی‌دا نیە، چونکە تەکعیبی ڕێبازێکە لەڕێبازەکانی هونەری وێنەکێشان، بەڵام بونیادگەری

لەبیناسازیو شانۆدایە. گەرچی بونیادگەریی بواری بیناسازی هەمان بونیادگەریی بواری شانۆ نیە".
کۆتا وتەی مایر هۆڵد قووڵایی پەیوەندیە مێژوویەکانی بەبونیادگەرییەوە دەردەخات، لەڕاستیشدا (تەکعیبی) تەنها دەیتوانی هەندێك کەرەستەی دیکۆر سازی پێشکەش بەشانۆ بکات، بەڵام بونیادگەری مەزهەبی زانستیی ئۆرگانی پێشکەش بەشانۆ کرد. ئەوەی کە مایر هۆڵدی بەبونیادگەری ناساند، بریتی بوو لە لۆژیکی گەشەسەندنی داهێنانکاری، بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئەوکردە هونەرییانەی کە پێویست بوون بۆ ئەوەی میتۆدی نوێ چاوی بەژیان هەڵبهێنێت. مایر هۆڵد لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ بونیادگەری، ئەرکێکی تەواو پراگماتی دەخاتە بەردەم خۆی کە بریتیيە لە: دەستەبەرکردنی باشترین هۆکارو تواناکان بۆ ئەکتەر. ئەوە بوو بەوپەڕی دەرك پێکردنەوە دیواری پشتەوەی شانۆکەی تا بنچینەکەی هەڵوەشاندەوە، وێرای لابردنی سیمای دەرەکیی شانۆ، بەوەش ئەوپەڕێ ئامادەباشیی خستەڕوو کە هەموو شتێکی شانۆکەی بخاتە ژێر ڕکێفی ئەکتەرەوە. مایر هۆڵد دەڵێت: "هێزی ئەکتەری شۆڕگێڕی بەپەرۆش لەئاستی پەڵە ڕەنگەکاندا دان بەخۆدا ناگریت".
جەخت کردنەوە لەسەر بونیادگەری لای مایر هۆڵد هاوکات بوو لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر بایۆمیکانیك، بۆ ئەو مەبەستەش "لۆبۆڤ بۆبۆڤا" "1924–1889" سەرپەرشتیی کۆمەڵێك هونەرمەندی کرد لەڕاهێنانی دیکۆری شانۆیی "المسح ذو القرنین"داو هەر لەو کارەشەوە هەردوو چەمکی بونیادگەریو بایۆمیکانیك پێکەوە تاقی کرانەوە.
گرنگترین تایبەتمەندیە داهێنانەکانی تەصمیمەکانی (بۆبۆڤا) بریتی بوو لەوەی دەلالەتەکانی دیکۆرەکان —ئەوکات ئەو تەصمیمە بەو "ئامێرە" لێك چوێنرا کە دەبوو ئەکتەر تیایدا بەپێی زەمەنێکی شانۆیی ورد ڕۆڵەکەی ببینێت. لەکاتی بەراوردکردنی "أ. أ غفوزدیف" بۆ دیکۆری شانۆیی "المسح ذو القرنین" لەگەڵ چوار گۆشە لارەکان یاخود بازنەی یاریزانی کرۆپاتیکدا، کە بەلای ئەوەوە هیچ بەهایەکی ستاتیکیی نیە، دیارە ئەو لەوەدا مەبەستی لەوە نەبووە کە بڵێت: "تصمیم"ەکان مەبدەئیو میثالین —شتێکی ئەوتۆیان نەدەگەیاند. کاتێکیش "غفوزدیف" دەڵێت یاریزانی سێرك بەلایەوە گرنگ نیە ئاخۆ کەرەستەکانی جوانن یاخود نا، بەشێوەیەکی تایبەتی مەبەستی لەوە بووە کە دەلالەتی دیکۆرەکانی شانۆیی "المسح ذو القرنین" بخاتەڕوو، کە بەتایبەتی بۆ گەشەپێدانی ئەدای نواندن ئاراستە کراوە. بەمانایەکی تر، ئەدای ئەکتەر دەلالەت دەبەخشێت بەو بونیادەی کە لەسەر شانۆ هەیە، "دیکۆرەکانی بۆبۆڤا کەدواتریش کەس نەیتوانی ئەو ئاستە بگوزەرێنێ، چونکە بەیەکەمین "بزوێنەر" دادەنرێت بەوپەڕی مانای بەرتەسکیو شەکە، ئەوەش تەعبیرێك بوو لەتەعبیرەکانی "غفوزدیف".
ئەمەش ئەو مەغزایە بوو کە بینەرانی ئەوسەردەمە هەرچی زووترە هەستیان پێدەکرد، هەروەك چۆن ئێمەش هەمان هەست دەکەین لەکاتی ڕوانینماندا بۆ نمونەیەکی بچووك کراوەو پێدەچێت چاوەڕێی ئەوە بین کە لەکردە "العملیە"کەدا بەشداریی بکەین. نەك بەمانایەکی مەجازی، بەڵکو بۆ ئەداکە بەشێوەیەکی گشتی. ئەوەش تاڕادەیەك هاووێنەی کەمانچەژەنو پیانۆژەنێکە. چونکە هەریەك لەوانە ئاوازی تایبەتی خۆیان نەك لەگەڵ کەمانو پیانۆکە، بەڵکو بەکەمانو پیانۆکە دەژەنن.
"ی. اکسینۆف" باس دەکاتو دەڵێت: "شانۆ بوو کە یەکەمین توانای دابە بونیادگەری بۆ خستنە ڕووی لایەنە باشەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوانو خۆپیشاندان بەبینەر بەوپەڕی دەرکەوتوویی". بونیادگەری شانۆیەکی توندو تیژ دەخوازێت کەتیایدا

جەستەی ئەکتەر پێگەیەکی گرنگی هەیە "غفوردیف" دەڵێ: "دەستگرتنەوەیەکی زۆر هەیە لەپرۆسەی دەرهێنانو لابردنی تەواوی لایەنە جوانکارییەکان، واتە دابڕانی ڕیشەیی لەژیانی پێشووی شانۆو گۆڕینی بەئەدایەکی نواندنی بونیادنراو لەسەر ئەدای بایۆمیکانیکیی ئەکتەر".
مایر هۆڵدیش لەدەرهێنانی شانۆیی "المسح ذو القرنین"دا بایەخێکی بێوێنەی بەو مەسەلەیەدا، ئەو دەمەی پێی وابوو کە توانیویەتی بەتەواوی بنچینەکانی بونیادگەریی بەتایبەتی لەو شانۆییەدا بەدی هێناوە. دوای چەند ساڵێك لەیەکەمین نمایشی، مایر هۆڵد دەنوسێت: "ئەو شانۆییە پێویست بوو بنەمایەك بۆ ئەدای نواندنێکی نوێو هەلومەرجێکی نوێ فەراهەم بهێنێ، بەدوور لە "کەوالیس"و ئەدای بەش بەشو چوار چێوەدار" مایر هۆڵد پێویست بوو لەسەری بۆ پشتگیری کردنی بیرو باوەڕە نوێکەی، هەموو هێڵەکانی ئاوێتەکە لا بباتو ئەو شێوازە بگەیەنێتە بواری لێکدانەوەکان.
"بەدحاڵی بوونەکان لەبارەی توندو تیژیی شێوازەکە لەو شانۆییەدا ئاشکرا بوو ترسێکی لای ڕەخنەگران سازکرد، لەلایەن بینەرانێکی زۆرەوە بەسەرنجەوە وەرگیران، ئەوەش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە شێوازە لەبواری کاری شانۆییدا یەکێکە لەپێویستییەکان، بەڵکو دەکرێت ڕاشکاوانە بڵێین یەکێك بوو لەپێویستییەکانی ئەو بینەرە نوێیەی کە شانۆ لەلای بووە یەکێك لەدەستکەوتە ڕۆشنبیرییەکانی شۆڕش.
مایر هۆڵد لەپێناوی بەرجەستە کردنی فیکرەکانی خۆی حەزی بەدامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بوو، ئەو هەوڵانەشی لەساڵی 1905ەوە دەست پێکرد ئەو ساڵەی کە ستانسلافسکیو مایر هۆڵد ستۆدیۆکەیان دامەزراند.
هەر ئەوکاتەش، مایر هۆڵد هەستی بەوەکرد کە ڕۆڵی سەرەکی لەشانۆدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەکتەر، گەرچی

مایر هۆڵدو ستانسلافسکی بەشێوازی لەیەك جیاواز لەهونەری ئەکتەر تێگەیشتبوونو بگرە سیستەمی هەریەکەیان جیاواز بوو لەوی دیکەیان، هەر بۆیەشە ستۆدیۆکەیان دەستبەکار نەبوو، چونکە مایر هۆڵد پێی وابوو شکست هێنان هەر لەوەدا نیە کە ئەکتەرەکان ڕۆڵەکانی خۆیان بەناشایستەیی بینیوە، بەقەدەر ئەوەی کێشەکە لەوەدایە کە بەپێی تەکنیکەکانی شانۆی مۆسکۆ پەروەردە کراون، بۆیە مایر هۆڵد پێی وابوو کە ئەو جۆرە تەکنیکانە بەکەڵکی هونەری شانۆی هێماکاری نایەت. زۆر جاریش دووبارە پەروەردە کردنەوە لەخودی پەروەردەکردنی یەکەم دژوارتر دەهات بەدەستەوە. هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە ئەرکە تەکنیکییەکانی ڕێکخستنی دەنگ، "پلاستیکا" ئاسانیی جوڵەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە ئەکتەرەکان قوتابی فێرگەی سایکۆلۆژی بوون، بۆیە دامەزراندنی فێرگەیەکی نوێ تەواوی بیرو باوەڕی مایر هۆڵدی داگیرکرد، گەرچی تا سەرهەڵدانی شۆڕش ئەو خواستەی بۆ بەدی نەهێنرا. مایر هۆڵد لەگەرمەی کارکردنیدا لەشانۆی "ئەلیکزاندریسکی"دا توانیی ستۆدیۆکەی لەشەقامی بۆرۆدینسکیدا. دابمەزرێنێتو هەر لەو دەمەشدا بنەماکانی تەکنیکی نوێی کارامەیی نواندنو هونەری نواندنی چەسپاند. لەو ستۆدیۆیەشدا مەشقەکانی شانۆی تەقلیدیی ئامانجداری، بەوانە دەوترانەوە. بەمەبەستی دەرهێنانو وەرگرتن "استنباط" چەسپاندنی پێکهاتە تەوەریەکانی شانۆ.
ستۆدیۆکەی مایر هۆڵد ئەو دەمە بریتی نەبوو لەفێرگەیەکو هەروەها ئەکتەریشی ئامادە نەکرد، بەڵکو بوو بوویە سەنتەرێکی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوە لەکارامەیی نواندن. بۆیە دەربڕینێکی هەڕەمەکی نابێت گەر بڵێین ئەو ستۆدیۆیە لەبریی ئەکتەر، زیاتری بەدەرهێنەرەکان بەخشی. ئەوانە هەموو کۆمەڵێك تیۆر بوون کە لەمیانەی وانە پراکتیزە

کراوەکانەوە جەختیان لەسەر دەکرایەوە، گەرچی لەخودی شانۆدا تاقینەکرا بوونەوە.

مایر هۆڵد لەسەردەمی سۆڤێتیدا توانیی شانۆی تایبەتی خۆی لەسەر شکڵی مەیدانێکی شانۆیی دابمەزرێنێت، کە تیایدا شانۆکەی بوویە فێرگەیەکی کارامەیی نواندنو ژمارەیەك شانۆیی ئەزمونگەریشی تێدا دەرهێنرا. هەموو شتێك بەهاوسەنگی بەڕێوە دەچوو، مایر هۆڵد بۆ خۆی ئیشی دەرهێنانو فێرکردنو ڕاست کردنەوەی جێبەجێ دەکرد، بۆیە شانۆکەی بوو بووە ئەزمونگەیەکی داهێنان، ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی بڵاودەکردەوە، ئەکتەرەکانیش دەروازەکانی خۆیان بۆ نێو ڕۆڵەکان شرۆڤە دەکرد.

رێساکانی بایۆمیکانیك کە لەبیستەکاندا داڕێژران، دەکرێت ڕیشەکانی لەیەکەمین بابەتی بڵاوکراوەی مایر هۆڵد خۆیدا بەدی دەکرێت کە لەساڵی 1907دا لەژێر ناوی "دەروازەیەك بۆ مێژووی شانۆو تەکنیکی شانۆ" بڵاوی کردەوە، کە تیایدا دیارترینو گرنگترین تایبەتمەندیەکانی تێگەیشتنی مایر هۆڵد سەبارەت بەهونەری نواندن ڕوون کراوەتەوە.

لەو بابەتەدا زاراوەی "شانۆی مەرجی–مەجازی" دەردەکەوێت، کە مایر هۆڵد بۆ خۆی ڕاڤەیەکی بەرفراوانی هاوشێوەی شانۆی دژ بەشانۆی سروشت گەرایی بۆ دەکات کە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ناسراوە. دیارە مەبەست لەوەش ئەو ڕێگەیە نیە کە لەسایەی ڕەوتە مێژووییەکەوە پەی پێبراوە، بەڵکو مەبەست لەوە ئەو سەردەمانەی لێکۆڵینەوەو گەڕانە بەدوای هاوشێوە ژیانییەکان. بەپێی بیرکردنەوەی مایر هۆڵد، دو جۆر لەشانۆ هەیە: یەك لەو شانۆیانە لەگەڕاندایە بەدوای هاوشێوە ژیانیەکانو ئەوی دیکەشیان تەرکیز دەخاتە سەر شانۆو لەڕێی زاراوە مەزجازییەکانەوە تەعبیر لەژیان دەکات.

لەکاتی بەراوردکردنیشدا لەبارودۆخو هەلومەرجی ئەکتەر لەو شانۆیانەدا، مایر هۆڵد ساڵی 1907دا دەگاتە دەرنجامێکی گرنگ، کە بریتییە لەرەت کردنەوەی گۆشەنیگا باوەکانی ئەو سەردەمە، سەبارەت بەجەخت کردنەوەی شانۆی مەرجی لەسەر گرنگیی سەروەریی دەرهێنەر. مایر هۆڵد شانۆ بەسێ گۆشەیەك دەشوبهێنێ، کە دەرهێنەر لەگۆشە باڵاکەیدایە، ئەکتەرو شانۆ نوسیش لەهەردو گۆشەی بنەماکەیدان، ئەمەش حاڵەتێکی پێچەوانەی سێ گۆشەی دەرهێنانە لەشانۆی سروشتیدا کە حیساب بۆ شانۆنووس ناکات. هەروەها لەگۆشەنیگای مایر هۆڵدەوە، ئەرکی شانۆ هەرگیز لەوەدا نییە کە بینەر "متلقی" لەخواستو ئامانجەکانی دەرهێنەر یاخود شانۆ نووس تێبگاتو ئەکتەریش بتوانێت خۆی لەسەر تەختەی شانۆ بسەلمێنێت، بەتایبەتی کە ئەکتەر تاکە هونەرمەندێکە کە داهێنانەکانی لەشانۆییەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت.

زۆر جار ئامانجو نیازەکانی دەرهێنەر کپن، بەلام ئەکتەر هەمیشە بەشێوەیەکی ئاساییو بەبێ "تَصنُع" داهێنانەکانی خۆی پێشکەش بەبینەران دەکات.

مایرهۆڵد هەروەها باس لەوە دەکات ئەکتەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەشانۆداو دەبێ خاوەنی تاکڕەوێتی کارامەییەکانی خۆی بێت کەوای لێدەکات بەهونەرو داهێنانەکانی خۆی ئەو تاکڕەویەتییەی بسەلمێنێت. مایرهۆڵد بەراودرێك دەکات لەنێوان داخوزاییەکانی بۆ ئەکتەرەکانیو لەنێوان شانۆی سروشتیدا کە لاساییکردنەوە بۆ ڕوخسارێکی دی بەیەکێك لەپێویستیەکانی دادەنێت. دیارە هۆکارە سروشتیەکانی وەك : ماکیاژو لاساییکردنەوەی دەنگەکانو...هتد بەکاردەهێنرێت. مایرهۆڵد پێیوایە کە ئەم شێوازە نەك هەرهونەر نییە، بەڵکو بەهەرحاڵێك بێت ناتوانێت بگات بەئامانجی دیاریکراوی، بەو هۆیەی کە ڕوخساری ئەکتەر لەشانۆدا بەردەوام لە گۆڕاندا نییە.

هۆکاری بنەڕەتی تەعبیری
نواندن بەپێی بۆچوونی
مایرهۆڵد بریتی نیە لە: (میمیکا ـ
جوڵاندنی ڕەگە دەمارەکانی
دەموچاوی)بەڵکو بریتیە
لە(پلاستیك ـ ئاسانیی جوڵەکان)
هەربۆیەش جوڵە هەردەم
ژانرێکی سە ڕەکی بووە
لەبایۆمیکانیدا، بەو ئیعتیبارەی
کە بونیادگەری سە ڕەتای
داهێنانی نواندنە لەسیستمی
مایر هۆڵدا.


مایرهۆڵد سالی 1905

مایرهۆڵد باس لەوەدەکات کە
لەشانۆی سروشتیدا، هەمیشە
هەوڵدەدرێت بۆ گەیشتن بەتەواوی
تەواکاری(الکمال)و بوار بۆ هیچ شتێکی تر
ناهێڵرێتەوە بەواتایەکی، دی بوار بۆ
ئاماژە(تلمیحات)ەکان ناهیلێتەوە، ئەو دەروازەیەش
بەرای مایرهۆڵد شتێکی سەیرو نامۆیە لەهونەردا.
لەشانۆدا ژانرێکی گرنگ هەیە کە بریتییە
لەبینەر(متلقی)و دەبێ ئێمە هەلی پێکهێنانی
بۆچوونە داهێنانکاریە تایبەتییەکانی بۆ برەخسێنین.
لەبەر ئەوەی دەبێ لەوێنەی نەپچڕاو(ئیحائی)دا
کردەنواندن ئەدابکرێت. چونکە کەڵەهونەرمەندانی
پێشوو کە هیچ کەسێك لەسەر شکڵیەتی ئیشەکانیان
ڕەخنە یان لێ نەگرتوون، لە سەرەتاوە شکڵێکی
دیاریکراویان بۆ بینینی ڕۆڵەکانیان یان دۆزیوەتەوەو
دواتریش مەشقیان لەسەرکردووە. ئەوان
بەشێوەیەکی خۆڕسك (فطري) ئەو ئیشەیان کردووە.
بەڵام مایرهۆڵد پلە بەپلە لە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ
هونەر هەنگاوی ناوەو خوازیاری ئەوەش بوە کە
ئەکتەریش بەرلەئەدای ئەرکەکانی لەوە تێبگات.
قۆناغی یەکەم بریتیبوو لەداهێنان لە سەر
ڕێنماییەکانی دابو نەریتی شانۆ کۆنەکان. لەم
سەردەمەدا مایرهۆڵد لەسۆراخی
نەریتەکانی شانۆکۆنەکانی:
ئیسپانیو خۆرئاواییو کۆمیدیای
(دیلارتی)دا دەبێت. وێڕای
بایەخدانی تەواو بەشێوەی ئەو
شانۆ دێرینانەی کە باسکران.
بەمەبەستی وەرگرتنو
بەدەستهێنانی هەر شتێك کە
خزمەتی هونەری هاو چەرخی
پێبکات. پێدەچێت لەوەیشدا
دژەکردارێکی دیاردەیی هەبێت
کە بریتییە لەوەی: میتۆدی
داهێنانی مایرهۆڵد لە گەڵ
ڕەوتی سروشتگەراییەکانی
سەدەی بیستەمدا بوو، بەڵام دواتر کتوپڕ
دەگەڕێتەوە سەرشانۆی دێرینی خۆر ئاواییو
ئیسپانیو شانۆی شکسپیر. لەراستیدا بڕینی
پلیکانەکانی گەشەسەندنو بەرزبوونەوەی هونەری
بەو دابو نەریتە دێرینانە خۆی لەخۆیدا
تایبەتمەندێتی یەکی بۆ ماوەیی سروشتنگەراییەکە
بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ
واقیعی نەریتە نزیکەکاندا بڕیو لەناخی سەدەکاندا
پاشەکشێی کرد. ئەمەیش هەمان میتۆدی مایر هۆڵد
بوو. چونکە ئەویش پەنای دەبرد بەر
بەکارهێنانی نەریتە دێرینەکان بەرەنگدانەوەی
چالاكو نوێوە. زۆرجاریش سەرزەنشتی هونەری
نوێ دەکرا، چونکە لەبنەڕەتدا جیاوازی لەخۆدەگرنو
مەئلوفیش نین. هونەرە نوێکان بوو کەیاساکانی
هاوشێوەبوونیان (التماثل)یان دۆزیەوە. بەڵام نەك بۆ
ئەوەی ئیشیان پێ بکرێت. بەڵکو بۆ ئەوەی
بەهۆشیاریەوە بیگوزەرێنی. مایر هۆڵد پێیوایە کە
گەورەترین نوێکەرەوە ئەو کەسەیە کە
لەپێوەرەکانیدا لەخەڵکانی دیکە بەهێزترە. دیارە
هەرکەسێکیش بەبێ داهێنان یاساکانی هونەر

پراکتیزە بکات بەهونەرمەند دانانرێت‌و هیچ جۆرە کارامەییەکی هونەریش لەئارادا نابێت بێ ئەوەی توانای ئەوە لەئارادابێت کە بۆ ئامانجی دیکەی نوێ بە کاربهێنرێت.

**هەڵچونە زیادەکان مانایەکی مەجازی نابەخشن:**

مەشق لەسەر جوڵە تەعبیریەکان گرۆتیسک: بوژاندنەوەی نەریتە شانۆییەکان لەلایەن مایرهۆڵدەوە جۆرێك، لەدەستکاریکردن‌و لاساییکردنەوەو کۆپیکردنی ئەو نەریتانە نەبوو، بەڵکو جۆرێك بوو لەهاوچەرخکردنی ئەو نەریتانە بەمەبەستی خستنەرووی دژەکردارەکان لەراقەو تەئویلکردنیاندا. بۆیە شتێکی ڕێکەوت نییە کە مەقالە پۆرگرامەکەی لەقۆناغی نەریتەکانداو لەساڵی 1912دا "بەگۆرانی–یان نمایشی بەزمەساتی میللی" بنوسێت. لەو مەقالە یەشدا مایرهۆڵد باسی لەناوەڕۆکی تیۆرە شانۆییەکەی کردووە. بایەخی بێوێنەی ئەو مەقالەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نمایشە هارمۆنیکایەی کە بۆ چەمکی گرۆتیسك کراوە کە بێگومان بەلایەنێکی دامەزراندنی دادەنرێت لەگەڵ بایۆمیکانیك. دیارە شێوازی دەرهێنانی مایرهۆڵدو تیۆرەکەی لەکاتی داهێنانیدا ئەوەبووە کە ئەو دەرهێنەرێکی "گرۆتیسکی" بووە کە ئەویش لەکاکڵەی ڕێبازەکەیدا بووە.

ریشەی چەمکی "گرۆتسیك" دەگەڕێتەوە بۆ زەخرەفەکێشان لەسەر دیواری تەلارە ڕۆحانیەیە کۆنەکان کە بە "گرۆتۆف" ناسراون‌و زەخرەفەی هارمۆنیکاو ڕەنگ‌و شکڵ نامۆیان لەسەر کێشراوە.

لەهونەری "گرۆتسیك"دا کە هونەرێکە یاخود شێوازێکە کە هونەرمەند تێیدا هۆشمەندانە دەچێتە ناخی شتەگونجاوەکانی ژیان، بەمەبەستی خستنەڕووی دوالیزمی دیاردەکە لەڕێی پێناسەکردنی دزێوی‌و بێ بەهاییەکانی کە زۆرجار دەگەنە لوتکە، سروشتی هونەری "گروتسیك" بۆ خۆی نزیکردنەوەی (بەزمەسات) دەخوازێت لەتراژیدیاو ئاوێەکردنی ڕون‌و ئاشکراش لەنێوان شتە واقعیەکان‌و فەنتازیادا وێرای زێدەڕۆیی بەلادان "تحریف"، گروتیسك" هەروەها کەمو کورتیەکان دەخاتەڕوو. یەکێك لەتایبەتمەندیەکانیش ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کتوپڕ لەمەیدانی "سخف"و ناماقوڵدا مەسەلە جدیەکان بەتراژیدیا ئاوێتە دەکات.

لەرۆچونیشدا بەدەرککردنی سروشتی ئەو دیاردە فیعلیەو دیاردەکانی دی، هونەرمەند هەڵدەستێت بەقوڵ کردنەوەی ڕاستەقینەی گونجاندنە ژیانییەکان لەگەڵ واقعدا، کەواتە ئاخۆ دەبێ مایر هۆڵد چۆن لەگرۆتیسك تێگەیشتبێت؟ کە گرۆتیسك بایەخێکی زیاتری پێدەدرێت لەشانۆدا. ئەو لەمەقالەی "بالاغان"دا پێناسەی زۆر دەهێنێتەوە کە هەمووشیان لەیەکەوە نزیکن، بەشێك لەو پێناسانە پەیوەستن بەتێگەیشتن لەگرۆتیسك لەمیانەی شانۆی ڕۆمانسی، یاخود ڕۆمانسیزمە ئەڵمانیەکانی وەك هوفمان، ئەو نوسەرەی کە مایر هۆڵد نازناوی "دکتۆر دابرتوتوی لەیەکێك لەکارەکتەرەکانی چیرۆکی" مغامرة عيد رِأس السنة"ی ئەوەوە لەخۆی نا، یان (لۆرفیك تیك) کە شانۆنووس‌و شاعیرێکی ڕۆمانسی بوو. ئەمەیە ئەو ئاراستەیەی کە لەداهێنانەکانی مایر هۆڵدا بەردەوام دەبێت. گەرچی زۆرێك لەو پێناسانە بایەخێکی گشتگیر لەخۆدەگرن. مایر هۆڵد هەر تەنها تایبەتمەندیەکانی شانۆکەی دیاری نەکردووە، بەڵکو تایبەتمەندێتیی تەواوی شانۆی وەك هونەرێك دەست نیشان کردووە، لەو بارەیەشەوە دەڵێت: "گرۆتیسك هەر ئەوە نازانێت کە ئەمەیان ئاستی نزمەو ئەوەیان ئاستێکی باڵای هەیە، بەڵکو دژەکان بەیەکتری ئاوێتە دەکات‌و ڕۆڵی تایبەتی خۆی بەو جۆرە ئەدا دەکات...! هەروەك لەشێوازی "غوطی"دا ئەم شتانە بەشێوەیەکی سەرسوڕمان هاوسەنگ دەبن، پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤ، زەمینی‌و ئاسمانی، جوان‌و ناشیرین هتد، ئەوەیە کەواتە گرۆتسیك کە

هەڵدەستێت بەبەخشینی مۆرکێکی جوان بەشتە شێواوەکان، بەڵام بواریش نادات کە ستاتیکا بگۆڕرێت بەعاتیفە (بەپێی مانا شیلەریەکەی).
گروتیسک بەهەر شێوازێك بێت بۆی هەیە لەمەسەلەکانی ژیان نزیك بێتەوە. بەڵکو گرۆتیسك "بوون" تا ئەو ڕادەیە قووڵ دەکاتەوەکە واز لەنواندنی خودی خۆی بهێنێت بەشێوەیەکی سرووشتی... هەروەها وێنەیەك، تابلۆیەك بۆ شتە مەزنەکان دەکێشێتو دەستی بینەر، وەرگر "متلقی" دەگرێت بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی هەمو ئەو شتانەی کە تێگەیشتنیان دژوارە.
ناوەڕۆکی کاری گرۆتیسك بریتییە لەخواستە بەردەوامەکانی هونەرمەند بۆ دەرهێنانی دیمەنەکان لەساتەوەختی تێگەیشتنیدا بۆ هەلومەرجێکی دی کە هەرگیز چاوەڕوانی نەکراوە. هەروەها لەگرۆتیسکدا هەمیشە کێشەو ململانێ هەیە لەنێوان شکڵو ناوەڕۆکدا. پەیوەست نەبوونی "رواڵەتی" هەمیشە لەدەرکەوتنو ئاشکرا بوونی شتە لەیەك جوداکانەوە فەراهەم دێت، بەڵام گەر لەو باوەڕەدابین کە ئەو دەرکەوتنو ئاشکرا بوونە بریتییە لەخودی گرۆتیسك، ئەمەیان هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نیە. چونکە لەئەگەری کۆکردنەوەی دەرکەوتووەکاندا، بەتایبەتمەندییەکی یەکگرتووی پێچەوانەی نوێ دەستەبەر دەبێت. مایر هۆڵد لەم سالانەی دواییدا، واتە لەساڵی 1922دا بەهاوبەش لەگەڵ "بیبۆتۆڤ"و "ئەکسسنۆڤ"دا نامیلکەیەکیان دەرکرد لەژێر ناونیشانی: "شێوە" "انماط"ەکانی کەسێتیی ئەکتەر"، ئەم نامیلکەیەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بایۆمیکانیکدا هەیە، لەبارەی گرۆتیسك"یشەوە، لەو نامیلکەیەدا هاتووە کە شانۆ خۆی "گرۆتسیکی"یە بەشێوەیەکی گشتی. شانۆ ڕەنگدانەوەکانی ژیان بەکارناهێنێت، بەڵکو چەند ئاوێتەو پێکهاتەیەکی ڕەگەزە ناسروشتییەکان بەکار دەهێنێت. یەکێك لەقوتابیەکانی مایر هۆڵد "س.م ئیزنشتین" دەرهێنەری سینەمایی، هەمیشە دەیووت: "ئەکتەر باڵندەیەکەو بەسەری پەڕی یەکێك لەباڵەکانی وێنەی زەویو بەوی دیکەشیان وێنەی ئاسمان دەکێشێت، نمونەیئەوەش کۆی ژیانە لەگەڵ ئیشەکانی بیکاسۆدا. دابڕان لەژیان جوڵەی دراماتیکی دەگۆڕێت بۆ ئەکرۆپاتێکی سێرك کە هیچ ئامانجێکی نیە".
بەپێی بیرکردنەوەکانی مایر هۆڵد، گرۆتیسك– بریتییە لەرێبازێکی ئاوێتەیی، چونکە ئەو ئاسمانو زەوی ناناسێت، بەڵکو تەئکیدکردن یاخود بەشێوەیەکی مەجازیی دور لەڕاستی هەموو شتەکانی ناخی ژیان ڕوون دەکاتەوە. بەڵکو ژیان چالاك دەکات بێ ئەوەی وێنەی بکێشێت، بگرە بەشێوەیەکی داهێنانکاری پرۆسەی تێگەیشتنی دووبارە دەکاتەوە.
مایر هۆڵد لەکۆتایی مەقالەی "بالاغان"دا دەڵێت: "کاتێك گرۆتیسك لەشانۆو لەکێشەی نێوان شکڵو ناوەڕۆکدا بوونی دەبێت، یەکەم بەسەر دووەمدا زاڵ دەبێتو ئەوکات ڕۆحی شانۆ دەبێتە ڕۆحی "گرۆتیسك".
گرنگترین چەمکەکانی (بایۆمیکانیك) لای مایر هۆڵد لەبیستەکاندا دانرا، ئەو دەمەی لەوەرشە باڵاکانی دەوڵەتدا بۆ ئامادەکردنی دەرهێنەرکاری دەکرد. قوتابیەکان زۆرینەی وانەکانی مایر هۆڵدیان دەنوسیەوەو بەشی زۆریشی لەبەر کراون. لەسەر هەمان شێوازی بونیادگەری، هەموو هونەرێکی داهێنان ئامێز، لەوانەش داهێنان لەبواری نواندندا، بریتییە لەرێکخستنی "تنسیق" کەرەستەکان. تایبەتمەندێتیی داهێنانی ئەکتەر بریتییە لەبینینی داهێنەرو کەرەستەکەی کە ڕەنگە لەهەموو "موحد"ێکدا مامەڵە بکەن.
بەپێی فیکرەی مایر هۆڵد، کەسی داهێنەر دەبێ خاوەنی کۆمەڵێك ئاکارو سیفات بێت کە بتوانێت

بەهۆیانەوە کەرەستەکانی ڕێك بخاتو بەر لەهەر شتێك دەبێ بەچاوێکی تیژەوە ئەو کەسانە بەدی بکات کە لەسەر شانۆ سەرگەرمی نواندنن. ئەکتەریش وەك کەسێکی دەرهێنەر بەهەر شێوازێك بێت دەبێ خاوەنی دوو بەخشیش بێت! یەکەمیان کارامەیی دەرهێنەری شانۆییو کارامەیی درامانوس، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەتوو لەساحەی شانۆکەدا خۆی بسەلمێنێ. دیارە دەکرێت لەڕێی مەشقەکانی جوڵەو ئەو لێهاتنانەی خۆیەوە گەشەبسێنن. جوڵەش بەپێی پێناسەکەی مایر هۆڵد، بریتییە لەتواناکانی ئەکتەر لەتەعبیرکردن لەئەرکەکانی دەرهێنەر بەجوڵەو بەخێرایی، واتە، تەعبیرکردن لەئەرك و خواستەکانی دەرهێنەر بەوردیو بەشێوەیەکی ئاشکراو گونجاو. ئەکتەریش هەرچەندە بەوردەکاریی هونەری ئەو جوڵانە جێبەجێ بکات، زیاتر کارامەیی دەردەکەوێت. چونکە هەموو شتێك لەدوتوێی ئەو کاردانەوە خێرایەدا دەبێت کە ئەکتەر لەئاستی فەرمانەکانی دەرهێنەردا دەینوسێت، بەڕای مایر هۆڵدیش، دەبێ سەرەتا ڕاکردنی ئاسایی ئەنجام بدرێتو دواتریش ڕاکردنی خێراتر. چونکە جوڵە دەلالەتی خۆی هەیە، گەرچی جوڵەبێ ئامانجەکان مانایەکی مەجازییان نیە.

دیارە دەبێ جوڵە ڕەواو ئامانجدار بێت، چونکە هەموو مەشقە بایۆمیکانیکیەکان لەسەر ئەو بنەمایەدامەزرێنراون. دەبێ ئەکتەر لەوەتێ بگات کە جوڵە بێئامانجەکانی ناڕەوان، دەبێ هەموو تواناکانی کۆئەندامی هەستە دەماری ئامادە بکات بۆ ئەوەی لەکاتی ئەدای هەر جوڵەیەکدا بەبەردەوامی ئاگای لەخۆی بێت، هەروەها دەبێ دەرك بەوەش بکات کە ئەو جوڵەیەی ئەنجامی دەدات هەر تەنها یارمەتیی نادات لە "قسەکردندا" بەڵکو مانایەکی هونەریی دەداتێ. تا ئەو دەمە دێت کە ئەکتەر ناتوانێت بەکارامەیی ئەو جوڵەیە فێر بێت.

لێرە بەدواوە یەکێك لەشکڵەکانی هێڵکاری دەخەینەڕوو کە مەیدانی بایۆمیکانیك لەدەستنوسەکانی ساڵی 1922دا دیاری دەکات:

"مرۆڤ–جوڵە،
مرۆڤ–وشە،
مرۆڤ–وشە–جوڵە،
مرۆڤ–مرۆڤ،
مرۆڤ–جلو بەرگ،
مرۆڤ–کەرەستەی بەردەستی،
مرۆڤ–ڕەگەزەکانی دڵ،
مرۆڤ–فەزا،
مرۆڤ–کات
مرۆڤ–کۆمەڵە (بینەر)".

مایر هۆڵد هەردەم قوتابیەکانی فێردەکرد کە –لەسەرەتادا پێویستیان بەهەڵچوونەکان نیە بەقەدەر ئەوەی کە دەبێ جوڵەی ڕاستو تەواویان هەبێت، چونکە هەر ئەو دەمە هەستکردنێکی ڕێك فەراهەم دێت. لەو دەمەدا مایر هۆڵد بەلایەوە گرنگ نیە کە ئەکتەر هەست بە چ جۆرە هەڵچوونێك دەکات، بەڵام ستانسلافسکی بەپێچەوانەوە هەمیشە پەرۆشی ئەو حاڵەتە بووە. بەپێی تەعبیرەکانی مایر هۆڵد ئەکتەر دەتوانێت لەسەر شانۆ ئازار بچێژێتو تەنانەت بشمرێت، بەڵام ئەگەر دەرك بەوە نەکات کە چۆن ئازارەکانی بەبینەر بگەیەنێت، دەکرێت بڵێین کە ئەکتەر نیە.

هەموو مەشقە بایۆمیکانیکیەکان لەپێناوی بەدەست هێنانی چوستو چالاکیی هونەری لەجوڵەدا ئاراستە کراون. مایر هۆڵد پێی وایە کە ئەوە هەموو جوڵەکان دەگرێتەوە نەك جوڵەیەکی دیاری کراو، بگرە ئەو حاڵەتە وشەو هەڵچوونەکانیش دەگرێتەوە. ئەوەش بەپێی بۆچوونی ئێمە کاکڵەی بایۆمیکانیکە.

لەخولەکانی خوێندنی مایر هۆڵد "1921-1922"

ئامادەو کۆکردنەوەی م. کورینیف:-

-بایۆمیکانیك لەسەر بنەمایەکی لەمجۆرە ئیش دەکات: گەر ئەکتەرێك ئیش لەسەر لوتی بکات، ئەوابێ گومان بەهەمان شێوە ئیش لەهەموو جەستەی دەکات. کەواتە جەستە بەشدارە لەچالاکیی گچکەترین ئەندامی. لەسەرەتادا لێگەڕێ باجەستە لەحاڵەتی ئارامیدا بێت، بەڵام دواتر لەگەڵ کەمترین جوڵەدا هەموو جەستە دەکەوێتە کار.

-بوونی بابەت "موضوع"و گرێ "حبكة" بەمەسەلەیەکی گرنگ دادەنرێت کە ناکرێت دەستبەرداریان بین. مەسەلەی یاری کردنی جەستە لەبابەتێکدا تاڕادەیەکی زۆر کارەکە ئاسان دەکات. بەڵام نابێ بابەتەکە، کەسەکە لەئەسڵی مەشقەکە دوور بخاتەوەو خۆی مەرەخەس بکات لەڕێی "ئیرتیجالەوە".

-ئەکتەر پێویستە بایەخی تەواو بدات بەهەموو ژانرەکانی مەشقەکەی‌و مانای خۆی پێبدات. چونکە هەر تەنها بەو شێوازە دەکرێت وردەکاری لەئیش کردنا بەدی بهێنرێت.

-بەشداربوو دەبێ ئارەزووی هەبێت لەفێربوونی میتۆدەکەدا بەر لەوەی ئیشەکە فێر بێت‌و زانیاریەکانیش هۆشمەندانە وەربگرێت.

-هەموو جوڵەیەك لەبایۆمیکانیکدا سێ ڕواڵەتی هەیە:

ئامانج-چەسپان-جێبەجێکردن.

-ڕێککاری "التنسيق" لەفەزاو لەشانۆدا، توانای ئەوەت هەبێت لەنێو کۆمەڵێك گۆڕانکاریدا کۆنترۆڵی خودی خۆت بکەیت. توانای خۆگونجاندن‌و توانای خۆ ڕێکخستن، لەگەڵ دەست نیشان کردن لەڕێی چاوەوە "التشخيص البصري"، ئەوانە پێویستییەکانی بایۆمیکانیکن.

-ئارامیی تەواو، دواتر چوونە حاڵەتی چەسپاندنی تەواو، یەکەمین مەرجی ئیشی باشە.

-هەر گۆڕانێك لەحاڵەتی جەستەو هەموو ئەندامەکانی، دەبێ خێراو هۆشمەندانە جێبەجێ بکرێت.

-هەموو هونەرێك بریتییە لەڕێکخستنی کەرەستەکانی، بۆ ئەوەی ئەکتەریش بتوانێت کەرەستەی خۆی، واتە جەستەی ڕێك بخات، دەبێ خاوەنی پیتاکێکی زۆربێت لەتوانا تەکنیکیەکان.

دژواریو "أستثنائي"ی هونەری نواندن لەوەدایە کە ئەکتەر خۆی کەرەستەی خۆی پێك دەهێنێ‌و لەهەمان کاتدا ڕێکدەخات، چونکە نواندن کارێکی پڕ وردەکارییەو ئەکتەریش لەهەموو ساتەوەختێکدا پێکهێنەری تەشکیلەکانە.

-دەبێ بەڕێك‌و پێکی مەشقەکان ئەنجام بدرێت نەك بەپێی پێویست.

-دەبێ بەتەواوکاری "متكامل" مەشقەکان ئەنجام بدرێن نەك تەنها بەشێوەیەکی ڕاست. وێنەی تەواوکاریش ئەو وێنەیەیە کە نمایش‌و بەکار هێنانی فەزای شانۆو کارتێکەرە شانۆییەکان‌و... هتد لەخۆدەگرێت.

-نابێ جوڵەکان درێژەبکێشن. چونکە دەبێ دەستگیرۆیی تەواو بکرێت لەجوڵەدا، بەو هۆیەشەوە دەرهێنەرو ئەکتەر کۆنترۆڵی تواناکانی خۆیان دەکەن.

-لەبایۆمیکانیکدا هیچ شتێك بەڕێکەوت ڕوونادات، بەڵکو دەبێ هەموو شتێك بەدەرك پێکردن‌و حیسابی پێش وەختەوە ئەنجام بدرێت. لەهەموو ساتێکی ئیشکردندا، دەبێ ئەکتەر لەحاڵەتی چەسپاندابێت‌و ئاگاداری شوێنی جەستەی خۆی بێت‌و بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو بەوپەڕی ئازادی ئەندامەکانی جەستەی بەکاربهێنێت.

لە "ئیتۆدەکان-مەشقەکان"ی بایۆمیکانیك‌و گرنگترین زاراوە بنچینەییەکانی:

–داکتیل: Daycktyl ئیعازی بنەڕەتی وەك ئاماژەیەك بۆ دەست پێکردنی "ئیتۆدەکە". لەکۆتایی ئیتۆدەکەشدا دوبارە دەکرێتەوەو بەمجۆرەش جێبەجێ دەکرێت: ئەکتەرەکە بەشلی دەوەستێتو قاچەکانی بەڕادەی پێیەك دەکاتەوە،



تا ئەندازەیەکیش ئەژنۆکانی نوشتاوەن، قۆڵەکانیشی لەتەنیشتییەوەن.
"داکتیل" بەبەرزکردنەوەی دەستەکانو یاخود قۆڵەکان بۆ سەرەوەو داگرتنیان دەست پێدەکات، دواتر دوو چەپڵەی خێرا لێدەدرێت. هەموو ئەندامەکانی لەش لەیەك جوڵەدا هاوبەش دەبن، بەڵام قۆڵەکانو ئەژنۆکانو هەردوو شان گرنگی خۆیان هەیە.
–نمایش کردن "الاستعراض": Parad ...بریتییە لەچوونە ژوورەو هاتنەدەرەوەی پێشو دوای ئیتۆدەکەو بەشێوەیەکی "استعراض"و بەمۆسیقاوە ئەدا دەکرێت.

–وەستانێك "بوز": Pose دانانی جەستە لەحاڵەتی چەسپان لەهارمۆنیکایەکی هەمەکیو بەدەر لەهەر ئامانجێکی پراگماتی "نفعي".
–راکورسی: Raccorci ئەم زاراوەیە لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوەو بریتییە لەباشترین حاڵەتی تەعبیری جوڵەیەك، یاخود خاڵی وەستانی نێوان دوو جوڵە... لەبەرامبەر ئەم زاراوەیەشدا زاراوەی Mic دێت لەشانۆی ژاپۆنیدا کە ئەمیش بەپێچەوانەی "بوز"ەوە ئامانجدارو سوود ویستە. مایر هۆڵد زۆر جەختی لەسەر "راکورسی" دەکردەوە. بەڵام "ئیزنشتاین" گەشەی پێداو کردی بەبنەمای بیروڕاکانی لەبارەی "جوڵەی تەعبیری"یەوە.
–راکردن کەدوای بازدانو گۆڕینی ئاراستە دێت، قاچی چەپ دەخرێتە پێشو قورسایی جەستەی دەخرێتە سەر، قاچی ڕاستیش جەستە گورج دەکاتەوەو ئامادەی دەکات بۆ ڕاکردن. قۆڵەکانیش لەکاتی ڕاکردندا لەجوڵەیەکی ڕیتمداردان.

## ئیتۆدەکان:
## بەرد هاویشتن:

1–خۆئامادەکردنو چەسپان: تەواوی خۆئامادەکردنو کەمێك نوشتانەوەی ئەژنۆکان.
2–داکتیل.
3–بازدان بەلای چەپدا.
4–خۆئامادەکردن بۆ ڕاکردن.
5–راکردن: پێویستە بەجوانیو لەگەڵ ڕیتمو بەشێوەیەکی بەشانۆکراو "ممسرح" ئەنجام بدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئارامیی دەروندا.
6– وەستان: قاچی چەپ پێش دەخرێت لەگەڵ سوڕانەوەی ڕوخسار بەئاراستەی پەردەکەدا "کە بەئەندێشە دانراوە" لەسەر زەویەکە.
7–هەڵگرتنی بەردەکە: ئەم هەنگاوە لەهەموو هەنگاوەکانی ئیتۆدەکە دژوارترە بەلای تازە دەست

پێکەرانەوە. چونکە هارمۆنیکای نێوان ئەندامەکانی جەستەو گواستنەوەی قورسایی لەقاچێکەوە بۆ ئەوی دی ڕۆڵێکی یەکلایی کەرەوە دەبینێت لەئاسان کردنی بەرزکردنەوەی جەستە، بەهاوکاریی ئەو هێزەی کە لەئاکامی گەڕانەوەی دەستی چەپو بەرزکردنەوەی بۆ سەرەوەدا بەرهەم دێت.

8-گەڕانەوە بەرەو دوا بەیەك هەنگاو.

9-راکردن: بەردەکە لەدەستی ڕاستدایەو دەستیش لەکەمەردایە.

10-وەستان.

11-هاوسەنگی: لەمیانەیهەڵسان بەچەند جوڵەیەکی بازنەیی بەدەستی ڕاست، لەکاتێکدا بەدەستی چەپ مەچەکی دەستی ڕاست گیراوە. هەردوو ئەژنۆیش بەرێكو پێکی لەگەڵ جوڵەی دەستەکاندا بەشدارن. قوڵتر وەستان.

12-راکردن لەکاتێکدا بەردەکە لەدەستی ڕاستدایە. دەستی چەپیش لەڕاکردنەکەدا جوڵەی ڕیتم داری خۆی دەکات.

13-وەستان.

14-بەرزکردنەوەی بەردەکە بۆ سەروتری شانی ڕاست.

15-راکردن: بەردەکە لەدەستی ڕاستیدایە لەسەر شانەوە دواتر وەستان.

16-هاویشتنی بەردەکە: سوکە ئاماژەیەك کە دەلالەتە بۆ کۆتایی هێنان بەکردەی هاویشتنەکە.

17-زللەیەكو دواتر چەمانەوە لەسەر ئەژنۆکان لەگەڵ ئیشارەتێك بۆ سەرەوە بەدەستی چەپ، یەکێکی تریش بۆ خوارەوە بەدەستی ڕاست.

18-هەستانو ئیشارەت دان بەنیشانەکە لەگەڵ وتنی وشەی "پێکام" بەزمانی ڕوسی وەك هاواری "بوباڵ".

19-سوڕانەوە بەرەو دوا.

20-داکتیل.

ئیتۆدی کەوتنە سەر زەوی، لەوەرشەکانی مایر هۆڵد 1922 تیرهاویشتن: "مایر هۆڵد ڕایگەیاندووە کە ئەم ئیتۆدەی لەتابلۆیەکی دیواربەندی میسریە کۆنەکانەوە وەرگرتووە".

1-خۆئامادەکردنو چەسپان.

2-داکتیل.

3-وردە وردە وەرگرتنی حاڵەتی پەیکەرێکی دیواربەندی، تیایدا جەستە بەنیوەیی دەردەکەوێت.

4-ئیشارەتدان کە هێمایەکە بۆ شوێنی تیرە خەیاڵییەکە.

5-خۆ چەماندنەوە بۆ هەڵگرتنی تیرەکە.

6-راستکردنەوەی جەستەو دوبارە دابەزاندنەوەی بۆ زەویو دوا جاریش بەرزکردنەوەی تا ئەژنۆ.

7-رێك ڕاوەستان، دەستی چەپ درێژکراوەیەو کەوانەکەی هەڵگرتووە، دەستی چەپیش لەسەر کەلەکەیە وێنەی تابلۆ دیوار بەندەکان.

8-تەماشاکردنو تاقی کردنەوەی تیرو کەوانەکە بەکردنەوەو داخستنی.

9-گەڕانەوە بۆ دواو خۆئامادەکردن بۆ ڕاکێشانی کەوانەکە.

10-دەست بردن بۆ دەرهێنانی تیرەکە.

11-هەڵگرتنی تیرەکە.

12-نوشتاندنەوەی قۆڵ لەشکڵی سوڕانەوەدا.

13-تیرەکە دەخرێتە کەوانەکەوە.

14-تەماشاکردنو تاقی کردنەوەی کەوانەکە.

15-راکردنو دواتر وەستان.

16-گەڕانەوە بەرەو دواو خۆئامادەکردن بۆ سوڕانەوە.

17-سوڕانەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی تیرو کەوانەکە بۆ سەرەوە.

18-گۆڕینی قاچەکانو داگرتنی تیرو کەوانەکە تا ئەژنۆ.

19-تەماشاکردنو تاقی کردنەوەی کەوانەکە لەئەژنۆوە تا شان.

20–نیشان گرتنەوە بەرەو سەرەوە.
21–بازدان بەرەو سەرەوە.
22–راکردن لەو کاتەدا کە کەوانەکە لەسەر شانە.
23–وەستان‌و سوڕانەوە.
24–داکتیل.
زللە:
لەسەرەتاوە کەسی یەکەم دیاری دەکرێت، چالاك (ئەو کەسەی کەزللە دەوەشێنێ)، دووەم نێگەتیڤ (ئەو کەسەی زللەکەی بەردەکەوێت).
کۆمەڵەکە، یاخود ئەو دو کەسە لەدوو ڕیزدا دەوەستن کە ماوەی نێوانیان بریتی‌یە لەدرێژ کردنەوەی دەستەکانیان تاکو دەستیان دەگاتە پەنجەی پێیان.
–ئامادەباشی چەسپان.
–داکتێل.
–بازدان. دواتر وەستان لەحاڵەتی ئاسایی‌دا... "واتە قورسایی بەیەکسانی لەسەر هەردو لاق‌و دەبێت‌و دەستەکان لەم لاو لەو لا شۆڕ کراونەتەوە.
–ئامادەباشی بۆ تەوقەکردن.
–سەماکردن‌و دواتریش بازدان.
–گەڕانەوە بۆ حاڵەتی وەستانی ئاسایی.
–کەسی یەکەم، ئامادەباشی بۆ زللە وەشاندن لەڕێی بەرز کردنەوەی دەستی ڕاست‌و لەپی دەستیش لەحاڵەتی کرانەوەیەدا بۆ وەشاندنی زللەکە.
–کەسی دووەم حاڵەتی ئامادەیی بۆ بەرکەوتنی زللەکە وەردەگرێت.
–کەسی یەکەم زەمینە سازدەکات بۆ زللەکە بەنزیکبوونەوە لەڕوومەتی کەسی دووەم.
–کەسی دووەم ڕوومەتی دەباتە پێشێ‌و (لەپیشی) داخراوە.
–کەسی یەکەم زللەکە دەوەشێنێ.
–سەماو باران.
–گەڕانەوە بۆ حاڵەتی وەستانی ئاسایی.

–کەسی دووەم لەشکلێکی بەشانۆکراودا "وەك یاریزانی سیرك" زللەکەی بەردەکەوێت، قۆڵی چەپی بەرز دەکاتەوەو دواجار لەپی دەستی چەپی دەخاتە سەر ڕوومەتی. (دیارە دواتر ڕۆڵەکان دەگۆڕێن –واتە دووەم ڕۆڵی زللە وەشێن دەبینێ‌و یەکەمیش زللە لێدراو).
–خۆئامادەکردن بۆ تەوقەکردن –دواتر تەوقەکردن.
–مارش–داکتیل.

## میتۆدی خوێندنی نموونەیەك لەوەرشەکانی مایر هۆڵد 1922

### لێدان بەخەنجەر:

کۆمەڵەکە یاخود دو کەسەکە لەبەرامبەر یەکتر دەوەستن.
–داکتێل.
–بازی یەکەم "پۆزەتیڤ" دەست دەخاتەسەر خەنجەرەکەی وەك خۆ ئامادەکرن بۆ پەلاماردان.
–بازی دووەم "نێگەتیڤ" بۆ ڕاکردن خۆی ئامادە دەکات.
–خەنجەرەکە ڕادەکێشێت‌و تا ئاستی شانی بەرزی دەکاتەوە.
بەچەند هەنگاوێکی چەسپاو بەرەو کەسی دووەم دەچێتە پێشەوەو دەستیشی بەرزکردۆتەوە.
–بەمەبەستی لێدانی خەنجەرەکە لەبەردەم کەسی دووەمدا دەوەستێت.
کەسی دووەمیش سینگی خۆی بۆ بەرکەوتنی خەنجەرەکە دێنێتە پێشەوە لەهەلومەرجی کرانەوەی تەواودا.
–کەسی یەکەم دوا بەدوادا گەڕانەوەیەك دوجار خەنجەرەکە دەوەشێنێ‌و کەسی دووەمیش لەحاڵەتی کرانەوەی تەواو دایە.
–کەسی یەکەم بەچەند هەنگاوێکی خێرا پاشەکشێ دەکات‌و خەنجەرەکەش لەبەرزی بەدەستەوەیە.
–خەنجەرەکە دەکاتە کێلانەکەی.

—كەسی دووهـەم بەسـینگی والآوه دەچێتە پێشیو جەستەیشی بەرەو دواوه دەبێت. دەوەستێو خـۆی گرمۆڵە دەکات.
—کەسی دووەم دەکەوێت دوای ئەوەی قاچی ڕاسـتی دەکێشێت بەزەویدا.—کەسی یەکەم ڕادەکاتو دواتر لەتەنیشتی کەسی دووهەمەوە دەوەستێت.
—کەسـی یەکـەم چـەپڵەیەك لێ دەداتو ڕاسـت دەبێتەوە.
—یەکەم وەك تەرمێك کەسی دووهەم هەڵدەگرێت.
—یەکەم دووهەم فڕێ دەداتە سەرزەوی.
—کەسـی دووهــەم هەڵدەسـتێتو هــەردووکیان لەشکڵێکی بازنەییو ڕیتمدا ڕادەکەن.
—هەردووکیان ڕووبەڕووی یەکتری ڕادەوەستنەوە.
—داکتیل.

## وێنەکان

ئیتۆدی لێدان بەخەنجەر
بازدانە سەر سنگ:
دوو کەسـەکە یـاخود دوو کۆمەڵەکـە لەبەرامبـەر یەکتری ڕادەوەستن.
—خۆئامادەکردنو چەسپان.
—داکتیل.
—بازدان.
—وەسـتانی ئاسـایی، بـەو شـێوەی کـە قورسـایی جەستە بەیەکسانی لەسەر هەردوو لاق بێت.
—ئامادەباشی بۆ ڕاکردن.
—کەسی یەکەم ڕادەکاتو بازدەداتو لەسـەر سـینگی کەسی دووەم خۆی دەگرێتەوە.
—لێـدان: کەسـی یەکـەم دوای دوجـار گەڕانـەوە خەنجەرەکە دەوەشێنێ.
—دابەزینە سەر سینگی دووەم. چـونە سـەر سـینگی کەسی دووهەم.
—گەڕانـەوە بـەرەو دواو هێـشتا کەسـی دووەم لەحاڵەتی کرانەوەدایە.
—کەسـی دووەم ڕادەوسـتێو لەئامادەباشـیدایە بـۆ هەڵاتن.
—کەسی دووەم هەڵدەستێت.
—حاڵەتی بەخۆدا داخران دەگرێتەبەر.
—کەسـی دووهـەم لەسـەر سـینگی بەزەویـدا ڕادەکشێت.
—هەڵدەستێت.
—دەکەوێتە سەر پشت.
—کەسـی یەکـەم ڕادەکـاتو لـەپاڵ کەسـی یەکەمـدا ڕادەوستێ.
—زللەیـەك، دواتـر کەسـی یەکـەم بەمەبەسـتی هەڵساندنی دەستی بۆ کەسی دووهەم درێژ دەکات.
—یەکـەم کـەس دووهـەم کـەس لەسـەر شـانی هەڵدەگرێت.
—دەیخاتە سەرزەوی.
—هەردووکیان دەگەڕێنەوە دواوە —داکتێل.

## ئیتۆدی بازدانە سەر سنگ:

لەباسـکردنی مەشـقەکانی پێـشوودا پـشتم بەسـتووە بەنوسینی زۆرینەی ئەو شانۆ نوسانەی کـە لـەبارەی مەشـقەکانی مـایر هۆڵـدەوە لەبیـستەکاندا شـتیان نوسیوە، سەرەڕای ئیش کردنـی خـۆم لەوەرشـەکانی "گینـادی بۆگـدانۆڤ"و "ئـەلیکس لیفانـسکی" کـە هــەردووکیان فێرخــوازی "کۆسـتۆف"ی مامۆسـتاو ڕاهێنەری بایۆمیکانیکی وەرشەی مایر هۆڵد بوون. هەروەها لەمیانەی ئیش کردنمدا لەگەڵ خوێنـدکارانی پەیمانگەو ئەکادیمیەکانی شـانۆ لەبـەریتانیاو سـوێدو پەیمانگەی باڵای شانۆ لەمەغریب...
دیارە مایر هۆڵد لەماوەیەکی درێژخایەندا توانیویـەتی مەشـقەکانی دابنێـت. ڕەنگـە هەنـدێك لەوەسـفی ئیتۆدەکـان لێـرەو لـەوێ بـەدەربن لەڕوونکردنـەوەو وردەکاری. بەڵام من خۆم هەوڵمداوە کە هەموو ژانری مەشـقەکانی، بـەبێ پـشت بەسـتن بەنمونـە ئامـادەو بـچوك کراوەکـان لێـرەو لـەوێ، بخەمـە نێـو

ئیتۆدەکانــەوە. بــەکورتی، هەوڵمــداوە کــە تــەواوی مەشــقەکان بەتــەواوی قۆناغەکانیــەوە بــاس بکــەم، هەرچــەندە ئامــادەکردنو وێنــەی بــچووککراوەکانی مەشقەکانی وەك خۆیانو بێدەستکاریی ناوەڕۆکیـان مەسەلەیەکی گرنگە، دیارە توانیم ئەم حاڵەتـە بـەدی بهێـنم لـەکاتی ئـیش کردنمـدا لەگـەڵ خوێنـدکارانی بـواری نوانـدنو هــەروەها لەگــەڵ ئەکتــەرە نــاودارو موحتەریفەکاندا.

## پەیڕەوی بایۆمیکانیك

"ساڵی یەکەم"

1–مەشــق کــردن لەســەر جۆرەهــا وەرزشو یــاریی جومناستیکی. ئەکتەر دەبێ نەك هـەر تـەنها جۆرێـك لەجوڵە، بەڵکو دەبێ جۆرەها جوڵە فێر بێت، ئەویش بـۆ ئـەوەی ماسـولکەکانی هێنـدە بـەهێزبن کـە ڕێ لـەئازادی جوڵـەکانی نـەگرێت. "نمونــەش بـۆ ئــەوە ئەکتەری ژاپۆنییە".

2–مەشــقەکانی بایۆمیکانیــك ئامانجیــان بریتییــە لەگەشەپێدانی تواناکانی ئەکتەر لە:

*ئاســانیو ســووكو ســۆڵیی جوڵــەکانی "لیگــاتۆ" Legato.

*خێراییو کورتیی جوڵە لەیەك پچڕاوەکان "ستاکاتۆ Staccato " وێڕای بەکارهێنانی زۆرترین جوڵە.

3–مەبەست لەمەشقەکانی بایۆمیکانیـك، فێرکردنـی ئەکتەرە بـەوەی کـە چـەند حاڵـەتێك بـەدی بهێنێـت، لەوانەش:

*هەست کردن بەهاوسەنگی لەو کاتەدا کە سـەنتەری قورسایی لەجەستەی خۆییو لەسنوری خۆیدایە.

*خۆگونجاندن لەگەڵ فەزای شانۆو لەگـەڵ ئەکتـەری هاوڕێیو هەموو شتەکانی سەر شانۆ.

*وەڵامدانــەوەو توانــای خێــرای بەرپــەرچ دانــەوە لــە "کــردار"و دژەکـرداردا. ئەمــەش لەگــەڵ پارێزگــاری کردن لەهاوسەنگیو ئارامیو بوونی هەسـتەدەمارێکی لەبارو باش.

*پــەروەردەکردنی مەلەکــەی دەرهێنــان لای مەشــق پێکراو، بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی کەرەسـەتەکانی بەردەســتی، بــۆ ئەنجامــدانی کــردەی ڕێککــاری "تنـسیق" لەفـەزای شـانۆ، لەگـەڵ ئەکتـەری دیکـەو جلو بەرگو ئێکسسواردا.

## جومانستیکی بایۆمیکانیکی

أ–حاڵەتی جەستە:

1–خۆنوشــــتانەوەو ڕاســــتبوونەوە بــــەخێراییو بەخاویو بەهەمو ئاراستەکاندا.

2–نوشتاندنەوەی ئەژنۆکان لەگەڵ پارێزگاری کـردن لەحاڵەتی ئاسۆیی قەدو قامەت.

3–ئـیش کـردن لەسـەر بـەهێزکردنی ماسـولکەکانی سكو ناوپەنچك.

4–مەشقەکانی هەردوو شان.

ب–شێوەی سەروو هەردووباڵو لاقەکان:

1–مەشقەکانی گەردن. هاوسەنگی بەهۆی تۆپی ئاوڕ دانەوەی خاوو خێراوە.

2–هەردوو دەستو پەنجەکان، مەشقەکانو یاریەکان بەدار "گۆچان".

3–قاچــەکان: درێــژکردنی قاچــەکان، ڕێکخـستنی کۆمەڵــەکان بــەخێرایی، نوشــتاندنەوەی خێــرای قاچــەکان. ســەمای "شارلــستۆن" دۆزینــەوەی هاوســەنگیی تۆپێــك لەســەر پــێ، دۆزینــەوەی هاوسەنگی دارێك لەسەرپێ.

ژانر "ڕەگەز"ەکانی بایۆمیکانیك:

پراکتیزە تاکەکەسییەکان:

1–وەستان.

2–ڕۆشتن "ڕێ کردن"

3–ڕاکردن.

4–کەوتنە خوارەوە.

5–هاوپشتنی "قرص"، ڕم، تۆپی ئاسنین.

6–پێکهێنانی بەکۆمەڵ "التشکیل الجماعی".

7–گەیاندنی دەستو سەر بەقاچەکان.

8–حاڵەتەکانی ڕاکوسی Raccoci ، ئیتۆدەکانی بایۆمیکانیك.
*گەشەپێدانی وریایی، ڕێککاری، توانا لەسەرکردە پێچەوانەکان.
1–بەکارهێنانی تیرو کەوان.
2–بەردهاویشتن.
3–کەوتنو یارمەتیدانی کەسی دووهەم.
4–لێدان بەخەنجەر.
5–پاڵنان بەکەسی دووهەمەوە لەکاتێکدا ئەو هەردووقاچی نوشتاندۆتەوە.
6–زللە
7–دیمەنێك لەشانۆیی DE 84.

**ئەکتەر:**

أ–کەرەستەی ئەکتەری A2.
1–جەستە:
أ–قەدو باڵا بەبێ‌دەستەکان.
ب–چوار پەل: هەردوو دەستو هەردوو قاچ.
ج–سەرو ڕوخسار: هەردوو چاوو دەم.
2–دەنگو وتن: "الالقاء": بڕوانە کۆرسی تایبەت بەوشە.
ب–بایۆمیکانیك:
1–ستراکتۆر یاخود بونیادی بایۆلۆژیی جەستەو کاریگەریی لەسەر سروشتی جوڵەی بەماناو هەڵچوونی مرۆڤ.
–جەستەی مرۆڤ وەك هێزێکی بزوێنەری ئۆتۆماتیکی.
–دووبارەکردنەوەی جوڵە ئامێرئاساکان.
–"میمیتزم"و گرنگیی بایۆلۆژی "باختریف 85".
د–هێزی بزوێنەری کردەکانی مرۆڤ.
جوڵەی هەموو ئەندامێك، لەرزین یاخود جوڵەی ماسولکەکان، جوڵەی چاوەکان، جوڵەو ئاماژەکانی سەر، دەستو قاچەکان، جوڵەی کۆمەڵە ماسولکەییە جیاکان.

2–کۆی جوڵەکانی زیندەوەرەکە، یاخود زنجیرە کردەکانی کۆی کردەی گۆڕانە کردەییەکانی زیندەوەرەکە "ڕۆشتنی، ڕاکردنی، کردەی دیکەی وەك خوێندنەوە، نوسین، هەڵگرتنی قورساییو زیاترین جوڵەی ئاڵۆزی هەر جۆرێك لەئیشەکانی".
3–کردە ڕێگرەکان "الافعال المانعة".
هـ–جوڵەو یاری کردن بۆ ئازادکردنی وزە زیادەکان.
و–وەرگری کردەکان، بکەرەکان.
ز–دیراسەکردنی سرووشتی پەرچەکردارییی میکانیزمی سیستەمی هەستە دەمار.
س–کاردانەوە دەروونیەکان وەك بابەتێکی زانستە سرووشتییەکان.
ك–دیاردەی دەروونی، پەرچەکرداریی دەروونیی کیمیایی ئاسان لەسەر شکڵی "تروبیزم" جوڵەی هەنوکەیی وەك وەڵامێك بۆ ئامادەبوون، تاکسیزم "پەرچەکرداری زیندەوەرە یەکخانەییەکان" یاخود پەرچەکردارە.

**فسیۆلۆژییە ڕووتەکان**

ل–پەرچەکردارە خۆڕەسکەکان
مایر هۆڵد–میکانیزم (کردارە "لاواعی"یە مەئلوفەکان)–سرووشتی ئاسایی Normal– فسیۆلۆژیەتو پەرچەکرداری.
–کاریگەریی ئامادەکاری دەنگ "ڕۆڵی هاوار لەساتەوەختی گرژیی" کردار"دا.
–جوڵەو باکگراوندی مۆسیقی (بونیادی ڕێکی کۆمەڵە جوڵەکانو پەیوەندییان بەپارچە مۆسیقایەکەوە بەپێی ڕێساکانی هاوشێوەیی لەنێون ئەو دوانەدا).
–کێشو سەروا.
ج–"میمیتیکزم" "MIMETICISIM":
1–خوێندنەوەی ئەکتەر بۆ جوڵەی ماسولکەکان، ئاراستە، هێز، فشارو ڕاکێشان بەهۆی جوڵەوە، درێژکردنەوە، درێژیی مەودای "منحنی"کە، خێرایی.

2–جوڵـەی جەسـتە لەسـەر شـکڵی پەیکـەری دیواربەنـد، قۆڵـەکان، قاچـەکان، سـەر "سـەنتەری قورسایی–راکورسی".

3–جێبەجێ کردنی جوڵەکە.

4–نیشانەی گەڕانەوە بەرەو دوا "الارتداد".

5–خێرایی جوڵەکە "تیمبۆ".

6–لیغاتۆو ستاکاتۆ.

7–ئاماژە "إیماءة" دەرەنجامێکی جوڵەکە.

14–سـەماکردن–کرۆپاتیـک–فێڵـە ناوازەکـان لەشانۆدا.

15–الشذوذیة.

16–بەکارهێنانی دەستەکان.

17–وشە–جوڵە.

نواندن

1–هەر سێ پەیڕەوەکەی نوانـدن، المزاجیـة، چـوونە ناوو لەگەڵ کارەکتەر ژیاندا، توانا بزوێنەرەکان.

ئەکتەر لەکاتی ڕاهێنانی بایۆمیکانیکیدا



8–ئاماژە "إیماءة" گەورەو بچووکەکان.

9–رێساکانی ڕێککاری جەسـتەو شـتەکانی دەوروو بەری یاساکانی ڕێککاری جەستەو شتەکانی دەسـتی ئەکتـەر "دارەکـە". یاسـاکانی ڕێککـاری جەسـتەو جلەکانی بەری.

10–یاساکانی ڕێککاریی شوێنو کات.

11–زانستی ئەندازەیی.

12–یاساکانی ئامادەکاریی تاکیو جووتی.

13–یاساکانی پێکهاتەیی "الترکیبیة".

2–N=A1+A2

3–A=n+...

4–"امـبلاوا "نمونـەی ڕۆڵو کارەکتـەرەکان)، توانـا سرووشتی و خۆڕسکەکان، ئەرکە شانۆییەکان.

5–گروتیسك.

6–داهێنان.

7–ئەکتەرو بینەر.

8–گرووپەکە.

9–پەڕاوی یاداشتەکان.

فێربوون کاکڵەی ئەزموونداریيە:

1-خوێندنەوەی فێرگە شانۆییەکانو شێوازەکانیان.
2-خوێندنەوەی بابەت لەڕۆشنایی سەرچاوەکەیەوە.
3-دیراسەکردنی تەکنیکەکانی نواندنو فێرگەکانی.

**ڕێکخستنی کار:**

1-وەرشەی ئەکتەر.
2-ئیش کردن لەجلو بەرگدا.
3-کەرەستەو ئامێرەکان.
4-مۆسیقای ئەکتەر:
-بیرۆکەی سەرەتایی
-بیرۆکەی کۆتایی
5-پەڕاوی یاداشتەکان
6-خشتەی کار، مەشقەکان، نمایشەکان
7-داهێنانی ڕۆڵ

**مەشقەکان:**

1-هاویشتنی تیرو کەوان
2-بەرد هاویشتن
3-بازدان بەسەر پشتی کەسی دووهەمو گۆڕینی قورسایی.
4-کەوتنو یارمەتی دانی کەسی دووهەمو بەرزرکردنەوەی قورسایی.
5-کێشانێك بەلووتدا "لەنێوان دوو کەسدا".
6-زللەیەك
7-پاڵنان بەکەسێکەوە کە لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە
8-خۆهەڵدانە سەر سنگ
9-لێدان بەخەنجەر
10-ئەسپەکان "لەنێوان سێ کەسدا"
11-لێبووك "المهرج" لەنێوان پێنج کەسدا.

**لەسۆراخی فێرگەیەکی پەروەردەیی نوێ بۆ ئەکتەر**

لەشەستەکانەوە بۆ هەشتاکان بەقۆناغی ڕاپەڕینی شانۆی سوێدیی هاوچەرخ دادەنرێت، لەو ماوەیەدا جۆرەها شانۆ دەرکەوتنو پەرەیان سەندو ڕۆحێکی پێشرەویی نوێیان کردەوە بەبەرشانۆی سوێدیدا، کە ماوەیەك لەژێر کاریگەریی شێوازە تەقلیدیەکاندا بوو. ئەو تیپانە هەوڵی زۆریاندا لەپێناوی داهێنانی بنەماو شکڵی درامای نوێدا بەسوود وەرگرتن لەئەزموونو دەستکەوتەکانی شانۆی ئەورووپەی هاوچەرخ.

تیپە ئازادەکانی سوێد بەردەوام لەژێر کاریگەری سێ تەییاری سەرەکیدا بوون کە بریتین لە:
1-شانۆی زیندوو لەویلایەتە یەکگرتووەکان.
2-شانۆی کرۆتۆفسکی "پۆلۆنیا"
3-شانۆی "ئۆدین" لە "دانیمارك"

هۆکاری سەرەکی لەسەرهەڵدانی تیپە ئازادەکانی سوێد کە هەڵگری مۆرکی ئەزموونگەرین، دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی خودی سوێد بەسەر ئەزموونی وڵاتە ئەورووپییە جۆراو جۆرەکانو گەشەسەندنی بەردەوامی هەژمونی چەپخوازو سۆسیالیستەکان لەئەورووپادا کە هەڵگری بیرو باوەڕی هاوکاریو بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان گەلانی ستەم دیدەن وکراوەن بەسەر کولتورە جیاجیاکانی جیهاندا، ئەوەش بووبەهۆی سەرهەڵدانی گرووپی گرنگی وەك گرووپی "پیستۆل تیاتر"وتیپی "شەهرەزاد" پێدەچێت شانۆی شەهرەزاد یەکەمین شانۆی سوێدی بێت کەبایەخی دابێت بەزمانی دەربڕینی جەستەیی، بەشێوازێکی پشت بەست بەدەستکەوتەکانی شانۆی " کرۆتۆفسکی" وشانۆی "ئۆدین" وهەرلەوانیشەوە ئەم گرووپە بنەماکانی میتۆدی "بایۆمیکانیك"یان لەئەدادا وەرگرت. بۆیە بەپێویستو شتێکی سودمەندمان زانی باس لەئەزمونەکانی ئەم شانۆیە بکەین لەگەڵ بیرو ڕاو ئیشەکانیو میتۆدی مایر هۆڵد.

شانۆی شەهرەزاد تاکە شانۆیە کەبەبێ تەقلیدگەرایی میکانیکیی مەشقەکانی مایر هۆڵد گەیشتە میتۆدی (بایۆمیکانیك). لەهەمان کاتیشدا هەوڵی نەدا (بایۆمیکانیك) بکاتە فێرگەیەك تەواو وەك مایر هۆڵد ویستی وابوو.

بەڵکو سوودی وەرگرت لەبیرو ڕاکانی ئەم دەرهێنەرە ڕوسییەو هەروەها لەبنەماکانی بایۆمیکانیك لەسەر ڕۆشنایی ئەزمونو دەستکەوتو شێوازە نوێکان کە دوای ئەزمونەکانی مایر هۆڵد دەرکەوتن کە ڕیشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەکانی مایر هۆڵد لەبواری شانۆیحەرەکیدا . بەواتایەکی دی، شێوازی ئەدا لەشانۆی شەهرەزادا، خوڵقاندنی چینێکی هونەری لەنێوان بایۆمیکانیكو فێرگەو شێوازە نوێکاندا بەرجەستە دەکات.

"ولیام کارلسۆن"ی دەرهێنەری یەکەمی شانۆی شەهرەزاد دەڵێت: "ئێمە لەئیش کردنماندا هەوڵی ئەوەمان دەدا کە بگەینە دەربڕینێکی حەرەکیی وردبینانە، بۆیە لەو پێناوەدا دەستمان کرد بەدیراسەکردنی جەستەو توانا بێسنورەکانی. پەنامان برد بۆ میتۆدی کرۆتۆفسکی لەمەشق کردنا. وێرای نەریتەکانی شانۆی خۆرهەڵاتیو ڕێساکانی سەمای هیندیو ئۆپێرای پەکینو سەمای بالێی کلاسیکی، پانتۆ مایمو سەمای هاوچەرخ. بەشێوەیەکی گشتی، هەوڵی یەکخستنی هەموو توانا لەبەردەستەکانماندا لەبواری دەربڕینی جەستەییدا، بەوەش گەیشتین بە "بایۆمیکانیك" "کارلسۆك"ی دامەزرێنەری شانۆی شەهرەزاد، لەپەیمانگای دراما خوێندویەتی لەپایتەختی سوێدا، دوای دەرچوونی لەو پەیمانگایە، لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوەڵانیدا شانۆی شەهرەزادیان دامەزراند، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو تیپە لای کارلسۆن ماوەیەکی زۆر بەر لەتەواوکردنی پەیمانگا گەڵاڵە بوو بوو، واتە لەماوەی خوێندنیدا لەپەیمانگەی هونەریی شانۆیی، ئەو دەمەی دوان لەدیارترین ئەکتەرەکانی سوێدی ناسی کە بریتین لە "سورین لارسون" کە ژیانی هونەریی لەسەر دەستی "کرۆتۆفسکی" دەست پێکرد، هەروەها ئەکتەری ناودار "ئەنغمارلیند" کە ئەمیان قوتابیی "ئیتین دیکرۆ"ی ئەکتەری ناوداری فەرەنسی بوو لەهونەری پانتۆ مایمدا.

لەم قۆناغەدا بەتایبەتی ئەو قەناعەتە لای کارلسۆن دروست بوو کە کارکردن لەسەر پەروەردەکردنی هێزەکانی ئەکتەر لەبواری تەعبیرە جەستەییەکاندا گرنگی خۆی هەیە، وەك بەشێکی بنەڕەتی لەپیشە هونەرییەکەیدا، کاتێکیش دواتر لەگەڵ هاوڕێکەیدا یەکیان گرت، واتە لەگەڵ "توم فیوردە فالك"ی ئەکتەری سوێدیدا، بۆی دەرکەوت کە هەردووکیان هەڵگری هەمان بیروڕان، لەبارەی ئەو یەکتری ناسینیشەوە "تۆم فیوردە" دەڵێت: "ماوەی شەش ساڵ لەشانۆی "ئۆدین"ی دانیمارکیدا ئیشم کرد، دواتریش چەند مانگێکم لەهیندستاندا بەسەر برد، بەمەبەستی لەنزیکەوە دیراسەکردی سەمای "کتاکالی"ی هیندی –هەمیشە خەونم بەگەڕانەوە دەبینی بۆ سوێد، بەمەبەستی دامەزراندنی تیپێکی نوێ کە جیاوازیەکی زۆری هەبێت لەگەڵ تیپەکانی ئەو سەردەمەدا. دواتریش بۆم دەرکەوت کە "کارلسۆن"یش بۆ هەمان مەبەست لەکارکردنی بێوچاندایە، لەساڵی 1980دا گەڕامەوە سوێدو چاوم بە "کارلسۆن" کەوتەوە. هەردووکمان پێشتر سەودا سەری میتۆدی مایر هۆڵد بووین. لێرەدا گەڕایینەوە سەر فیکرەی خۆمان لەبارەی مایر هۆڵدەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: لەپێناوی خوڵقاندنی شانۆیەکی نوێدا دەبێت فێرگەیەکی پەروەردەیی نوێ بۆ ئەکتەر دابمەزرێنین، چونکە بەئەکتەری کۆن شانۆی نوێ دانامەزرێت.

هەر لەو دەرەئەنجامەشدا کەوتینە گەڕان بەدوای هەموو شکڵەکانی هونەری ئەکتەردا".

"ئەیان واتسۆن"ی تۆژەرەوەی شانۆیی لەکتێبی "شانۆی سێهەم"دا کە لە لەندەن دەرکرا دەڵێت: "وەچەی شانۆی" "باربا" لەسەدەی بیستەمدا. پێ دەچێت لە مایر هۆڵدەوە دەستی پێکردبێت وەك لەستانسلافسکی، هەروەها دەڵێت: "گومان لەوەدا نیە کە ستانسلافسکی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گرنگترین لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەهونەری ئەکتەر

ئەنجام داوە، دواى ئەويش ڕابەرى "باربا" كرۆتۆفسكى، بەڵام "باربا" هەموو ڕێساكانى میتۆدەكەى ستانسلافسكیى ڕەت كردەوەو بۆ خۆى ئەو شانۆیەى گرتەبەر كە زمانێكى تایبەت بەخۆى هەیەو لەسەر شانۆ لاسایى ساتەوەختەكانى ژیانى ڕۆژانە ناكاتەوە. بۆیە (باربا) گەشەى بەشانۆیەكدا كە تیایدا دەقى نمایش زیاتر ڕۆڵى هەیە وەك لەراڤەى ڕاستگۆیانەى وشەكانى (شانۆنووس) یاخود (نووسەر)، هەروەها دەكرێت تیایدا پەیوەست بوونەكانى نێوان بینەران لەپێناوى پێكهاتەدا ڕەفزبكرێن‌و پەیوەندیى نێوان ئەكتەرو بینەر هەڵبوەشێنرێتەوەو لەهەموو بەرهەمێكدا فەزایەكى نمایش بسازێنرێت، هەموو ئەم بیرۆكانەش زیاتر پەیوەندیى دارە بەشانۆى مایر هۆڵدەوە نەك بەشانۆى ستانسلافسكى‌یەوە. دیارە كاریگەریى مایر هۆڵد لەسەر (باربا) ئاشكرایە، بەتایبەتى لەقۆناغى یەكەمى ئیش كردنى‌دا لەگەڵ شانۆى "ئۆدین"دا، كە بەئاسانى دەكرێت پەنجە بخرێتە سەر ئەو شتانەى كە لەمیتۆدى بایۆمیكایك وەرگیراوەو ناوى تریان لێ نراوە. وەك: "ساتس Sata كە وشەیەكى نەرویجى‌یە بەرامبەر بەگەڕانەوە "الارتداد"، یان Expressivity"بەر لەتەعبیریەت" لەبەرامبەر زاراوەى "راكوس"ى ڕوسى هەروەك لاى هەریەك لە مایر هۆڵدو ئیزنشتین ناوى براوە. كاریگەریى مایر هۆڵد لەسەر (باربا) لەسێ ڕووەوە دەردەكەوێت:

1–مەشق كردن، باربا بۆ خولّقاندنى ئیتۆدى تایبەت بەتەعبیرەكانى جەستەو گەشەپێدانى توانا جەستەییەكانى ئەكتەر سوودى زۆرى لەئیتۆدەكانى بایۆمیكانیك وەرگرتووە، "ئەیان واتسۆن" لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەم ئیشە پەیوەندى دارە بەكۆمەڵەى بایۆمیكانیكەوە، بووە هۆى فەراهەم هاتنى گرنگترین نوێخوازى لەبوارى مەشق كردنا، بارباو ئەكتەرەكانى زنجیرەیەك ئیتۆدى پێكهاتوو لەجوڵەى بەدوایەكدا هاتوویان پەرەپێدا، كە بەپێى بۆچوونى یەك لەئەكتەرەكان بریتى بوو لە: "چەند دیمەنێكى كورتى بێدەنگ پێكهاتوو لەكردە فسیۆلۆژیەكان". هەرچەندە ئەو مەشقانە قەرزارى مایر هۆڵد بوون، بەڵام بریتى نەبوو لەدووبارە خولّقاندنەوەى بایۆمیكانیك، چونكە ئیتۆدەكانى شانۆى "ئۆدین" بۆ خۆیان ڕەسەن بوون‌و لەلایەن ئەكتەرەكانەوە بە "ارتجال" پەرەیان پێدرا، بەپێچەوانەى ئەمەشەوە، مەشقەكانى مایر هۆڵد یەك ئەكتەریان لەخۆدەگرت‌و بەردەومایش لەگۆڕاندا بوون".

2–لەرەفزكردنى شێوازى گێڕانەوە لەنمایشدا، (باربا) شێوازى ئاوێتە كردن‌و دووبارە بونیادنانەوەى دیمەنەكانى "ئەبیسوود"ى بەكارهێنا، لەسەر هەمان شێوازى مایر هۆڵد لەشانۆو "ئیزنشتین" لەسینەمادا. جیاوازیى ئەو دوو شێوازەش لەوەدایە كە باربا بەگشتى دەقە شانۆییەكان لەدەقى ئەدەبى‌یەوە وەرناگرێت، بەڵكو دەقى ئەدەبى‌و چەند پەرەگرافێكى لەدەقى جۆراو جۆر وەردەگرت‌و لەڕێى داهێنانەكان‌و "ارتجال"ى ئەكتەرەوە بەپلەى یەكەم دیمەنەكانى دادەمەزراند، لەوەشدا لەئاراستە هونەرییەكەى نمایش‌و ناوەڕۆكى "گرۆتیسكى" دامەزراو لەسەر دوالیزمەیى‌دا لەگەڵ مایر هۆڵدا یەكى دەگرتەوە. هەرچى پێكهێنانى بونیادنانى دیمەنەكانیشە لاى مایر هۆڵد، دەچێتە ژێر بارى بەڕێوەچوونەكانى نمایش‌و ڕیتمەكانى‌و ناوەڕۆكى گرۆتیسكى كە دەرهێنەر لەئەندازەیەكى تۆكمەدا دیاریى دەكردن.

3–شێوازى نمایش لاى باربا لەسەر گروتیسك دامەزرا بوو، چونكە بەشێوازى ناواقعى لەنمایش كردن‌و، زیادەڕەویش لەخستنە ڕووى نمونە كەسێتى‌یەكان، هەمیشە گروتیسكى مایر هۆڵدمان دێنێتەوە یاد، دیارە ئەوەش تەنها لەلایەنى شێوازەوە، لێ دەستكارى كردنى ناوەڕك‌و قوڵایى ڕوئیاكەى.

"دوور لەوقیعیەت، ژمارەیەکی زۆر لەکارەکتەرەکان لەئیشی ئەم هونەرمەندەدا، گەورەتر دەردەکەون لەو نموونانەی ژیان کە کارەکتەرەکانی لەڕێی جلو بەرگیان یاخود لەڕێی جوڵەو شێواندنی جەستەیانەوە وێنە دەگیرێن، یاخود لەڕێی تەعبیرە دەنگی‌یەکانەوە لەشێوازێکدا کە زۆرتر لەچەمکی مایر هۆڵدەوە لە "گروتیسك"دا نزیکترە وەك لەچەمکی واقیعی سایکۆلۆژی لای ستانسلافسکی".

4–تیزی تیۆری: لەمیانەی بەراوردکردنێکی تەواودا لەنێوان زاراوەکانی (باربا)دا لەبارەی "چەسپان، هاوسەنگی، وزە، ڕیتم، گەڕانەوە، ئامادەیی لەگەڵ زاراوەکانی (بایۆمیکانیك) لەمیتۆدی مایر هۆڵدا، دەگەینە ئەوەی ڕیشەی ئەو زاراوانەی کە ئەمڕۆ بەمولکی باربا دادەنرێن، لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدی بایۆمیکانیك.

## قۆناغی یەکەم لەئیش کردنی تیپی شەهرەزادا

شانۆی شەهرەزاد لەساڵی 1976دا کرایەوەو لەگەڵ هەندێ دابڕاندا تا ساڵی 1986 بەردەوام بوو. لەدووەم ساڵی سەرەتایدا بەهۆی کەمی‌ی دارایی‌یەوە دوچاری دابڕان هات. دەشتوانین ئەو دووساڵە بەقۆناغی کاریگەریی "کرۆتۆفسکی" دابنێین لەسەر شانۆی شەهرەزاد. هەروەك "کارلسۆتیش" باسی دەکات، کاریگەریی کرۆتۆفسکی لەمیانەی ئیش کردنی کارلسۆن خۆیەوە لەگەڵ "سورین لارسۆف"ی قوتابیی کرۆتۆفسکی‌یەوە گوێزرایەوە بۆ شانۆی شەهرەزاد.

شانۆی شەهرەزاد لەکرۆتۆفسکییەوە میتۆدی مەشق کردنی جیای لەنمایش وەرگرت... بەمانایەکی دی، ئەنجامدانی مەشقەکانی بۆ خۆی بەمەبەستی نمایشی شانۆیی نیە، بەقەدەر ئەوەی کە مەشقەکان وەك میتۆدێکی تایبەتی بن لەپەروەردەکردنی ئەکتەرو گەشەپێدانی تواناکانی داهێنانی.

"گرۆتۆفسکی" دەڵێت: "مەشقی شانۆیی "ترینییغ" نابێت ئامانجێکی تایبەتیی هەبێت کە تەنها بۆ نمایشی شانۆیی ئامادەکرا بێت".

فیکرەی دووهەم کە شانۆی شەهرەزاد لەکرۆتۆفسکی وەرگرت، بریتی‌یە لە "دانان/ نیشتەجێ کردن/ دابەزاندنی ئەکتەر لەفەزای بۆشدا، بەوەش چەند بوارێکی بەرفراوان بۆ ئەکتەر ڕەخسا بۆتە عبیرە جەستەییەکانی. دواتریش گرووپی شەهرەزاد لەدژی نەریتەکانی کۆمیدیای "دیلارتی" وەستانەوە، واتە لەسەماو جومناستیك.

واتە دەست نیشان کردنی بوارە جیاجیاکانی تەعبیری حەرەکی لەوانەش جۆرەها بازدانو بونیادنانی هەڕەمە جەستەییەکانو... هتد.

قۆناغی دووەمی ئیش کردنی شانۆی شەهرەزاد لەساڵی 1979ەوە دەست پێ دەکات، لەو دەمەدا کە ژمارەیەك لەئەکتەرو خاوەن وزەکانی هاتنە نێو تیپەکە، لەوانەی کەتوانای تایبەتیان هەبوو لەئەزموونی ناوازە لەبوارەکانی دووبارە ئامادەکردن "التاهیل"و ئەزمونی زۆریان هەبوو لەمەشقدا وەك ئەکتەر. دوو کەسێتی‌ی گرنگیش لەوانە بریتی بوو لە: "هانس ساندکیفرست"و کچە ئەکتەر "ماریا ئەریکسۆن" کەدوای دەرچوونی لەپەیمانگای سەمای کلاسیکی وەك سەماکەرێکی باڵێ دەستبەکار بوو، میتۆدی مەشقی سەمای کلاسیکی هێنایە شانۆکەوە، بەتایبەتی ڕاهێنانی ئەکتەرەکان لەسەر هونەری تەعبیرکردن بەئیشارەت، هەردوو قۆڵەکان، هەردوو شان، کلاسیکی‌و سەر... هتد. کە هەموو ئەوانە لەسەر هونەری سەمای کلاسیکی دامەزراون: ئەوەش یارمەتی دەرێکی زۆر بوو بۆ کەسێتی‌ی "ماریا ئەریکسۆن" خۆی کاتێك لەسەر میتۆدی بایۆمیکانیك کاری لەگەڵدا کرا.

هەرچی "هانس ساندکیفرست"یشە، میتۆدێکی مەشق کردنی تاکەکەسی تایبەت بەخۆی دامەزراند کە لەسەر ئەزمونە تاقیگەییەکانی کرۆتۆفسکی

دامەزاروە. "تۆم فیوردە فالك" بەئەزموندارییی خۆی لەکاتی ئیش کردنیدا لەگەڵ شانۆی "ئۆدین پیاتر" (شانۆی ئۆجین باربا)دا، هاوکارییو هاوبەشیی تەواوی کرد لەنویٚ کردنەوەی مەشقەکانی ئەم تیپەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەهیندستان شارەزایی پەیدا کرد لەسەمای هیندیی "کتاکالی"دا، "تۆم فیوردە فالك" هەروەها خواستی ئەکتەرەکانی گەرمتر کرد بۆ شارەزایی پەیدا کردن لەشانۆی خۆرهەڵاتیی، هەروەها وەك ئەکتەرێكو پەروەردەکارێك بەشدار بوو لەمەشق پیٚکردنی ئەکتەرانی تیپی شەهرەزاد لەسەر مەشقە هیندیەکان، تەعبیرکردن بەئیشارەت لەسەر شێوازی ئاسیایی.

جیٚی باسەکە هونەری "کاتاکالی"ی هیندی لەسەر داستانی چیرۆکە قارەمانێتیو ئەسپ سواریەکانو "مەهابارتا" دامەزراوەو هەموو حیکایەتێکیش لەسەر شکڵی نمایشێك بەتەپڵ لێدانەوە پێشکەش کراوە. تەنها ئەکتەری ڕەگەز نێریش لەنمایشەکاندا بەشدارییان کردووە. "کاتاکالی" پێویستیٚیەکی زۆری بەئامادەیی جەستەییو خۆراهێنانو دەنگی نەرمو تەرکیزی گەورەی ناوەکی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئەکتەرەکان ڕۆڵی ئافرەتان "خواوەندە ئافرەتەکانی" ئەفسانەکان دەبینن. بەشێوەیەکی ئاسایی لەتەمەنی 10 ساڵیەوە خۆئامادەکردنو مەشق دەست پیٚدەکاتو مەشقەکانیش لەکاتژمێر 4ی بەیانی تاکو 9ی شەو دەخایەنێت. لەهونەری "کاتاکالی"دا ئەکتەر دەبیٚ ئەدای ژمارەیکی زۆر گۆڕانو سیستەمی ئیشارەتە ناسراوەکان بە "مودراس" فێر بێت.

"تۆم فیوردە فالك" بەوپەڕی تۆکمەیی سیستەمی ڕاهێنانی ئیشارەتەکانی هونەری "کاتاکالی"ی هێنایە نێو میتۆدی مەشقی تیپی شەهرەزادەوە، هەروەها مەشق کردنیش لەسەر بینینی ڕۆڵی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە. دواتریش "فیوردە فالك" خۆی لەپرۆگرامەکانی تیپەکەدا چەندەها ڕۆڵی ئافرەتانی ئەدا کردووە. لەساڵی 1979شدا بیرۆکەی بانگێشت کردنی ئەکتەرو دەرهێنەرو پسپۆرانی شانۆیی لەچەندەها وڵاتو وڵاتانی ئاسیا لای ئەم تیپە گەڵاڵە بوو، بەمەبەستی ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری فیکرەو ئەزمونەکانیان بنو سوودیان لیٚ وەربگرن. یەکەمین داوەتنامەی لەو جۆرەش "سانجوتا بانگراهیی" کچە سەماکەری ناوداری هیندیی گرتەوە، بۆ ڕێکخستنی نمایشو چەند وانەیەك لەبارەی سەمای هیندیەوە، ئەویش چەندەها وانەو ئەڵقەی مەشقی ڕێکسخت، کە تیایدا زۆرێك لەپسپۆرانو ئەزمونداارانی شانۆ ئامادەبوون، وەك "پاتریس باردی"و هونەرمەندی دیکۆرکێش "سیرجی یسیان" کە لەروسیاوە هاتبوو. باسی بنەڕەتی لەو ئەڵقە دیراسەییەدا، بریتی بوو لە پەیوەندی ئەکتەر بەهاوڕیٚ ئەکتەرەکەیو بنەماکانی یاری کردنو دواتریش تەرکیز کردن لەسەر دۆزینەوەی دینامیکیەتی ئەو پەیوەندیەو کارکردن لەسەر دۆزینەوەی ڕیتمو هاوسەنگی. "ولیام کارلسۆن" ئەمەی وتو دواتریش دەڵێت: "خاڵی دەستبەکار بوونی تیپی شەهرەزاد بریتی بوو لەفەراهەم هێنانی شانۆیەك، کە تیایدا ئەکتەر لەسەنتەردا وەستابێتو ئەدای جوڵەکانیش تەنها بەمەبەستی خولڨاندنی تابلۆیەکی ستاتیکا ئامێز نەبێت، بەڵکو بەمەبەستی خولڨاندنی هاوسەنگیٚیەکی کۆمەڵایەتی بێت.

شانۆی شەهرەزاد سەرەتا چاوی لەشانۆی "ئۆدین" کردو ئەو شانۆیەی کردە نمونە، بەڵام دوای گوزەرکردنی ماوەیەك لەمەشقەکانو ئەنجامدانی چەند وەرشەو دیمانەیەك، شانۆی شەهرەزاد میتۆدێکی تایبەت بەخۆی دامەزراند. کەژانری سەرەکی تیایدا بریتیٚیە لەکارکردنی ئەکتەر لەگەڵ هاوڕێکەیدا لەفەزای بۆشدا، دیارە تیپی شەهرەزاد ئەم بیرۆکەیان لەکرۆتۆفسکی وەرگرت. تیپی شەهرەزاد میتۆدی مەشق کردنی خۆی بۆ

ئەکتەرەکان لەبیرۆکەی "کۆمپۆزیـــــــشین- پێکهێنـان-التکوین"ی شـــانۆی "ئـــۆدین"ی دانیماریکیــــــــە لەیەکەیـــەکی مەشـــق کردنـــــی تـــــەواوکار "متکامـــــل"، کـــە لەژمارەیـــەك مەشـــقی پێکـــــەوە بەســـــتراو پێکهاتووە،و لـەمیتۆدە شـــانۆییە فـــسیۆلۆژیە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، وەك بایۆمیکانیکی مایر



دیمەنێك لەشانۆیی (المفتیش العام)

هۆڵـدو شـانۆی کـابوکیو "نـو"و سـەمای هینـدیو پانتۆمـایمو نەریتــەکانی کۆمیـدیای "دیلارتـــی"و چـەندەها هونـەریی دیکـەی شـانۆی گـەلانی دێـرین. بـەڵام بەپلـەی یەکـەم زیـاتر بایـەخ بەمەشـق کـردنو ئامادەکردنی ئەکتەر دەدرا وەك لەوەی بایەخ بـدرێت بەپیشکەش کردنی نمایشە شانۆییەکان.

"یـۆجین باربـا"ی دامەزرێنـەرو دەرهێنـەری یەکـەمی شانۆی "ئـۆدین"، پـێی وایـە کـە مەشـقی شـانۆیی تـــۆوێکی نادیــــارەو دەبێتـــــە هـــۆی بـــــەرگرتنو گەشەسەندنی نمایش.

کاتێکیش باربا شانۆی "ئۆدین"ی دامەزراند، تەمەنی لە27 ساڵێ گوزەری نەکرد بوو تیپەکەش بریتی بـوو لەچەند ئەکتەرێکی لاوی کەم ئـەزموون... کـە بـەرۆژ ئیشی دیکەیان دەکردو شەوانیش سەرگەرمی مەشقی شانۆیی بووین. دوای ساڵێکی تـەواو لەمەشـق کـردن، تیپەکـە لەنەرویجـەوە گواسـترایەوە بـۆ "هولـستبرو" لەدانیمارکو لەوێندەر بارەگای تایبەتی بۆ دانرا، لـەو شارەدا کە ژمارەی دانیـشتوانی نیزیکـەی 20 هـەزار کـــەس دەبـــوو. لـــەو شــــارەداو لەســــیمینارە سـەرەتاییەکانی ئـەم تیپـەدا ژمارەیـەك شـانۆکاری

نـاوداری وەك "جـان لـوی بـارو"و "داریۆفـــۆ"و "دیکرۆ" بەشدارییان کرد.

لـەبواری تیۆریـشدا، ئـەم تیپـە ژمارەیـەك بابـەتو دیراسەو کتێبی لەتیۆری تـەکنیكو جۆرەهـا هونـەری شـانۆییدا بڵاوکـردەوە. لەسـەرو هەمووشـیانەوە، دیراسەیەکی درێژخایەنی "یـۆجین باربـا" خـۆی بـوو سەبارەت بەشانۆی مایر هۆڵد کە لەگۆڤاری تیپەکـەدا بەناوی "شانۆ: تەکنیكو تیۆر"دا بڵاوکرایەوە". باربـا لـەبارەی مـایر هۆڵـدەو دەنوسـێت: "مـایر هۆڵـد نوێکەرەوەی میتۆدی مەشقی ئەکتەرە، ئـەو بایـەخی زۆری دەدا بەدینامیکیــــەتی جەســــتەی ئەکتـــەر، گاڵتەجاڕیی ڕۆمانتیکیو تێك شکاندنی "ایهـام" "کـە ماوەیەکی زۆر بەر لەبرێخت دەرکەتبوو".

مـایر هۆڵـد لەهــەموو ئـەو حاڵەتانـەدا بەروئیایـەکی تایبەتــەوە بـۆ جیهـان کـاری دەکـردو بـەدیارترین شانۆکارانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.

### ژیانی مایر هۆڵد لە نمایشێکی مەجازیدا

باربـا لەکتێبەکەیـدا "دورگـە سـەرئاوکەوتووەکان" بەوردی بیرۆکەکانی خـۆی سـەبارەت بـەتیۆری شـانۆ

دەخاتەڕوو: "بیرۆکەی کۆمپۆزیشین لەمەشق کردنا لەلایەن (یۆجین باربا)وە داهێنرا، کە بریتییە لەمیتۆدێکی تایبەت بەڕاهێنانی تاکە کەسیی گونجاو لەگەڵ توانا و لێهاتنەکانی ئەکتەرو پیویستییە تەکنیکیو ڕۆحیەکانی. لەڕاستیدا بیرۆکەی مەشقو ڕاهێنانی تاکە کەسیو تەرکیزکردن لەسەر تایبەتمەندێتییە مرۆییەکانی ئەکتەرو ناسینی نهێنییە ڕۆحیەکانی، خۆی لەخۆیدا بیرۆکەیەکی کرۆتۆفسکییانە بوو. چونکە کرۆتۆفسکی لەسەرەتای ئیش کردنیدا لەئەزمونگەدا ئاگاداری ئەو لایەنە بووە لەو بارەیەشەوە دەڵێت: "خاڵی دەست پێکردنی مەشقەکان بۆ هەموولا هەمان خاڵە هەرچۆنێك بێت، باڕاهێنانە جەستەییەکان بکەینە نمونە. لێرەشدا ژانرەکانی مەشق کردن هەمان ژانرن لای هەمووان، بەڵام دەبێ هەر کەسەو بەپێی تایبەتمەندێتیی خۆی ئەدای بکات، دیارە بینەران ئاسانتر بەپێی تایبەمەندێتییە تاکە کەسییەکان جیاوازیەکان دەبینین.

لەسەرەتای ئیش کردنیدا لەگەڵ شانۆی "ئۆدین"دا، "باربا" چەمکی مەشقە بەکۆمەڵەکانی بۆ ئەکتەران جێبەجێ کرد. بەڵام دوای ماوەیەك گەیشتە ئەوەی کە مەشقە بەکۆمەڵەکان سوودێکی ئەوتۆیان نیە. لەبەر ئەوەی مادامەکی ئەکتەری خاوەن توانا و لێهاتن هەیە لەبواری ئەکرۆپاتیکدا، بەپێچەوانەی ئەکتەری ترەوە کە ڕەنگە ئەمیان لەبواری سەمادا گەشەپێدانو پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکانو داهێنانەکانی ئەکتەر بەرجەستە بکات.

بۆیە دەبینین پرۆسەی نواندن لەنمایشەکانی باربادا هەمیشە توانای جۆراو جۆری تاکەکەسی بەشێوەیەکی تایبەتی جیاواز لەوانی دی دەخاتەڕوو. چونکە ئەکتەر لەشانۆی باربادا لەگەڵ بابەتو کەرەستەکانی خۆیدا ئیش دەکاتو بەردەوام دەبێت لەگەشەپێدانی داهێنانو "ارتجال" تایبەتەکانی خۆی، تادەگاتە ئەوەی لەکۆتاییدا زنجیرەیەك هەڵوێستی داهێنراو لەرۆڵەکەیدا پێك بهێنێت، بەمجۆرەش کۆی هەڵوێستو حاڵەتەدا هێنراوە تاکەکەسییەکان لەشکڵی نمایشێکی شانۆییدا یەك دەگرن بەوەش دەوترێ حاڵەتە بەکۆمەڵەکان.

"تۆم فیوردە فالك" دەڵێت: "لەشانۆی "ئۆدین"دا هەر خۆم بەتەنها بەمەشقەکان هەڵدەسامو هیچ ئەکتەرێك لەمەشقەکاندا بەشداریی نەدەکەردم. بەڵام لەشانۆی شەهرەزادا مەشقەکان مۆرکێکی تاکە کەسیان نەبوو. بەڵکو ڕاهێنانی هاوبەش ئەنجام دەدرا. ئەوەی کە لەکۆرسەکەشدا پێگەی گرنگی خۆی داگیردەکرد بریتی بوو لەخودی ئەکتەر لەکۆمەڵەکەدا. ئەوەش کاریگەرییەکی پۆزەتیڤو بەرهەمێکی زۆرو ئازادیەکی زۆرتری بەرهەم هێنا لەشارەزا بوونمان لەئەزموونەکانی یەکتری. ئەکتەرەکانی شانۆی شەهرەزاد مەشق کردنی تاکەکەسییان ڕەفز کردو هەوڵیاندا کە لەگەڵ "بارتنر" واتە "هاوڕێ ئەکتەری دووهەمدا" ئیش بکەن، بەڵام بەبێ پلانی پێش وەختو خۆئامادەکردن بۆ ئیش کردن.

حاڵەتو هەولۆێستەکان کاردانەوەو جوڵەی ئەکتەر دیاری دەکەن: "هەوڵدان بۆ گەیشتن بەدوا پلەی وردەکاری لەجوڵە ئامانج دارەکاندا هەمیشە خواستێکی باڵا بووە. هەر ئەوەش ناوەرۆکی بایۆمیکانیکە... کەواتە بیرۆکەی بایۆمیکانیك بریتییە لەوەی کە: جوڵەی ئەکتەر لەخودی فیکرەکەیەوە هەڵدەقوڵێتو ئەو جوڵەیەش دەبێ مانا و ئامانج داربێت هەر پێکهاتە"کۆمپۆزیشین " ێکیش لەچەند بەشێك پێك دێت وهەر بەشەیش جوڵەی خۆی دەوێت دیارە ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەبێ هەر جوڵەیەکیش دیاری کراو بێت، وەك ئەوەی لەواقیع دا پیادەدەکرێت، یان وەك ئەو مەشقە شانۆییانەی کە پێشتر دیاری کراون، یاخود لەمەشقە خۆکردەکان لەچوار چێوەی ڕاهێنان لەسەر مەشقێکی دیاری کراو.

لەبواری جوڵە خۆکردەکاندا ئەکتەر لەچوار چێوەی شکڵو ناوەڕۆدا دەجولێت، بەڵام لە "کۆمپۆزیشین"دا ئەکتەر بەپێچەوانەوە بیرۆکەیەك وەردەگرێت، دواتر بەهۆی جوڵەوە بەرجەستەی دەکات، دواجاریش لەگەڵ بەدوایەکدا هاتنی جوڵەکان، دەبینین لەشێوە فسیۆلۆژیەکدا، سەرجەم بیرۆکەکان بەرجەستەدەبنو ئەرکی ئەکتەریش بریتی دەبێت لەگەڕان بەدوای بیرۆکە گشتیەکەدا بەڕوونی، بۆ ئەوەی لەجوڵەی ئامانجداردا بەرجەستەی بکات. دیارە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕاهێنانەکانە لەسەر مەشقە ئامادەکراوەکان، کە تیایدا بابەت یاخود "گرێ" پێش وەخت ئامادەکراوەو ئەکتەر هێندەی لەسەرە کە بەرجەستەی بکات. شانۆی شەهرەزادیش بایەخێکی زۆریدا بەبەدی هێنانی ئەم میتۆدەی مەشقەکان.
"کارلسۆن"ی دەرهێنەر پرسیار لەوە دەکات کە ئاخۆ چۆن لەجوڵە مەشقێکی شانۆیی دەخولقێنێت؟
لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا هەر خۆی باس لەوە دەکات کە ئەکتەرەکان لەمەشقەکاندا لەجەستەی خۆیان چەندەها شکڵی درامییان پێك هێناوە. ئەگەر بەکامێرای فۆتۆگرافی وێنەی ئەو شکڵە جیاوازانە بگرین، بێگومان جەستەکان لەچەندەها پێکهاتەی جۆراو جۆردا دەبینین. هەر لەڕێی ئەو پێکهاتانەیشەوە توانیمان حاڵەتو بارەکان "الأوضاع"و تەنانەت بیرۆکەکانی مرۆڤو ئامانجی جوڵەکانی مەشقێك بەرجەستە بکەین چونکە هەر پێکهاتە "کۆمپۆزیشین"ێك لەچەند جوڵەیەکی بەدوایەکدا هاتووپێك دێت. کە زۆر جارناگەنە کۆتاییو دەپچڕێن، بەڵکو زۆرجاریش بەخێرایی دەگوێزرێتەوە بۆ سەر جوڵەیەکی نوێ. بەم پرۆسەیەش دەوترێ جوڵە پچڕاوەکان، چونکە لەپچڕاندنی جوڵەکاندا تایبەتمەندیەکی گرنگ هەیە.
بەوەش هەمیشە "ریتمێکی" نوێ دەخولقێنێت.
کارلسۆن دواتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە:
"لەرەوتماندا بەم ئاراستەیەدا گەیشتن بەبایۆمیکانیك وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو سیستەمێکی پڕ وردەکاری لەزانستی جوڵەدا.
بایۆمیکانیکیش تاکە میتۆدەکە جوڵەی کردۆتە بنەمایەکی خۆی. ئێمەش دوای مەشقو ڕاهێنانێکی زۆر گەیشتین بەو میتۆدە.

## شانۆی شەهرەزادو بایۆمیکانیك

دیراسەکردنی پراکتیزەی میتۆدی بایۆمیکانیك لەشانۆی شەهرەزادا دەرئەنجامی تۆژینەوەی بەردەوام بوو بۆ چەمكو گرنگیی بایەخی ژانری "پلاستیکا" لەهونەری نواندندا. ئەم بیرۆکەیەش لای ئەکتەرانی شانۆی شەهرەزاد هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تیپەکەوە وەك بیرو ڕایەك مومارەسە دەکرا، ئەکتەرەکانیش بیرۆکەکانیان لەکرۆتۆفسکیو بارباو نەریتەکانی شانۆی ئاسیاییەوە وەردەگرت.
کارلسۆن باس لەوە دەکات کە ئەکتەرەکانی ئەم تیپە بایەخی زۆریان دەدا بەخوێندنەوەی ئەزمونی ئەکتەرە دێرینەکان. "کارلسۆن" دەڵێت: "ئێمە لەشێوازەکانی ئەدا لەشانۆکانی چەرخەکانی ناوەندا زۆر قووڵ دەبووینەوە. بەوەش تیپەکەمان کەرەستەیەکی بەپێزو کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی دۆزیەوە، بەتایبەتی لەبواری ڕێگەکانی ئامادە بوون لەفەزای شانۆو هەروەها چوونە دەرەوەدا.
"ئەکتەر دەبێ بچێتە فەزای شانۆکەو بەهەر شێوازێك بێت لەناوەڕاستا بوەستێت، بەجۆرێك کە یەکێك لەقاچەکانی بەرەو بینەران درێژ بکاتەوەو یەك لەدەستەکانیشی کەمێك بەرز بکاتەوە، ئیشارەتو ئاماژەکانیش دەبێ وردو جوانو ڕەهاو ئامانجدار بن.
ئیدی لەوساتەوەختەوە بیرۆکەی بەکارهێنانی "پلاستیکا" لەشانۆدا گرنگیی خۆی هەبوو؟
کارلسۆن لەشێوازەکانی ئەدای شانۆکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بنەمای "ستایل"و پێویستی ئەو بنەمایە وەردەگرێت لەپەی بردن بەناوەڕۆکی

کارەکتەرو دیمەنە شانۆییەکان. لە(ستایل)یشدا پلاستیکا دەبێتە زمانێکی شانۆیی مەبەستو ئامانجدارو لەهەمان کاتیشدا دەبێتە خاوەنی مۆرکێکی جوانکاریی پڕ لە "رشاقە"و "مرونە"و ژانری سەرەکی لەئەدای بایۆمیکانیکدا پێك دەهێنێت. کارلسۆن وادەبینێ کە ئامانجی بایۆمیکانیك ئامادەگیو کارایی ئەکتەرە لەنمایشدا، دەبێ کەرەستە جەستەییەکەش لەئاستی ئەرکە دراماییەکەدا بێت، بەمەبەستی گەیشتن بەو خواستەش، دەبێ ئەکتەر هەر تەنها پەنا بۆ ئەزمونەکانی ژیان نەبات، بەڵکو لەسۆراخی بۆچوونی هونەریی جوڵەدا بێت، ئەکتەر دەبێ لەسەر شانۆ پلاستیکای ویستراو پەی پێ ببات.

ئەم پلاستیکایەش، وەك بنەمایەکی گرنگ، نابێ لای هەموو ئەکتەرەکان، بەیەك ئاراستەدا یەکسان بێت، یان دووبارە بێتەوەو "دووبارە بونیاد بنرێتەووە"، بەڵکو دەبێ لەگەڵ بیرۆکەی ئەکتەردا هاوجووت بێت. پەی بردن بەپلاستیکا پێویست دەبێ یەکەمین ئەرکی داهێنانکاریی ئەکتەر بێت.

لەزەمەنی ئیش کردنی شانۆی شەهرەزادا لەسەر میتۆدی بایۆمیکانیك. بیرۆکەی ڕێکخستنی نمایشێکی شانۆیی لەسەر ئیشەکانو ژیانی مایر هۆڵد فەراهەم هات، ئەو پرۆسەیەش ناوی دکتۆر دابر توتو"ی لێ نرا، ئەو نمایشەش هاوکات بوو لەگەڵ سازدانی چەند سیمینارێك لەسەر ڕەوتی داهێنانەکانی مایر هۆڵد، سیمینارەکانیش لەمانگی شوباتی ساڵی 1981دا بەستران، هەروەها لەسیمیناری جیهانیی تایبەت بەهەمان بۆنەوە، مەشقەکانی مایر هۆڵد لەبایۆمیکانیکدا پیشانی بینەران درا، گەرچی تیپی شەهرەزاد هەوڵیدا کە لەشکڵێکی وێنەییدا مەشقەکانی مایر هۆڵد دووبارە نەکەنەوە، بەڵکو هەوڵیدا ڕاڤەیەکی باش بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەر لەمیانەی میتۆدی بایۆمیکانیکەوە پێشکەش بکات.


کارلسۆن باس لەوە دەکا کە کۆمەڵەکەیان لەشانۆی شەهرەزاددا توێژینەوەیەکی درێژو بەرفراوانیان لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی "میل گۆردون" لەبارەی بایۆمیکانیکەوە ئەنجامدراوە کە تیایدا چەندەها بۆچوونی گشتگیر لەبارەی مەشقەکانی بایۆمیکانیكو وەرشەی بیستەکانی مایر هۆڵد دەخاتە ڕوو. کارلسۆن دەڵێت: "ئامانجمان لەدیراسەکردنی "میل گۆردون" Mel Gordon 101 بریتی بوو لەتێگەیشتنی تەواو لەمیتۆدی مایر هۆڵد و دورکەوتنەوە لەگواستنەوەیدەقاودەقو دووبارە بونیادنانەوەی شکڵیی ئەوەی کە مایر هۆڵد بونیادی ناوە. ئێمە لەو ئیشەماندا خوازیاری پەی بردن بووین بەپەیوەندی نێوان جوڵەو ئەو بیرۆکەیە کە جوڵەی لێ فەراهەم دێت. دیارە ئێمە توانای ئەوەمان نیە هەمان ئیشی مایر هۆڵد بکەین کە ئەو شەست ساڵ بەر لەهەنوکە ئەنجامی داوە. بەڵکو ئەوەی لای ئێمە گرنگو جێ بایەخە ئەوەیە کە بزانین مایر هۆڵد چۆن ئەو کارەی بەئەنجام گەیاندووە، تاکو ئێمەش بۆ خۆمانو لەسەر شێوازی تایبەتی خۆمان هەمان پرۆسەبەدی بهێننو بەڵام دەتوانین سوود لەیاساو بنەما سەرەکیەکانی ئەو بایۆمیکانیکە وەربگرین" کارلسۆن دەگاتە دەرئەنجامێك کە بریتییە لەوەی" دیراسەکردنو بەدوادا چوونی شێوازە پەروەردەییو تەکنیکیيە دێرینەکانی شانۆ کارێکی پێویستە. نەك بەمەبەستی دووبارەو لاسایی کردنەوەی کوێرانەیان، بەڵکو جەوهەریەکانیان. ئەوەش بەخشیشی مایر هۆڵد بوو بۆ شانۆی هاوچەرخ "دیراسەکردنی یاساکانی شانۆ دێرینەکان مەسەلەیەکی گرنگە، دەبێ ئێمەش شێوازی خۆمان دیاری بکەین یاخود ئەو شێوازانە دەست نیشان بکەین کە دەخوازین ئیشیان لەسەر بکەین، بەمەبەستی دەستکاریو ڕاست کردنەوەیان نەوەك تەنها بەئامانجی پراکتیزە کردنیان. هەروەها دەبێ لەلۆژیکی ڕەخنەسازیەوە

مامەڵـــەیان لەتەکـــدا بکـــەین و لێیـــان وردبینـــەوەو دەستبەرداری شتە بێسوودەکان بین.

**مەشقەکانی "ترینینغ" لەشانۆی نوێ شەهرەزادا**

"ماریـا سـیتینیرت" لەلێکۆڵینەوەکەیـدا سـەبارەت بەشـانۆی شـەهرەزاد بـەناوی "جوڵـە لەفـەزادا" وێنەیەکی تەواوی مەشـقەکان لـە شـانۆی شـەهرەزادا باس دەکات .

"مەشـــــــــــقەکان ســـــــــــەرلەبەیانیەکی زوو دەستی پێکردبوو کاتێك یـەکێك لـە ئەکتـەرەکان بردمیــە هـــۆڵی ســاردو سرپونارێکی مەشقەکانەوە، لەودەمەدا کە ئەکتەرەکان یەك لەدوای یـەك دەهاتنـە هۆڵەکـەوە مـن ماوەیـەك بـەبێ دەنگـی دانیـشتم. دوای سڵاو لەیـەك کـردن و کورتــە لێـدوانێك لەگـەڵ یەکتری، بێ دەنگـی یـەك هاتـە ئـاراو دواتـر کەوتنـە ئـیش و کارەکـانی خۆیـان. "ئـــەم کـــچە نوســـەرە بەردەوام دەبێت لەقۆناغی یەکـــەمی مەشـــقەکان- الاحمـاء". کـە لـەزۆربـاردا بەتاکـە کەسـی و لەهەنـدێ بـاری دیکەشـدا شـکڵێکی بەکۆمـەڵیان لـەخۆدەگرت. بـەڵام ئـەم نوسـەرە زۆر جـەخت لەسـەر بایـەخی مەشـقی تاکـە کەسـی دەکاتـــەوە بـــۆ هـــەموو ئەکتەرەکانی شانۆی شەهرەزادو بـاس لـەوە دەکـات کە هەر ئەکتەرەو ڕەوتێکی تاکەکەسی لەمەشقەکاندا دەگرتەبـــەر" لەســـەرەتاوە دەتـــوانن ســـیماکانی جوڵـەکان بـەدی بکـەن و بـزانن چـۆن ئەکتـەرەکان پەیوەندییـــەك لـــەنێوان جوڵـــەو جەســـتەیاندا دەخولقێنن. لەهـەموو ئەوانەشـدا ڕیتمێکـی مۆسـیقی هەیـە کـە هێـدی هێـدی لەگـەڵ گـۆڕینی مەشـقە ســـەرەتاییەکاندا بـــۆ پێکهاتـــە جەســـتەییەکان



دەردەکــەوێت.ســەرەتا مەشــقەکان بەمەشــقی تاکەکەسی دەستیان پــێکردو دواتــر وردە وردە هــەر ئەکتەرەو لەگەڵ هاوڕێیەکیدا یەکی گرت. بـەڵام هـەر ئەکتــەرەو پارێزگــاریی دەکــرد لەکەســێتیو تایبەتمەنــدێتی خــۆی، چــونکە هــەموویان هــەوڵی ئــەوەیان دەدا هــەموو مەشــقەکان لەتابلۆیــەکی هارمۆنێکیدا یەکبخەن.

لەگـەڕان بـەدوای پەیوندیـدا، ئەکتـەرەکان چەشـنی نێــرراوان لەبەرامبــەری یــەکتری دەوەســتانو مەشـقەکانی "بـارتنر"یـان وەردەگـرتو دواتـر کـە دەڕۆیشتن، مۆرکێکی وایان لەلا بەجێ دەهێـشتی کـە ئەوان لەجوڵەدا خودی ستاتیکایان لەلا مەبەست نیە، بەقــەدەر ئــەوەی لەســۆراخی دژەکـرداره نـاوەکیو دەرەکیــەکانی ئــەوی دیــدان. "جوڵــەکان دەتــوت خــاوەن هێزێکــی پاڵنــەری ڕیتمــدارن لەگــەڵ وەســتانەکاندا، بەتایبــەتی کــە تــەعبیر یــاخود دەستەواژەکان ناتەواو دەبوون".

"ســتینیرت" دواتــر بــاس لەپێکهاتــەو ڕیتمــەکانی، وەستانەکان، سیمای ئەو کەسێتیيانەی کـە پێـشتر باسی لێوەکردوون دەکات. "کاری بەکۆمەڵ هەمیـشە لەپلـەی یەکەمـدا بـوو، دواجـار کارلـسۆن مەشـقێکی دیاری کراوی پێـشنیار کرد بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی پەیوەنـدیی هەرەمکەکییانــەی نێــوان ئەکتــەرەکان، ستینیلات هەروەها جـەخت لەسـەر ئـەو ڕۆڵـە گرنگـە دەکاتـەوە کـە کارلـسۆن بینیویـەتی لەپێـشەوایەتی کردنــی مەشــقی ئەکتــەرەکان. تەنانــەت خــۆی بــۆ ماوەیــەکی زۆر بــەبێ دەنگــی دەوەســتاو دەیڕوانیــە مەشــقەکان بەوپــەڕی بایەخــەوە هەنــدێ جــاریش بەدەنگێکی نـزم لێیـان دەچـووە پـێشو مەشـقەکەی پێ دەبڕینو مشتو مڕی لەگەڵدا دەکردن، بەتایبەتی ئـەو کاتانـەی کـە ئەکتـەرەکان جوڵـەکانیان دوبـارە دەکـردەوە، یـان لەبـەر زیـاتر تـەرکیز کـردن لەسـەر جەسـتەی خۆیـان پەوەندییـەکانی نێوانیـان لـەبیر دەچوویەوە.

مەسـەلەیەکی دیکـەی گـرنگ لـەئارادا هەیـە، ئـەویش ئاراســتەکردنی مەشــقەکانە بەشــێوەیەکی ڕاســت، کەواتە دەبێ بەردەوام ئەوە بەبیر ئەکتەر بهێنرێتەوە کە بوونی کەسی بەرامبەری واتە هاوڕێ ئەکتەرەکەی لـەبیر نـەکاتو یارمـەتییان بـدات لەدروسـت کردنـی پەیوەندیـەك لەگـەڵ یەکتریـدا. هـەروەها چـاودێری کردنی کـات لەپێکهاتەکانـدا "کۆمپۆزیـشین"و بـەدی هێنانی هەماهەنگیو هاوکات بوونێك بەهـەمان شـێوە گرنگیی خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیەش هەسـتکردن بـەبوونی کەسـی بەرامبـەر گەشـە دەسـێنێو هـەموو ئەکتەرێك سەرکەوتوو دەبێت لەپەی بردن بەریتمێکی هاوبەش لەگەڵ هاوڕێکەیدا.

دوو ئەکتەر یاخود سیان لەناوەڕاستدا کەوتنـە ئـیش کردنو ئەوانی دیکەیش لەدەورو بەریان. هەر کـاتیش ئەوانەی دەوروبەردەیانویست بچنە نێـو پێکهاتەکـەی ناوەڕاســتەوە، دەبوایــە جوڵــەی ئەکتــەرەکانی ناوەڕاستیان دووبارە بکردایەتـەوە. هـەر ئەکتـەرێکی کۆمەڵــەی ناوەڕاســتیش کــە دووبــارە بوونــەوەی جوڵەکــەی خــۆی دەبــینی، لــەگرووپی ناوەڕاســت دەهاتــە دەرێو ئەکتــەرێکی دی جــێی ئــەوی دەگرتـەوە. بـەمجۆرەش مەشـقەکان سـێ تـا چـوار کاتــژمێری دەخایانــد بــەبێ دابــڕانو پــچڕان، ڕۆژی دواتـریش هـەمان خـشتەی کـار لەگـەڵ زیـاترکردنی هەنــدێ بڕگــەی دەنگیــدا دووبــارە دەکرانــەوە. ئەکتــەرەکانیش لەتــەك ئــەدای دەقــە جیــاوازە شانۆییەکاندا مەشقەکانیان ئـەنجام دەدا کـە زۆربـەی بڕگەکانیش بڕگەی شیعری بـوون، ئـەرکی ئـەو بڕگـە شیعرییانەش بەپلـەی یەکـەم بریتـی بـوو لەگەیانـدنی تـەعبیرو هەسـتە شـیعرییەکە. هـەروەها زۆرجـاریش ئەدای دەنگو جوڵە لەدژی یەکتر دەوەستانەوە.

ئـەو سـیمینارە جیهانیـەش کـە لەسـەرەتای کتێبـە تایبەتەکەدا سەبارەت بەژیانی مایر هۆڵد باس کراو لە 19ی شــوباتی ســاڵی 1981دا ســازکرا، شــانۆی شــەهرەزاد بــەهاوکاریی "خانــەی ڕۆشــنبیری"

لەستۆکهۆڵم ڕێکیخست زۆرینەی دامو دەزگاکانی دەوڵەتیش، لەسەرو هەمووشیانەوە ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ هاوکاریو پشتگیریی کولتوری، لەڕێی کۆمەکیی داراییەوە بەشداری ئەو سیمینارەیان کرد. هەروەها زۆربەی سیمینارەکانیش لەهۆڵەکانی نێوەندی ڕۆشنبیریی ستۆکهۆڵمدا پێشکەش کران. بەشداربوانیش بریتی بوون لەشانۆکارانو توێژەرەوەکانی ئەوروپاو ئەمریکا. ئامانج لەو سیمینارانە بریتی بوو لە گۆڕینەوەی زانیاریەکان لەبارەی شانۆی مایر هۆڵدو بوعدە جیاوازەکانی، بەتایبەتی سەبارەت بەهونەری نواندنو "بایۆمیکانیك". هەروەها بوعدە ستاتیکیەکان لەنمایشەکانی مایر هۆڵد خۆیو ئیش کردنی ئەم دەرهێنەرە لەگەڵ دیکۆر سازاندا.

لەم سیمینارەدا "لارس کلیبێرگ"ی تۆژەرەوەو خاوەنی کتێبی "شانۆ وەك ئاکشن" نوێنەرایەتی وڵاتی سوێدی کردو کتێبەکەشی بەوردی باس لەئایندەگەریو بونیادگەریو پێشڕەوی (تەلیعی) دەکات. دیارە "کلیبێرگ" بەبوونی پەیوەندیەکی ڕۆشنبیریو شارەزایی تەواو لەبارەی شانۆی ڕووسیەوە ناسراوە، بەحوکمی ئەوەی ناوبراو کۆنسولی ڕۆشنبیریی وڵاتەکەی بووە لەمۆسکۆدا، بۆیە ئەم تۆژەرەوەیە بەلێکۆڵینەوەیەك لەژێر ناوی "شانۆی مایر هۆڵدو بینەر" بەشداریی لەو سیمینارەدا کرد.

سیمینارەکەش بەخوێندنەوەی نامەکانی مایر هۆڵد دەستی پێکرد کە بۆ هەریەك لە چیخۆفو زینادارایغی خێزانی نارد بوونیو نامەکانیش لەلایەن "ئۆلۆڤ بۆکاردی" ئەکتەرەوە خوێنرانەوە. دوای ئەو بڕگەیە، "أ. ف فیغرالسکی" قوتابی ویاریدەدەری مایر هۆڵد یاداشتەکانی خۆی لەگەڵ مایر هۆڵدا باس کرد. ئەوەش بەیەکەمین بابەتی بەشدار بوو دادەنرێت کە حکومەتی یەکێتیی سۆڤێت بواری بەشداری کردنیدا بوو لەسیمینارەکەدا.


بۆ ئەو سیمینارە "قوستەنتین ڕودنیتسکی" گەورە تۆژەرەوەی ڕوسیو خاوەنی گرنگترین کتێب لەبارەی مایر هۆڵدەوە بەناوی "مایر هۆڵدی دەرهێنەر–1969 مۆسکۆ" بانگێشت کرابوو. بەڵام ماوەیەکی کەم بەر لەسەفەرکردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەوە ڕێگەی بەشداریی کردنی لێ گیرا بوو.

لەپەراوێزی سیمینارەکەشدا پیشەنگایەکی فۆتۆگرافی لەبارەی ژیانو ئیشەکانی مایر هۆڵد خۆیو ئەو کتێبانەش کە سەبارەت بەو نوسرابون بەزمانە جیاجیاکان، سازکرا. هەروەها فیلمێکی تایبەت نمایش کرا کە مایر هۆڵد خۆی پاڵەوانی فیلمەکە بوو. وێرای پیشاندانی چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەبارەی نمایشە شانۆییەکانی ساڵەکانی سییەکانەوە.

شانۆی شەهرەزادیش دووجار بەشداریی سیمینارەکەی کرد، جاری یەکەم ئەکتەرانی ئەم شانۆیە نمایشێکیان لەبارەی مەشقەکانی بایۆمیکانیکەوە پێشکەش کردو ئەوەش هەوڵێکی خۆنزیکردنەوە بوو بۆ پێشکەش کردنی ئەو مەشقانەی کە لەوەرشەکانی مایر هۆڵدا نمایش دەکران دواتریش دووبارە کۆپی کردنەوەی وێنە فۆتۆگرافیەکان.

مەشقەکانیش بریتی بوون لە: خۆهەڵدانە سەرسینگی ئەکتەری بەرامبەر، لێدان بەخەنجەر، زللەوەشاندنو... هتد. بەشداریی دووهەمیش بریتی بوو لەنمایش کردنی دەقی "دکتۆر دابرتوتو".

دەشتوانین بڵێین نمایشی شانۆیی "دکتۆر دابرتوتو"، بریتی بوو لەچالاکترین بڕگەکانی سیمینارەکە، چونکە بۆچوونێکی بەهێزی لای هەموو بەشداربووان بەجێهێشت. بیرۆکەی شانۆییەکە هی نوسەر "بوبیرسۆن" بوو هەموو ئەندامانی تیپەکە لەنوسینیدا بەشدار بوونو دەقەکەش تایبەت بوو بەژیانی دەرهێنەری ناودار فسیفۆڵد مایر هۆڵد–



دیمەنێك لەشانۆیی (الفجر) 1920

دابرتوتو". لەو بارەیەوە "بۆبیرسۆن" دەڵێت: "بەمەبەستی پێشکەش کردنی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مایر هۆڵد، لەئامادەکردنی دەقەکەدا تەکنیکی مونتاژمان بەکارهێنا. چونکە ناکرێت بەزنجیرە بەدوای ڕەنگدانەوە مێژووییەکانی ژیانی مایر هۆڵد ا بگەڕێین. بەو هۆیەی هەموو شتێك لەو کارەدا بەشێوەیەکی مەجازی نمایش دەکرێت.

"دیارە ئێمە لەڕووداوەکانی ئەو دەقەدا گرنگترینو جوانترین حاڵەتەکانمان هەڵبژارد، دیمانەکانی، ڕووداوە گرنگەکانی وەك شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ستانسلافسکیو ئیش کردن لەشانۆیی "نەورەسەکە"و نمایشی میللی "ئەلیکزاندەر بلوك، ئەبولۆنییر، مایکوفسکی، زینادا ڕایخ، شانۆیی "المسخ ذو القرنین"، ئێمە هەمان شێوازی مایر هۆڵدمان لەمۆنتاژ کردندا بەکارهێنا، لەڕاستیدا ئەندێشەی خۆمان تەواو ڕەها کرد".

"لیتش" لەدەرەوەدا مەشق بەفێرخوازەکانی دەکات کارکردن لەسەر شانۆیی "دکتۆر دابرتوتو" زۆر دژوار بوو ماوەیەکی زۆری ئیش کردنی دەخواست لەلایەن نوسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانو تەکنیکیەکانو مۆسیقیەکانو هەموو ئەوانەی لەشانۆی شەهرەزادا ئیشیان دەکرد. ئەمە جگە لەوەی ئیش کردن لەسەر ئەو شانۆییە دیراسەکردنی هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی شانۆی مایر هۆڵدو میتۆدی شانۆیی ئەوی دەویست، هەر لە هێماکارییەوە تا بۆنیادگەریو بەدواداچوونی مایر هۆڵد لەسەردەمی خۆیداو ئەوانەی ئیشیان لەگەڵدا کردووە لەدۆستو نەیارانی.

"بیرسۆن" دەڵێت: "هەمیشە پرسیارێکمان لەخۆمان دەکرد: ئایا دەتوانین پەیوەندیەکی زیندوو لەگەڵ مایر هۆڵد ا ببەستین؟ دیارە هەنگاوی یەکەمیش لەو پێناوەدا بریتی بوو لەلێکۆڵینەوە لەژمارەیەکی بەسەریەکدا کەوتوو لەنوسین سەبارەت بە مایر هۆڵد. بۆیە ئێمەش دەستمان کرد بەلێکۆڵینەوە لەهەموو

نوسینەکانی مایر هۆڵدو تیۆریەکانی لەبارەی هونەری شانۆوە. سەرەڕای شیکردنەوەی نمایشی قۆناغی تێبینییەکانو گەواهی دانی هاوڕێو یاریدەرەکانیو لێدوانەکان لەبارەی ئیشو نامەو چالاکیەکانی ڕۆژانەی.

ئەمە سەرەڕای خوێندنەوەی بۆچوونو لێدوانی هاوچەرخەکانی خۆی لەگەورە دەرهێنەرانی وەك: "یەفرینۆف-تاییرۆڤ-فاختانکۆفو ستانسلافسکیی مامۆستایو... هتد. ئێمە هەوڵی ئەوەماندا کە شکڵێکی تایبەت بەبیرو باوەڕە پێشڕەویەکانی سەردەمی مایر هۆڵدو ئیشەکانی لەشانۆییەکەدا دابڕێژین.

لەکاتی ئیش کردندا، گۆڕانکارییەك بەسەر پلانو نەخشەکەماندا هات. ئێمە دواجار کەوتینە نێو کۆتو بەندی چارەنوسی نیمچە نادیاری مایر هۆڵد. دواتریش ئارەزووی ئەوەمان لەلا دروست بوو کە لەئیشە شانۆییەکانی مایر هۆڵدا قووڵ بینەوە. بەڵام بوعدەکانی باس کردنی ڕەوتی ژیانی مایر هۆڵد زاڵبونێکی دەویست بەسەر بوعدە هونەرییەکانی شانۆییەکەدا. بۆ نموونە بیرۆکەی کارەکتەری "بیرۆ"ی لێبووك "المهرج" لەنمایشی میللی "بلوك" لەساڵی 1906دا تاڕادەیەك سەرنجی ڕاکێشاین بۆ بەرجەستەکردنی، بەمەش بوارێکمان بۆ ڕەخسا کەوەك هونەرمەندێك لێی تێبگەین. چونکە نواندنی ڕۆڵی "بیرۆ" لەلایەن مایر هۆڵد خۆیەوە بریتی بوو لەدەرەنجامێکی هەڵبژاردنی هۆشمەندانە، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا کە "گرۆتیسك"یك نمایش بکەین وەك یەك لەگرنگترین بیرۆکەکانی مایر هۆڵد، "گرۆتیسك"ێك کەشتە دزێوەکان نمایش دەکات، بۆ ئەوەی جوانی نەبێتە کاریگەریەکی عاتیفی.

شێوازی نمایش کردنی شتە دزێوەکان بۆ ڕێگرتن لەوەی کە جوانی کاریگەریەکی عاتیفی لەسەر بینەران نەخولقێنێ، یەکەمین هەنگاومان بوو لەدیراسەکردنی شێوازە شانۆییەکاندا، نەك هەر هەنگاوێك بێت لەتەعبیرکردن لەکارەکتەری مایر هۆڵد لەڕۆڵی "بیرۆ"دا.

سیناریۆی شانۆییەکان هەر تەنها ئاراستە سەرەکیەکانیان دیاری نەکرد، بەڵکو هەموو هەنگاوو جوڵەکانیان دیاری کرد. هەروەها بەوەشەوە نەوەستا کە وەرچەرخانە گرنگەکانی ژیانی مایر هۆڵد بخاتەڕوو، بەڵکو ئیشی کرد لەسەر هەموو هێڵە سەرەکیو وردەکاریە گرنگەکان، دیارە بەپوختەکردنو کورت کردنەوەو داڕشتنەوەیان لەشکڵێکی هونەریو ئەوەش هەر لەکاتی مامەڵەکردنی ئەکتەرەکاندا لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکاندا لەبارەی ژیانو ئیشەکانی مایر هۆڵدەوە کران.

لەم ئاستەی ئیش کردندا، هەمو بەڵگەنامەکانمان لەتەك خۆماندا بردە هۆڵەکانی مەشق کردنەوەو هەڵساین بەدیراسەکردنی وێنە تێبینییە تۆمارکراوەکان لەبارەی نمایشە شانۆییەکانی مایر هۆڵدەوە. دیارە وەستانو ئاماژە "إيماءة"کانی "بابانۆڤا"و هەروەها "ئەلینیسکی" لەشانۆیی "المسح ذو القرنين"دا بووە کەرەستەیەکی لێکۆڵینەوە لای ئەکتەرانی شانۆی شەهرەزاد. ئێمە لەم ئیشەدا لەوێنەیەکی یەك لەدیمەنەکانی شانۆیی "المفتش"ەوە دەستبەکار بووین کە تیایدا "ئەریست گاردین"ی ئەکتەر ڕۆڵی "خلیستاکۆڤ" دەبینێ. لەو وێنەیەدا مایر هۆڵد دەبینیت کە لەگەڵ "گاردین"دا لەکاتی پرۆڤەکردندا ڕۆڵەکە دەبینی. بۆیە دیراسەکردنی "میزانسین" لای مایر هۆڵد، کلیلی جوڵەی لە "سینۆگرافی"دا بەخشی بەئەکتەرەکانمان لەشانۆی شەهرەزاد. سینۆگرافیاکەش لەلایەن "سێرگی ئیسیان"ەوە داڕێژرا بوو.

## لایەنەکانی داهێنان لە نمایشی شانۆیی "دابر توتو"دا :

-داڕشتنی نمایشەکە.
-شێوازی پێکهاتەیی سینۆگرافیا.

دەکرێت داڕشتنی سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی "دکتۆر دابرتوتو" بەداڕشتنێکی نمونەیی فەزای سێ

گۆشەی شانۆکەدا بنێین لەگەڵ سێ بونیاد یاخودی سێ شکڵی هونەری کە چەندەها قادرمەی جۆراو جۆریان بۆ تەرخانو ئامادەکرا بوو. "سێرگی ئیسیان" دارێژەری دیمەنەکانی هەوڵیدا کە مۆرکی بونیادگەریی بیستەکانو سییەکانی شانۆی ڕووسی بەسینۆگرافیای نمایشە ببەخشێت.

ئەم ئیشەی "سیرگی ئیسیان" کە لەگەڵ ئیشەکانی "رۆدتشینکۆو لیتسکیدا ریشەی داکوتا بوو، چەندەها بیرۆکەی نوێی هێنایە ئارا. کاری هاوبەش لەتەك "ئیسیان"دا وای لێ کردین کە بۆچوونو بینینی هونەریی شانۆی مایر هۆڵد لەبیستەکاندا بناسین.

"سێرگی ئیسیان"یش لەسەر هەمان شێواز جلو بەرگی شانۆییەکەی ئامادەکرد بوو. جلو بەرگەکانیش "تصمیم"ەکانی ستیباتۆفاو بۆبۆڤای وە بیر دەهێنایەوە. هەرچی ئێکسسوارو کەرەستەکانی دیکەی شانۆ بوو کۆمەڵە شتێکی هێماکاری بوون: سەری گەورەی باڵندەیەك–هێمایەك بوو بۆ باڵندەی (نەورەس) لەشانۆیی چیخۆفدا، هەروەها هێما بوو بۆ ئەو زەمەنەی کە مایر هۆڵد تیایدا ڕۆڵی "ترییبلیف"ی بینی. شەبقەیەکی ژنانە لەگەڵ ئەستێرەیەکی سوردا کە هێما بوو بۆ شۆڕش. چەند چاویلکەیەکی لەرادە بەدەر گەورە "گرۆتیسك" هێما بوون بۆ چاویلکەکانی "خلیستاکۆڤ" کە "ئەریست گارین" ئەو ڕۆڵەی دەبینیو مایر هۆڵدیش دەرهێنەری بوو.

بەڕاستی "ئیسیان" لەشانۆی شەهرەزادا پاڵنەرێکی زۆری بەئیش کردنمان بەخشی، چونکە تەواوی فەزای بەرفراوان بۆ جوڵە بۆ ئەکتەرەکان دەستەبەر کراو دەیانتوانی لەگەڵ جۆرەها ڕیتمی شانۆییدا بەئاسانی بجوڵێنەوە.

شانبەشانی ئەو حاڵەتەیش، فەزای بەرفراوانی شانۆیەکە بوویە مایەی پێك هێنانی پەیوەندیەکی دۆستانە لەنێوان ئەکتەرەکانو بینەراندا.



هەر وەك "تۆم فیوردە فالك"ی ئەکتەر باس دەکات. ئەکتەرەکانی شانۆی شەهرەزاد زانیاریی زۆر لەئەزمونەکانی "ئیسیان" فێربوون "ئیسیان چاوی ئێمەی کردەوە لەسەر گرنگیی پەیوەندیی نێوان بونیادگەریو میتۆدی بایۆمیکانیك. ئێمەش مەبەستان ئەوە نەبوو کە هەمان ئەو شکڵانە دووبارە بکەینەوە کە لەداهێنانی مایر هۆڵد بوون".

بێگومان ئەو شانۆیەی کە هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی هەمان شێوە ڕەسەنەکەی شانۆیەکی دیکە بدات، هەرگیز بەشانۆیەکی زیندوو دانانرێت، ئێمە تەنها ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا کە مایر هۆڵد

سەبارەت بەئەکتەر بەکاری هێناون، وەك بونیادی دیمەنەکانو شتە تایبەتەکان بە پەرچەکردارەکانی نێو دەقەکان، بەئامانجی گەیشتن بەوەڵامو ڕاڤە پێویستەکان، بەڵام دواتر بەزوویی لەوە تێگەیشتین کە، ئێمە نابێت تەواوی متمانەمان هەبێت بەبەڵگەنامەکان لەسەر مایر هۆڵد لەپێناوی خوڵقاندنی شانۆیەکی زیندوودا، یاخود بەمەبەستی خۆنزیك کردنەوە لەفەزای شانۆو هەروەها لەژیانی خودی مایر هۆڵد، بۆیە زۆرجار خۆمان لەبەڵگەنامەکان بەدوور دەگرتو پەنامان دەبرد بۆ بۆچوونو "تداعیات"ەکانی خۆمان.

مایر هۆڵد لەخودی خۆیدا کەسێتییەکی شەیتانیی‌داهێنەری بەرجەستە کرد بوو، لەگەمەی تۆکمە لەبونیادنانو ڕووخاندندا. هەر لەسەرکەوتنییەوە لەشانۆدا تاکو قوربانیدان بەخودی خۆی، چونکە دەڵێن مایر هۆڵد لەمۆسکۆدا گوللەباران نەکراوە، بەڵکو بۆ سیبیریا دوور خراوەتەوەو لەوێش چەندەها شانۆیی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەرهێناوە.

"ئێمەش بەڕاستی لەدەرەوەی واقیعدا" "دابرتوتو"مان پێشکەش کرد، ئەو مرۆڤەی کەدوا هەوڵیدا بۆ ئەوەی کە شانۆ بخاتە پێگەی دژایەتی کردنی هێزی ڕوخێنەری دەسەڵاتی پاوەنخواز.

"رۆبرت لیتش"و فەزای شانۆیی لای مایر هۆڵد:

لەم پارچەیەی بەشی سێهەمدا لەسەر دەرهێنەرێکی هاوچەرخ دەوەستین کە لەگەڵ ئەزمونگەریدا سەودا سەر بووەو میتۆدی بایۆمیکانیکی هەڵبژاردووە لەمەشق پێکردنی ئەکتەرەکانیو دەرهێنانی شانۆییەکانیدا، ئەم دەرهێنەرە سەر لەبەری ئەزمونەکانی لەکتێبێکدا سەبارەت بە مایر هۆڵد لەژێر ناونیشانی فسیفۆڵد مایر هۆڵد-لەندەن 1989" کۆکردۆتەوەو ڕاوبۆچوونی نوێشی لەبارەی هونەری مایر هۆڵدەوە نوسیوە، بەتایبەتی بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر، من خۆم لەمانگی ئازاری ساڵی 1993دا لەشاری بێرمنگهامدا چاوم کەوت بەدەرهێنەرو تۆژەرەوەی ئینگلیزی "رۆبەرت لیتش"، بۆم دەرکەوت کە دیالۆگ لەگەڵ دەرهێنەرێکی لەو جۆرەدا تا چ ڕادەیەك بەسوودە، من لەکاتی وەدەست هێانی نامەی ماستەرەکەمدا لەدەرهێنانندا لەکۆلێژی "گۆڵەسمث" لەشاری لەندەن بەدیداری ئەو شاد بووم، ئەو دەمەش هەندێ مەشقی بایۆمیکانیکم لەمیانەی خوێندندا ئەنجام دەدا بۆ خوێندکارانی ئەو کۆلیژەو لەو ساتەوەختانەشدا لەچەند دیمانەیەکی شەودا چاوم بە "لیتش" دەکەوت.

ئەم بەشەش دیالۆگێك لەگەڵ "لیتش"دا لەخۆدەگرێت سەبارەت بەئەزمونەکانی لەمەشق پێکردنی ئەکتەرەکانیو تەرخان کردنی لایەنێکی زۆری ئیشەکانی بۆ وتنەوەی چەمکی فەزای شانۆیی لای مایر هۆڵد. هەروەها ئەم بەشە شرۆڤەکردنی ئەو لەخۆ دەگرێت لەشێوازەکانی مەشق پێکردنی ئەکتەرەکانی لەسەر ئەو مەشقانەی کە بەر لەبەشداری کردن لەنمایشەکاندا جەستەییان نەرمو نیانو ئامادەی ئەدا کردن دەکات.

"رۆبرت لیتش" ژیانی هونەریی وەك ڕاهێنەرێکی شانۆیی لەپەیمانگاکانی درامادا دەست پێکردو ژمارەیەك شانۆیی لەوێدا دەرهێنا، وێرای ڕێکخستنی وەرشەکانی ئیش کردن لەبواری نواندندا. (لیتش) بایەخی تەواوی دەدا بەوتنەوەی وانەی هونەری نواندنو ئەنجامدانی هەوڵە ئەزمونگەرایییەکانو لەو بوارەشدا شانبەشانی ئیشەکەی وەك دەرهێنەرێك، زۆرێك لەبیرۆکە شانۆییەکانی تاقی کردەوە، ئەو هەمیشە حەزی دەکرد لەگەڵ توێژی لاواندا ئیش بکات، چونکە پێی وا بوو کە لاوان ئامادەییو پەرۆشیی زۆری ئەزمونگەرییان تێدایەو بەدەرن لەهەموو شکڵێکی نەمەتیەت، بەڵام دیارە لاوانیش حاڵەتی نێگەتیڤی خۆیان هەیە، کە لەهەموویان دیارتر کەم ئەزمونییەو ئەم توێژە توانای ئەوەیان

نیە کە ئیشەکانیان لەسەر شانۆ ڕاستەوخۆ پەیوەست بکەن بەخودی ژیانەوە، ئەوەش جۆرێك لەدژواریی ئیش کردن لەگەڵ ئەم توێژەدا لەخۆ دەگرێت، لەو بارەشەوە دەڵێت: "من لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوومو ئەو دەمە مامۆستایەك بووم شانازیی زۆرم بەخۆمەوە دەکرد".

کاتێکیش "لیتش" لەزانکۆدا کەوتە وانە وتنەوە، بەپێی میتۆدێکی دیاری کراو لەنواندندا کەوتە کارو، لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکەشیدا زینجیرەیەك نمایشی شانۆیی دەرهێنا، مەبەستی سەرەکی لەوەشدا بریتی بوو لەدڵنیا بوون لەجۆری ئەو شانۆییانەی کە لای ئارەزوومەندان جێ بایەخن، بۆیە لەشانۆییە باڵگەنامەییکانەوە دەستی پێکردو، دواجار شانۆییە سیاسییەکانی نوسەرە ناودارەکانی وەك برێختو مایکۆفسکی کە لیتش دەقەکانی "دائرة الطباشیر القوقازیة"و "مستیر یابۆڤ"ی بەدوا یەکدا دەرهێنا. ئەم کارەشی جوانو هەژێنەرو نامۆو دژوار بوو، هەمیشە دەیپرسی ئەم هەمووە بۆ؟ بەڵام ئەم ئیشە دواجار گەیاندیە مایر هۆڵدو لەو پێناوەشدا کەوتە خوێندنەوەی تۆژینەوەی بەردەوام بەدوای خاوەنی "بایۆمیکانیك"دا ئەوەش لەساڵی 1970دا بوو، ئەو دەمەی بۆی دەرکەوت کە فێر بوونی زمانی ڕوسی بۆتە حەتمیەتێك، تاکو بتوانێت بەئەندازەیەکی پێویست مایر هۆڵد بناسێت. لەساڵی 1980دا لیتش گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ خولێك، کۆرسێك، لەبایۆمیکانیکدا لەبەشی درامای زانکۆی". بێرمنگهام"دا بکاتەوە.


دیارە لیتش بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد کەبەتەواوی شارەزای میتۆدی بایۆمیکانیکە، بەڵام پێی وا بوو کە وانە وتنەوە تاکە ڕێگەی دروستە بۆ فێربوونو قووڵ بوونەوە لەو میتۆدەدا، بۆیە دوای دوو ساڵ ئیش کردن لەو بوارەدا، بڕیاریدا کە کاتی ئەوە هاتووە دەرەنجامە بەدی هاتووەکانی "کۆرسەکە" نمایش بکات. لەو پێناوەشدا چەند دیمەنێك لەشانۆیی "نمایشی میللی"ی "ئەلیکزاندەر بلوك"و چەند پێکهاتەیەکی جەستەیی پێشکەش کرد کە لەقەسیدەکانی شاعیری ڕوسی "خلیبنیکۆف" "1885-1945"ەوە وەری گرتبوو. لە مایر هۆڵدیشەوە بیرۆکەی دەرهێنانی دەقی "هاملێت"ی وەرگرت. کە "لیتش" دوو هاملێت لەهەمان کاتا دەخەملێنێ، یەکێکیان مەنەلۆجی ناوداری "هەبم یا نەبم" ئەدا دەکاتو ئەوی تریشیان پرتەقاڵ پاك دەکات لەگەڵ "ئۆفیلیادا" کە ئەویش دوو کارەکتەری هەیە، دواتریش شەش شانۆیی درێژخایەنی دەرهێنا.

جارێك لەجاران "لیتش" لەسەر شانۆی شەکسپیری پاشایەتی لەلەندەن نمایشی شانۆیی "الانتحار"ی شانۆنووسی ڕوسی "ئەدرمان"ی بینی، کە "بین کنزلی" تیایدا ڕۆڵی "بۆتیمکانیکۆف"ی کارەکتەری سەرەکی دەبینی، هەمان ئەکتەر کە لەسینەمادا ڕۆڵی غاندی بینی. "لیتش" ئیشەکەی بەدڵ بوو، بەڵام خودی نمایشەکە لەسەر شێوازی سرووشتیو "ئیهام"ی ئەدا کراو بوو، ئەکتەرەکانیش ئەدایەکی واقیعییانەیان هەبووو کە لەگەڵ سرووشتی شانۆییەکەدا نەدەگونجا. لیتش پێی وابوو دەبوایە شانۆییەکە لەسەر شێوازێکی دی دەربهێنرایە، بۆ نموونە دەبوایە پەیوەندی هەبوایە بە یارییەکانی سێرکەوە. هەر بۆیە خۆی هەڵسا بە دەرهێنانی ئەو دەقە لەمەیدانێکی سێرکدا، هەر وەك "ئیزنشتین" هەمان دەرهێنانی ئەنجامدا بۆ دەقی "العاقل"ی "ئەستڕۆفسکی". لەنمایشی شانۆی "الانتحار"دا هیچ جۆرە دیکۆرێك لەسەر شانۆ نەبوو، جگە لەسەکۆیەك بۆ بازدان،ئەویش لەپەردەی یەکەمدا... وێڕای ئامێرێکی "عقلە"ی یاریەکانی جومناستیك لەپەردەی دووهەمدا.

"لیتش" پێی وابوو کە دەکرێت لەو نمایشەدا هەست بەڕۆحیەتی میتۆدی بایۆمیکانیك بکرێت، لەڕووی بوونی هەڵقوڵانی ژیان، گەمەکردن، چالاکیو بوژانەوە

لەنمایشەکەدا، بەتایبەتی دیمەنەکانی شوێنی نوستنی "بۆتبکتیکۆڤ" لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کە لەبریی نوێنە واقعی‌یەکە لەسەر سەکۆی بازدانەکە دەنوستن.

"لیتش" شانبەشانی ئەو ئیشەی، دەقی "حمامات الدم"ی مایکۆفسکی لەساڵی 1978دا دەرهێناو لەکۆتاییەکانی ساڵی 1980یشدا چەند شانۆییەکی هاوشێوەی دەقەکانی کۆمیدیای دیلارتی دەرهێناو دواتریش شانۆیی "السید بۆنتێلاو یاوەرەکانی" برێخت دەرهێنا... ژمارەیەك لەئەکتەرەکانیشی لەپاریس لای "جاك لیکوك" مەشقیان کرد بوو.



هێلکاری دیکۆری شانۆیی (مەرطی تاریلکین)

دواتر لیتش دەرکی بەوە کرد کە دەبێ زیاترو زیاتر لەبارەی مایر هۆڵدەوە بزانێت، بۆ ئەو مەبەستەش سێ مانگی لەمۆسکۆدا بەسەر برد وەك تۆژەرەوەیەك لەنێوەندی ئەرشیفی ئەدەبو هونەری دەوڵەتدا. لەوێندەر شتی زۆرگرنگی هاتە بەردەست‌و ئەزمونەکانی خۆی لەبواری کرداری‌داخستە سەر ئەو کەرەستە زانستی یانەی کە لەمۆسکۆ وەری گرتن‌و بەوەش ناوەڕۆکی کتێبەکەی "فسیفۆڵد مایر هۆڵد"ی لەلا گەڵاڵە بوو.

لیتش بۆچی بەمیتۆدی بایۆمیکانیك ئیشی کرد؟؟

لیتش لەساڵی 1980دا لەگەڵ قوتابیەکانی‌دالەسەر میتۆدی بایۆمیکانیك کەوتە ئیشکردن، ئەویش دوای ئەوەی شانۆیی "مستیریابۆڤ"ی دەرهێنا. ئەو کاتە دەرکی بەوە کرد کە فێرخوازەکانی ئەزمونێکی بەسودو کارامەیی‌یەکی نائاساییان وەرگرتووە. بەڵام هیچ کامیان نەخرانە نێو داڕشتنێکی مەنهەجی‌ی تەواوەوە کە لەدەرهێنانی‌دا چەندەها چارەسەرو دیمەنە بایۆمیکانێکیەکان بەکاربهێنرێت. دەبوایە هەندێك لەئەکتەرەکانی نمایشی "استعراضی" SHOW یان بکردایە، بەوەش دەبوایە لەئەدای شانۆیی‌دا هێزێکی جەستەیی تۆکمەیان وەربگرتایە، بۆیە لیتش بڕیاری‌دا لەگەڵیاندا لەسەر میتۆدی بایۆمیکانیك دەستبەکار بێت. کاتێکیش دەستی بەمەشق کردن کرد، ڕاستەوخۆ دەرکی بەوەکرد کە بایۆمیکانیك دەتوانێت بەگشتی کردنێك بەسەر هەموو دەستکەوتەکانی بەر لەخۆی دابهینێت‌و بەوەش شێوازێکی نوێ دابمەزرێنێت، بۆیە لەبری ئیش کردن تەنها لەسەر دەق، لیتش کەوتە وردبوونەوەو لێنۆڕین لەو میتۆدە واتە میتۆدی بایۆمیکانیك.

## کۆمێدیا چییە؟

دەتوانین بڵێین کۆمیدیا کۆمەڵە کەسانێکی وەك "ئەرلکینۆ"و "بانتالۆن"و چەندەها کەسێتیی دیکەی ئەم جۆرە شانۆییە لەخۆدەگرێت. بریتییە لەکۆمەڵێك دەمامك کە بەردەوام جۆرەها نموونەی کۆنی دەنواند، ئەو نموونانەی کە خۆیان هەڵوێستەکانی خۆیان دادەهێنا.

بەڵام کۆمیدیا هەمیشە پەیوەستە بە "بابەتە"وە واتە بە "چیرۆك"ەوە. چونکە تۆ لەواقیعدا حیکایەتێك دەڵێیتەوە دواتر ئەم دەمامکە کۆمیدیانەی تێدەخەیت. بەمانایەکی دی هەروەك ئەرستۆ تالیس باسی لێوە کردووە: دەکرێت "فعل–کردار–ئاکشن" بەبێ کەسەکانیش رووبدات، دیارە ئەرستۆ لەمەدا راستی وتووە. هەروەها ستانسلافسکی دەڵێت: "فعل دەبێ نواندنی لەسەر بکرێت نەك کارەکتەرەکان". رۆبرت لیتش" هەمان بیرۆکەی لەلا پەسەند بوو. ئەو وادەبینێ کە ئەرستۆو ستانسلافسکی هەماهەنگن لەو بارەیەوە چونکە لیتش خۆی مومارەسەی هەمان جۆری شانۆی کردووە.

## لیتش باس لە پرۆژەی شانۆیی خۆی دەکات:

لیتش لەم قۆناغەدا ئیش لەدەرهێنانی زنجیرەیەك شانۆیی سەدەکانی ناوەراست دەکات، شانۆییەکانی موعجیزەکان لە "لیتش فیلد" لەنزیك "بێرمنگهام"، نمایشەکان رۆژێکی تەواو دەخایەنن. ئەوەش وێنەی کەرنەڤالێکی بەرفراوانە کە چەندەها شانۆیی تێدا نمایش بکرێت. لەو بارەیەشەوە دەڵێت: "من بەم کارەم زۆر بەختەوەرمو بەپەرۆشییەوە چاوەڕوانی بەئەنجام گەیاندنیم، من لەشوێنە گەشتییەکانو لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا مەشقەکان جێبەجێ دەکەمو نمایشەکان پێشکەش دەکەم".

ئەوەی رۆبرت لیتش خۆی بۆ ئامادە دەکات، رەنگدانەوەی هیچ ناوەرۆکێکی سیاسی نییە، بەڵکو لیتش دەخوازێت شانۆی موعجیزە ئاینییەکان بخاتە روو، هەرچی ناوەرۆکە سیاسیەکانیشە، ئەگەر هەشبن، ئەوا لەشێوە ئاماژەو لێدوانێکدا هەن. شانۆییەکانی سەدەکانی ناوەراستیش کە لەو میهرەجانەدا نمایش کران، دوور بوون لەلاسایی کردنەوەی دەقاو دەقی هەمان شانۆییەکانی سەدەکانی ناوەراست.

دیارە کۆپی کردنەوەی ئەو نمایشانە کارێکی ئاسان نییە، بەو هۆیەی کەخەڵکانی ئاسایی کۆمەڵگەش لەئەدا بەشداری دەکەنو شانۆییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە ئامادە دەکرێن. لیتش لەو بارەیەوە دەڵێت: "رەنگە ئەم پرۆژەیە ئاسان بەرهەم نەیەت، بەڵام من وای دەبینم کە پرۆژەیەکی دووربێت لەلاسایی کردنەوەی بەرهەمێکی مێژوویی.

رۆبرت لیتشو پەیوەندیی هەنوکەیی بەبایۆمیکانیکەوە:

لیتش شانۆیەکی تایبەت بەخۆی نییە، ئەو لەزانکۆی بێرمنگهام مەشق بەخوێندکارانی دەکاتو لەم بوارەشدا لەسۆراخی دەرەنجامێکی دیاری کراودایە. بەڵام بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی خۆی لەبواری بایۆمیکانیکدا گەشە پێبدات، وا دەبینێ کە دەبێ شانۆی تایبەتی خۆی هەبێت کە ئەوەش پێویستیی بەدارایی خۆی دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی وەك مامۆستایەکی زانکۆ مووچەیەکی زیاتری هەیە لەهەموو سەرپەرشتیاری شانۆکان، جگە لەسەرپەرشتی شانۆی شەکسپیری پاشایەتی، لەبەر ئەوە لیتش پێی وایە کە ناتوانێت ئیشەکەی بەجێ بهێڵێتو خۆی تەرخان بکات بۆ شانۆ.

لەماوەی مانەوەیدا لەمۆسکۆش، لیتش هەڵسا بەمەشق پێکردنی ژمارەیەك لەشانۆکارانی روسی لەسەر بایۆمیکانیك. پێدەچوو ئەو شانۆکارانە هیچ جۆرە دژوارییەکیان لەمەشق کردن لەسەر ئەو میتۆدە نەهاتبێتە رێ.

باشتر وایە کە مەشقەکان لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکار، یاخود لەگەڵ تیپێکی چەسپاودا ئەنجام بدرێنو

لەماوەیەکی دیاری کراوی پێویستیش دابێ. لیتش وادەبینێ کە ئیش کردن لەگەڵ ئەو فێرخوازانەی کە مەشقیان لەسەر بایۆمیکانیك کردووەو لەسیستەمی مایر هۆڵد ڕاهاتبوون ئاسانترە، چونکە ئەوانە دوای تەنها دوو ساڵ لەمەشق کردن دەبنە هونەرمەندی ئامادەکراو بۆ ئیش کردن لەشانۆدا.

## بایۆمیکانیك وەك میتۆدێك لەئامادەکردنی نمایشی شانۆییدا

"ڕۆبرت لیتش" بەیەکێك لەتۆژەرەوەکانی خۆرئاوا دادەنرێت کە وەك پەروەردەکارێکی مەزن دەڕوانێتە مایر هۆڵد، نەك تەنها وەك دەرهێنەرێکی گەورە. لیتش لەو بارەیەوە دەڵێت: "پێم وایە کە لەکتێبەکەمدا سەبارەت بە مایر هۆڵد نەمتوانیوە بەتەواوی چالاکیە پەروەردەییەکانی ئەم دەرهێنەرە گەورەیە بنرخێنم، لەهەمان کاتیشدا هەرچەند بیرم لەم مەسەلەیە دەکردەوەو قەناعەتم بەوە زیاتر دەبوو کە مایر هۆڵد بەر لەوەی دەرهێنەرێك بێت پەروەردەکارێکی مەزن بوو. دیارە ڕەنگە ئەم بیرۆکەیەم بەجۆرێك لەکوفر دابنرێت بۆیە ڕاشکاوانە ڕام نەگەیاندوە، "هەروەها پێم وایە کە هەموو کۆسپو لەمپەرەکانی ڕێگەی لەساڵەکانی بیستەکانو سییەکاندا هەر لەبەر ئەوە بووە کە مایر هۆڵد خوازیاری ئەوە بووە کە فێرگەیەك دابمەزرێنێت، بەڵام لەبری ئەوە داوای لێ دەکرا شانۆیەك بەڕێوە بەرێت، گەرچی ئەو ئارەزووی کاری تۆژینەوەو فێرکردنی کەسانی تری هەبوو. "دیارە هەلومەرجی بەر لەشۆڕش بۆ مایر هۆڵد لەبارتر بوو، ئەو دەم توانیی ژمارەیەکی زۆر شانۆیی دەربهێنێو ببێتە خاوەن فێرگەیەکی تایبەت بەخۆی، بەڵام دوای شۆڕش، شانۆو فێرگەکەی هەریەك پارچەو یەك شت بوون، ئەگەر شانۆیی "المسح ذو القرنين" بکەینە نموونە، ئەوا ئەم نمایشە لەکارێکی قوتابخانەیی یاخود فێرگەیی مەشقی خوێندکارانەوە نزیکتر بوو وەك لەوەی نمایشێکی شانۆیی بێت.

لیتش هەروەها دەڵێت: "بەر لەهەموو شتێك نمایشەکە بۆ ئەزمونگەری بوو، مایر هۆڵد توانیی لەو نمایشەدا بیرۆکە ئەزمونگەرییەکانی خۆی لەگەڵ فێرخوازانیدا بەدی بێنێ. منیش پێم وایە کە هەر لەم پرۆسەیەدا مایر هۆڵدی پەروەردەکار هەبووبێ".

## خولی یەکەمی خوێندکارانی لیتش وەرگیراو لەهونەرەکانی سێرکەوە فەزای شانۆیی لای مایر هۆڵد

هاوکات لەگەڵ دیدارەکانمدا لەگەڵ "لیتش"دا، باسی ئەزمونی ئەوم کرد لەبارەی بایۆمیکانیکەوە، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ خوێندکارەکانی بۆچوونێکی تەواویان سەبارەت بەمیتۆدی بایۆمیکانیك هەیە، لیتش ووتی: "کەسێتیم وەك تۆژەرەوەیەکی ئەکادیمی پەرۆشی مایر هۆڵد، بەشێکی خودی خۆمی داگیرکردووە، بەشەکەی دیکەیشم، واتە بەشی هونەریو داهێنانم، ئەوابێگومان لەسۆراخی ئەوەدایە کە ئاخۆ ئاستی تواناکانی میتۆدی مایر هۆڵد چۆن دەبێ لەبەکارهێنانیدا لەمەشقەکان، وەك پرۆسەو پەیرەوێکی خوێندنو ڕاهێنانو چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەو میتۆدە لەبواری پراکتیزە کردندا، کەواتە خوێندکارەکانم دەبێ مایر هۆڵد بناسنو لەوپێناوەشدا خۆم لیستی سەرچاوەو کتێبەکانیان لەبارەی مایر هۆڵدەوە پێدەدەم. بەڵام خواستی سەرەکیم لەوەدایە کە چۆن سوود لەبنەماکانی بایۆمیکانیك وەربگرم لەبواری فەزای شانۆیی دیاری کراو، دۆزینەوەی چاوگەی گورجو گۆڵیو ویستراو لەنواندنا، ئیشو هەڵسوکەوتی ئەکتەر لەگەڵ بەرامبەرکەیدا لەکاتی ئەدای مەشقەکاندا، وێرای چۆنێتیی بەکارهێنانی هونەرەکانی سێرکو گەمەی لێبووکەکانو... هتد، دواتریش هەڵسان بەلێکۆڵینەوەیەکی تیۆری بۆ مایر هۆڵد.

## پەیوەندیی نێوان بایۆمیکانیك و "تایلوریەت"

لیتش لەکتێبەکەیدا "فسیفۆلد مایر هۆڵد" جەختی لەسەر بەراوردی ڕاستەوخۆ نەکردۆتەوە لەنێوان بایۆمیکانیك و "تایلوریەت"دا... بۆیە بەمجۆرە هەڵوێستەکە ڕاڤە دەکات: "من بۆیە ئاماژە بە "تایلوریەت" دەدەم چونکە مایر هۆڵد خۆی ئەوەمان دێنێتەوە یاد، مایر هۆڵد، وەك ئاشکرایە، بایەخی زۆری بەجوڵە داوەو هەمیشە ویستوویەتی جوڵەکان ڕێك و پێك و کاراو ماناداربن، ئەو قەناعەتی هەبوو بە پێویستیی دیراسەکردنی جوڵەی کرێکار. ئالێرەدا گفتوگۆیەکی خۆمم دێتەوە یاد لەگەڵ کرێکارانی کانەکاندا لەبەریتانیا 15-20 ساڵ لەمەوبەر. یەکێك لەو کرێکارانە باسی لەهەڵدانی خەڵووز کرد بەخاکەنازو وتی:

-بۆ ئەوەی جوڵەکەت کارابێت و جێگەی خۆی بگرێت، پێویستە بوار نەدەیت هیچ وزەیەکت بێهودە بڕوات، دیارە ڕواڵەتی بەراورد لەگەڵ چەمکی زەمەن و جوڵە لێرەدایە کە مایر هۆڵد بەگرنگی دەزانێ و بەشایانی بەکارهێنانی دەزانێت. بەڵێ، مایر هۆڵد ئەزموونەکانی خۆی لەزۆر بوارەوە وەرگرتووە: لەهونەرەکانی سێرك، لەشانۆی خۆرهەڵاتی، کۆمیدیای "دیلارتی"... هتد، بەڵام بەراوردکردنی ڕاستەوخۆ لەبارەی ڕیتمی زەمەنی و جوڵە لەگەڵ سیستەمی "تایلوریە"تدا لەلایەن لێکۆڵەرەوە خۆرئاواییەکانەوە ڕەنگە شتێکی سرووشتی و ئاسایی بێت.

ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندانی پرۆلیتاریا، لەشاعیران و شانۆکاران، زۆر بە "تایلوریەت" کاریگەر بوون، دیارە گومانیش لەوەدا نیە میتۆدی تایلوریەت لەبیستەکاندا وەك ئاڕاستەیەکی باڵاو گرنگ لەمۆسکۆو لەسەرانسەری یەکێتیی سۆڤێتدا باوی خۆی بووە، گومانیش لەوەدانیە کە مایر هۆڵد نەیدەتوانی خۆی لەکاریگەریی تایلوریەت دورە پەرێز بگرێت، یاخود هەر نەیناسێت دیارە ئەوەش بەدوور نازانرێت کە هەندێك لەتۆژەرەوەکان لەبارەی کاریگەریی تایلوریەتەوە لەسەر مایر هۆڵد زیادە ڕەوییان کردبێت... بەڵام وێرای ئەوە مەسەلەی ئەو کاریگەرییە لەئارادا هەیەو بەپێی وتەکانی ڕۆبرت (لیتش) پشت گوێ خستن و بەهەند وەرنەگرتنی بوونی کاریگەریی لەو جۆرەش بەهەڵە دادەنرێت. چونکە لیتش قەناعەت نەهێنان بەبوونی کاریگەریی تایلوریەت لەسەر مایر هۆڵد بەمەسەلەیەکی گران دەزانێت.

خولی بایۆمیکانیك لای لیتش تایبەت نەبوو بەدەست پێکەران، چونکە فێرخوازی سەرەتایی لەساڵی یەکەمی‌دا لەسەر میتۆدی ستانسلافسکی ئامادە دەکرێت، جێی داخە کە ستانسلافسکی بۆتە مامۆستای یەکەم نەك هەر لەرووسیادا، بەڵکو لەئەوروپاو ئەمریکاشدا، کە لەڕاستیدا نابێ مەسەلەکە بەو جۆرە بێت، لیتش وای دەبینێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێی وایە کە ستانسلافسکی هەمیشەو بەردەوام بۆتە پێوەرێك بۆ هەمولا- لەوبارەیەوە دەڵێت:

"ژانرە سەرەکیەکانی میتۆدی ستانسلافسکی وەك: ئەرکی باڵا-"لو"ی ئەفسووناوی-هەلومەرجە پێشنیارکراوەکان، دەبێ دیراسە بکرێن و دواتریش دەبێت بگوزەرێنرێن و لەهەمان سنوردا نەمێنێتەوە، چونکە لەئیش کردندا پەنا بۆ هەر شێوازێکی دیکە بەرێت، هەموو ئەو ژانرە سەرەکییانە وەك خۆیان گرنگییان دەمێنێتەوە. لەخولەکەی "لیتش"دا بۆ بایۆمیکانیك، دیراسەی ژانرە سەرەکیەکانی میتۆدەکەی ستانسلافسکی بەشێوەیەکی هاوسەنگی لەگەڵ پرۆگرامێکی دیکەدا دەکرێت بەناوی Encounter (ڕووبەڕوو بوونەوەکان-دیمانەکان-داهێنانەکان-کتوپڕییەکان-گەمەو ئیرتجال-ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەو لەمپەرەکان و زاڵ بوون بەسەریاندا). لیتش پرسیار دەکات ئاخۆ ئەوە پەیوەست بێت بەوەی کە هەنوکە ڕوودەدات؟

بەمانایەکی تر: گەمە (ئەدا) ئیرتجال (داهێنان) بۆ نمونە تۆ کتوپڕییەك دەتگرێت لەئاستی ئەرك‌و کارەکتەرەکان، دەکرێت بەوەش بڵێین توانای "ئیش کردن" "فعل" لەهەلومەرجە پێشنیارکراوەکاندا "ئەویش بەپێی بۆچوونی ستانسلافسکی. جگە لەوە. پەیڕەوو پرۆگرامی خولی یەکەم ئەم حاڵەتانە لەخۆدەگرێت: سەماکردن‌و مەشقەکانی دەنگ‌و ئیلقا، ئامادەکردنی سیناریۆ، شارەزا بوون لەلایەنی گێڕانەوە لەشانۆی واقعی‌دا. خولێکی دیکەشیان هەیە لەژێر ناوی (خوێندنەوەی دەق)دا کە تیایدا خوێندکار چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ دەق‌و بوژاندنەوەی دەق‌و ئیشی ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا دەخوێنێت.

## خولی دووەم:

## ئازادیی خوێندکار لەهەڵبژاردنی خواستی خۆی

دەکرێت ئەم مەسەلەیەش بەمجۆرە کورت بکەینەوە: لەپێناوی زانین‌و ناسینی هەردوو لایەنی هاوکێشەکە، چونکە (لیتش) پێی وایەکە بنەمای سەرەکی لەمیتۆدی ستانسلافسکیدا دیاری دەکرێت‌و بریتی‌یە لەگرنگی‌ی دەرك کردن بەئەرکی باڵا، بەوەش داوا لەئەکتەر دەکرێت کە تەواوی وردەکاری بکات لەهەموو جوڵەو وشەو ڕستەیەکی‌دا... هەموو ڕستەیەکی دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی (هێزی —لوی— (سیحری) ئەگەری ئەفسوناوی)و (فیعل)ەوە لەهەلومەرجە بۆ دانراوەکاندا "الظروف المتخیلة"... هتد.

تەنها لەو کاتەدا ئەکتەر دەتوانێت لەسۆراخی ڕێگەی دیکەدا بێت. "لیتش" لە "کۆرس"ی خولی بایۆمیکانیکەکەدا شێوازی ئیش کردنی خۆی باس دەکات‌و دەڵێت: "پێش هەموو شتێك، دەبێ خوێندکار زنجیرەیەك مەشقی فسیۆلۆژی ئەنجام بدات، بەمەبەستی گەشەدان بەڕەگەدەمارەکانی و خۆئامادەکردن بۆ ئیش کردن‌و بەشداری کردن لەبونیادی بنەما تەکنیکی‌یە گشتی‌یەکان لەبەدەست هێنانی نەرم‌و نیانی‌و "ئیسترخاء"و نوشتاندنەوەی جەستەدا. مەشقەکانی بایۆمیکانیك بەشێوەیەکی ئاسایی بەهەندێك مەشق‌و ڕاهێنانی فسیۆلۆژیی ئاسان دەست پێ‌دەکات، وەك ڕۆشتن‌و ڕاکردن،و جۆرەها جوڵەی وەك چوار چنگۆڵە،و ئەدای جۆرەها شکڵی جوڵە کە تیایدا جەستەی ئەکتەر جۆرەها شێواز دەنوێنێت.

لەئیشەکانی "لیتش"دا دوو ئاراستەی دیار بەدی دەکرێت، یەکەمیان ئیش کردنە لەسەر هونەرەکانی سێرك‌و کارامەیی یاریزانەکانی، لێرەدا خوێندکار هونەرەکانی سێرك وەردەگرێت، بەئاسان‌و گرنگەکانیەوە، وێرای ڕاهێنان لەسەر جومناستیك، هەر لەبازدانەوە تا مەشقە دژوارەکان... ئەمانەیش کۆمەڵە ڕاهێنانێکن کە لە "ئیتۆدەکانی" بایۆمیکانیکی مایر هۆڵدەوە وەرگیراون.



شانۆگەری (المفتش العام) 1926

هەموو ئەمانەو خوێندکار هێشتا لەقۆناغی ئامادەسازیدایە، بەمەرجێك کاروانە کە قۆناغێکی درێژ بخایەنێت، واتە ساڵێك یان دوو ساڵ، بەر لەوەی کە خوێندکار یاخود ئەکتەرەکان خۆیان بکەونە کردەی داهێنانی مەشقە ئەکرۆپاتیکییەکان بۆ نمایش. سەرەڕای ئەوانەش، (ڕۆبرت لیتش) دەخوازێت سوود لەجۆرەها مەشق‌و ڕاهێنانی فێرگە جۆراو جۆرەکانی شانۆ باوەکانی جیهان وەربگرێت، لەوانەش ئەو مەشق‌و ڕاهێنانی کە لەداب‌و نەرێتی شانۆی چین‌و کۆمیدیای "دیلارتی"یەوە وەرگیراون، دیارە خوێندکاریش بۆیە بەو هەوڵانە هەڵدەستێت تاکو بتوانێت هەست بەجەستەی خۆی بکات‌و پەی بەتواناکانی خۆی بەرێت‌و هەروەها جەستەی خۆی ڕابهێنێ لەسەر هەست کردن بەفەزای شانۆو جەستەی خۆی بەچەشنێ پەروەردە بکات کە دەربڕبێت. لەو دەمەدا لیتش هەوڵدەدات هاوکاری‌و یارمەتی‌ی خوێندکار بدات ئەویش لەڕێی پێکەوە گرێدانی دوو سێ ڕاهێنان لەیەکەیەکی تەواودا.

لیتش هەروەها داوا لەفێرخوازەکانی دەکات کە هەڵسن بەمەشقەکانی هاتنە سەر شانۆو چوونە دەرەوە، لەو بارەیەشەوە دەڵێت: "دەچێتە فەزای شانۆوە، دواتر بۆ بینەران دەدوێت. بەدەم ڕۆشتنەوە چاودەبڕێتە جەماوەرو تۆ دەچیتە ژوورەوە، بەڵام دواتر دووبارە دەچیتەوە دەرەوە. جارێکی تریش دێیتەوە ژوورەوە، بەکەسێکی دیاری نەکراو دەگەیت. بڕۆ هەروەك بەدوای کەسێکەوە بیت، بەکەسێك دەگەیت، دواتر لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام دەبیت‌و دواجاریش دەچیتەوە دەرەوە جارێکی تر وەرەوە سەر شانۆ، بەڵام ئەمجارەیان بێ ئەوەی بەکەس بگەیت.

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە دەکرێن کە جەستەی ئەکتەر بتوانێت بەپێی هەلومەرج‌و هەڵوێستەکان تەعبیر لەکاردانەوەکان بکات.

سەبارەت بەپرسیارێك کە ئاخۆ لیتش هەمان مەشق‌و ڕاهێنانەکانی بایۆمیکانیك کۆپی‌و دووبارە دەکاتەوە، لەوەڵامدا دەڵێت: "بەڕاستی من ڕێبازێکی تایبەت بەخۆمم هەیە، من لەبیستەکاندا فیلمێکم لەبارەی ڕاهێنانەکانی مایر هۆڵدەوە بینی، کە تیایدا ئەکتەرەکانی لەسەر میتۆدی بایۆمیکانیك مەشقیان دەکرد. من پێم وایە ئەنجامدانی ئەو مەشقانە کارێکی ئاسان نیە،و ڕەنگە ئەکتەر زۆر بەدرەنگی فێریان ببێت‌و هەموو ڕاهێنانێکیش بەتایبەمەندێتی خۆیەوە وەربگرێت. ئەبێ من چۆن مامەڵە لەتەك مەشقەکەدا بکەم؟

با ڕاهێنانی تیر هاویشتن، ڕاوکردن بکەینە نموونەو لەمیانەی دوو تا سێ هەفتەدا زنجیرەیەك ڕاهێنانی لێ دروست بکەین: لەسەرەتادا دەتوانین بیانبەین بۆ سەردانی باخچەکانی ئاژەڵان، یان وایان لێ بکەین کە بڕواننە فیلمێك سەبارەت بەگیاندارانی سرووشت. داوا لەخوێندکار بکە پاڵ بکەوێت‌و هەردوو چاوی بنوقێنێ‌و بکەویتە حاڵەتی "استرخاء"ەوە. لەکاتی چاونوقاندنەکەدا دەبێ خوێندکار خۆی بەیەکێك لەئاژەڵەکان بێتە بەر چاو لەزیهنی خۆیشی‌دا چاودێریی ئەو ئاژەڵە بکات‌و ئاگاداری جوڵەکانی بێت، هەر هێندەی ئەم وێنەیە لەزیهنی خوێندکاردا تەواو شکڵی خۆی وەرگرت، ئیدی گۆڕانکاری لەڕوخساری‌دا ڕوودەدات‌و دەموچاوی شکڵی ئاژەڵەکە وەردەگرێت.

ئەکتەر دەبێ کردەکە لەناخی خۆیەوە دەست پێبکات، دەبێ پڕاو پڕ خۆی بەو ئاژەڵە بێتە بەرچاو، بۆ نموونە نابێت شێوازی لووتی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەلووتی ئاژەڵەکە بچێت، هەروەها دەشتوانێت شکڵێکی گونجاو وەربگرێت بۆ هەردوو برۆو چەناگەو گوێچکەکانی. دواتریش کار لەگەڵ سەروو مل‌و هەردوو شانەکانی‌و قۆڵەکانی دەست پێدەکات، ئەمەش بەهەنگاوێکی دژوارتر لەهەنگاوەکانی سەرەتا دادەنرێت. دواتر داوای لێ

دەکەم لەو شکڵەیدا لەشێوەی ئاژەڵەکە بجولێتو هەمان دەنگی ئاژەڵەکە لاسایی بکاتەوە. ئەم ڕاهێنانەش دەکرێت بەجۆرەها شێوە ئەنجام بدرێت: بۆ نمونە دەکرێت مەشقەکە وەك ڕاهێنانێك لەسەر کەسێتی یاخود کارەکتەرو بەجۆرەها پێکهاتە ئەنجام بدرێت، دەکرێت چەندەها سیفەتو شکڵی مرۆڤایەتی بەبەر ئاژەڵەکاندا بکرێتو بەپێچەوانەشەوە.... دوای هەموو ئەمانەش، دەچینە سەر بەشی دووەمو تایبەت بەڕاهێنانی (تیرهاویشتن) کە چۆن تیرەکە لەکەوانەکە دەردەچێت؟ لەڕاستیدا ئەمەیان ڕاهێنانێکی زۆر ئاسانە. سەرەتا دەبێ ئەکتەر ڕابوەستێت، کەوانە کە بەدەستەوە بگرێت، ئامانج یاخود نیشانەکە دیاری بکرێتو دواجار تیرەکەی ئاراستە بکرێت. دواتریش هەردوو ڕاهێنانەکە لەیەك یەکەدا گرێ دەدەم، ئەو دەمەی بەشدار بووانی مەشقەکە دوو دوو دەست بەڕاهێنانەکە دەکەن. کەسی یەکەم ڕۆڵی ئاژەڵەکەو دووهەمیش ڕۆڵی ڕاوچییەکە دەبینێ،و هەردووکیشیان دیمەنێکی بچووك نمایش دەکەنو لەهەمان کاتیشدا ئەدای نمایشەکە لەنیمچە سەمایەکدا دەبێت. ئەمەیان بۆخۆی مەشقێکی سەربەخۆیە.

دواتر ئیش لەسەر مەشقە ڕەسەنەکەی مایر هۆڵد دەکرێت لە(تیر هاویشتنەکەدا)، ئێمەش بەو کارەمان نمونەیەکی ئاسان کراوی ڕاهێنانەکە لەسەر مەشقە ئەسڵییەکەی مایر هۆڵد ئامادە دەکەین. بۆ ئەوەی خوێندکارەکان یاخود مەشقەکان گونجاو بن لەگەڵ ئاستی خوێندکارەکاندا، خۆئەگەر داواش لەهەر خوێندکارێك بکەم مەشقەکە ئەنجام بدات، ئەوا بێگومان تەواو هاوشێوەی مەشقی وەرشەکانی مایر هۆڵد ئەنجامی دەداتو شتێکی جیاوازیش لەمەشقە ئەسڵییەکە دەخاتە سەری.

بەپێی هەموو ئەمانەو هەروەها بەپێی میتۆدەکەی ستانسلافسکی، یەکەم دەبێ لەشێوە عەقڵانیەکەدا هەست بەوە بکەیت کە ئاژەڵێکیتو خۆت بەئاژەڵەکە بێە بەرچاو، دواتریش هەمان جوڵەو دەنگی ئاژەڵەکە وەك خۆی بەرجەستە بکەیتەوە لەبارەی پێکهاتەیی (التركيبية)و... بایۆمیکانیكو میتۆدی مایر هۆڵدو مێژووی شانۆی جیهانی بە"ڕۆبرت لیتشم" وت: پێم وایە کە ئێوە لەکتێبەکەتاندا مەودایەکی تەواوتان تەرخان نەکردووە بۆ پەیوەندیی نێوان بونیادگەریو بایۆمیکانیك! ؟؟

لیتش: ڕاستە، بەڵام من پێم وایە کە بونیادگەری مایەی سەرنجە، گەرچی دڵنیام ڕەنگە بەتەواوی لەپرسیارەکەشتان تێنەگەشتبم! منیش وتم: بۆ نمونە، زۆرێك لەتوژەرەوەکانی مێژووی شانۆ، لەسەرو هەمووشیانەوە "ئیدوارد براون" پێیان وایە کە مایر هۆڵد لەشانۆیی "المسح ذو القرنين"دا ستراکتۆری (پەیکەر/ شکڵی بونیادگەریی داهێنا، هەر لەبەر ئەوەی بەئاسانی دەگوێزرایەوەو بەئاسانیش بەکار دەهێنرا. بەڵام ئەمە وانیە، چونکە من پێم وایە کە مایر هۆڵد بۆ ئەوە پەنای بردە بەر بونیادگەری، کە لەگەڵ شێوازی نواندنی بایۆمیکانیکیدا دەگونجا نەك تەنها لەبەر ئەوەی بەئاسانی بەکار دەهێنرێت.

لیتش: ئەو دوو نەزعەیەی کە لەبیستەکاندا باو بوو، واتە لەو سەردەمەدا کە ئەم بزاڤانە لەهونەری هاوچەرخدا سەریان هەڵدا، بریتین لەچەند بزاڤێکی هاوشێوە لەشۆرشگێڕیو شکۆداریو هاوئارەزوو بوونیان لەگەڵ خواستەکانی جەماوەردا بۆ شانۆ. هەر بۆیە هەموو پێکەوە لەجوڵەدا بوون.

بەم دواییە کتێبێکم کەوتە بەرچاو کە هی نوسەرێکی بواری مناڵان بوو، ئەو نوسەرە لەسەردەمی لاوێتیدا لەروسیا ژیانی بەسەر بردووەو ژیانی هاوسەری لەگەڵ سکرتێرەکەی ترۆتسکیدا گرتووە، لەبارەی ئەم نوسەرەوە نوسراوە کە ئەو کاتێك لەساڵی 1918دا لەروسیا بووە. لەلایەن جەماوەری شانۆوە لێی دراوە. بەڵام ئێستا پێم وایە نەبراونو نەخۆیشمو نەکەسانی تریش بایەخێکی ئەوتۆ


بەکاریگەریی بینەران و گەشەسەندنی هۆشداریی کۆمەڵایەتیو کەفوکوڵی ساڵانی دوای شۆڕشی ڕوسیا نادەن، کە چۆن شانۆ هەوڵی وەڵامدانەوەی هەموو ئەوانەی داوە.

من پێم وایە ئەم ئاراستەیە بایەخێکی زۆر زیاتری هەیە لەگرمۆڵە بوون بەسەر شتە بچووکەکان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەبنەما هونەرییەکانی پۆلینەکان لەجۆری بونیادگەری. مەبەستم لەوەیە لەو دەمەدا کە 15-12 کەس لەروسیادا خۆیان بە "تەرکیبیەکان" ناوزەد کردووە من چۆن دەتوانم هەموویان بناسمو بزانم بونیادگەری چی دەگەیەنێ: لەڕاستیدا من تاڕادەیەك بەوریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە پۆلینانەدا دەکەم.

نامێنێ. هەروەك ستراکتۆر "تەرکیب"یش بەبێ نواندن جگە لەپەیکەرێك هیچی تری لێ نامێنێتەوە بگرە ئەکتەر خۆی فیکرە "مانا"یەك بە "تەرکیب" دەبەخشێت هەرکات پیویستی بەوە هەبێت. ئەکتەرەکە "تەرکیب" بەگەڕدەخاتو ڕۆڵی دەداتێ، یاخود ڕوونتر بڵێین بەهای دەداتێ، بەڵکو "تەرکیب" بەپێی ئەدای ئەکتەر لەسەر شانۆ دەبێتەماڵێك یاخود دەکرێتە مێزێك.

لیتش: کەواتە لەشانۆی "تاییرۆف"دا چۆن ڕاڤەی ئەم حاڵەتە دەکەن؟ بێگومان لەشانۆی ئەویشدا "تەرکیب"یەکی گەورە هەبوو!

وتم: تاییرۆف نمایشەکانی لەسینۆگرافیایەکی بونیادگەریی جوان و ڕازاوەدا ئەنجام دەدا،



ناوەڕۆکی بایۆمیکانیك لەوەدایە کە ئەمڕۆ شتێك دەگەینێو سبەینێش شتێکی دی، بۆیە دەبێ بەوریاییەوە پرسیاری سەبارەت بکەین.

منیش وتم: پێم وایە کە ئەو پەیوەندییەی نێوان بایۆمیکانیك و بونیادگەری هەیانە بەپێی میتۆدی مایر هۆڵد تاڕادەیەك لای ئێوە ڕوون نیە. چونکە بەلای منەوە بونیادگەری بریتییە لەفەزای شانۆیی پێویست بۆ بایۆمیکانیك. هەروەها پێم وایە بایۆمیکانیك بەبێ بونیادگەری مانایەکی ئەوتۆی

ئەوستاتیکای ئیشەکانی لەلا مەبەست بوو، بەڵام مایر هۆڵد، لەو باوەڕەدام مەسەلەکە جیاواز بێت. چونکە بونیادگەری لای ئەو "ئەبستراکت"و توندو تیژ بوو لەشانۆکەیداو زۆر بەوردی پەیوەست بوو بەبایۆمیکانیکەوە.

لیتش: گومان لەوەدا نیە، ئەم دوو دەرهێنەرە ئیشی زۆر لەیەك جیاوازیان ئەنجام داوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم کە بونیادگەری لەشانۆدا لای هەندێك دەرهێنەری دیکە گەشتە لوتکە نەك لای مایر هۆڵد.

بۆ نمونه لای تاییرۆف که شانۆکەی لەدەرەوەی ڕوسیاش بەتایبەتی لەئەڵمانیادا جەماوەری هەبوو. من پێم وایە کە بایۆمیکانیك تەنها ناوێك بێت بەسەر ئەدای نواندنی مایر هۆڵدیدا نرابێت، زاراوەی بایۆمیکانیکش بۆ خۆی زاراوەیەکی لاستیکییە.
مایر هۆڵد میتۆدی خۆی هەبوو لەنواندنداو پێویستی هەبوو بەتاقگەیەکی هەژاو بەخوڕ لەنواندن لەسەر ئاستی ئەدای جەستەیی کە جۆرەها هونەرو یاریەکانی سێرکو ئەکرۆپاتیك لەخۆ دەگرێ، خۆی بەم حاڵەتەی دەزانی. بێگومان بایۆمیکانیکیش جۆرێك لەگۆڕانی بەسەردا هات، بەتایبەتی کە هەموو ئاراستە هونەریو کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەی بەهەند وەرگرتووە. بەڵام من وای دەبینم بایۆمیکانیك دەکرا لەشانۆیەکی فەزا کراوەدا باشترو جوانتر دەربکەوتایە.
من خۆم لەنواندندا زیاتر بەلای ئەم شێوازەدا دەچم، دیارە پڕاو پڕ مەبەستم لەنمایشی شانۆیی "العاقل"ی ئەسترۆفسکییە کە لەدەرهێنانی "ئیزنشتاین" بووە کە تیایدا ناوبراو زۆرێك لەو شێوازانەی بەکار هێنا کە لەسەر دەستی مایر هۆڵد وەری گرتبوون. ئیزنشتاین ئەم شانۆییەی لەمەیدانێکی سێرکدا دەرهێنا، من خۆم پێم وایە کە دەکرێت ئەو شێوازە بەجۆرەها ڕێگەی دیکە بەکار بهێنرێت، بەڵام نەك لەشکڵە واقیعییەکاندا، ڕەنگە ئەم شێوازە زیاتر لەگەڵ شانۆ سەرکراوەکاندا زیاتر بگونجێت، دیارە مەبەستم لەساحەی یاریی سێرکو فەزای ئاهەنگەکانو شانۆی مەیدانەکانە "مسرح الساحات"، شانۆی شەکسپیر باشترین نمونەی شانۆی دینامیکییە بەپێکهاتەیی شانۆوە.
من پێم وایە مایر هۆڵد سەر بەنەریتەکانی ئەم شانۆیەیە کە نەریتی بنەڕەتیی شانۆی جیهانییە، هەروەها پێم وایە کە شانۆی مایر هۆڵد گەورەترینو مەزنترین شانۆی ئەزمونگەریی سەدەی بیستەم بێت کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لەبوژاندنەوەی نەریتە دێرینەکانی شانۆی جیهانی. بەڕای من شانۆی سرووشتی جۆرێکە لەلادانو دەرچوون لەنەریتە ڕەسەنەکانی شانۆی جیهانی، ئەمە بۆستانسلافسکی شتێکی بەهادارو تایبەت بوو بەخۆی، بەڵام سرووشتیگەرایی ستانسلافسکی لەدەرەوەی نەریتەکانی شانۆی دێرین بوو بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ... سەدەی ڕاپەڕین (ڕێنیسانس) بەئاڵۆزترین قۆناغەکانی مێژووی شانۆ دادەنرێت بەدەرکەوتنی "منظور"ی شانۆیی. ئەو دەمەی کە "منظور" لەسەر شانۆ دۆزرایەوە، دیمەنەکان "ایهامی" بوونو بوونە خاوەن سێ بوعدو، بەپێچەوانەشەوە، شانۆی میللی (واتە شانۆی ئاهەنگو فیستڤاڵی) شانۆی دیلارتی هەرگیز ئەو هەوڵەیان نەدەدا.
چونکە شانۆی ڕەسمی هەمیشە لەڕێی هەر سێ بوعدەکەوە هەوڵێ ئەوە دەدات کە "ئیهام" بخوڵقێنێتو هەمان وێنەی هاوشێوەی ژیانی ڕۆژانە فەراهەم بێنێت. بینەرانیش دەبێ بێنە ئەو باوەڕەی، ئەوەی لەسەر شانۆ ڕوو دەدات هەمان حاڵەتە کە لەژیاندا ڕوو دەدەن، بەڵام شانۆی میللی هەرگیز ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە.
مێژووی شانۆش وەك خودی مێژوو لەلایەن توێژە باڵاکانەوە تۆمار دەکرێت بەڵام بەلای گەل بەگشتیو بەلای شانۆی میللییەوە، ئەوا شانۆی ئاهەنگی/میللی مێژوویەکی تەواو جیاوازی خۆی هەیە. چونکە ئەم شانۆیە لەکەرنەڤاڵو جەژنو بۆنەکانو... هتد بەردەوام لەکاردا بوو.

## دابەزینی شانۆ لەسەر دەستی ئەرستۆکراتەکان

هەر کەس دارایی هەبوایە دەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر شانۆدا بسەپێنێ. لەسەدەی ڕێنیسانسدا شانۆ لەتوێژی ئەرستۆکرات جودا کرایەوەو ئەوەش بوویە کارەساتێك بۆ خودی شانۆو شانۆی پەرت کرد. بەڵام لەهندستانو ژاپۆنو ئەفریقیا شانۆ ئەو پۆلینە نەکرا بوو پێم وایە کە مایر هۆڵد هەوڵی دابێت

ئەم دوو پارچەیە لەیەکەیەکی یەکگرتودا یەکبخات. وەك باسیشمان کرد، بینینی فەلسەفی (ستاتیکایی) لای لیتش ڕوئیای سیاسیی بۆ جیهان دیاریی دەکرد. ئەو سەرەڕای تێگەیشتنی قووڵی لەرەگو ڕیشەکانی هونەری مایر هۆڵد لەنەریتەکانی شانۆی دێریندا، بەڵام دانانی پێناسەیەکی بۆ ئەو شانۆیە ڕەفز کرد وەك ئاراستەیەکی هونەری لەسەدەی بیستەمدا. بەڵکو ئەو هەموو شتەکان دەگێڕێتەوە بۆ دیموکراسیەت لەهونەرو بۆ بابەتی شانۆی هاندەری جەماوەریو ڕۆڵی هونەر وەك ڕەهەندێکی هۆشیاری جەماوەر ئەمەش ڕاڤەی نهێنیی کاریگەریی ئەومان بۆ دەردەخات بەشانۆی ئیزنشتاین، زیاتر لەشانۆی مایر هۆڵد، هەرچەند شانۆی (ئیزنشتاین)یش لەشانۆی مایر هۆڵدەوە سەری هەڵگرتووە. لەو بارەیەوە لیتش دەڵێت: "شێوازی دەرهێنانم لەئیزنشتاینەوە نزیکترە وەك لە مایر هۆڵد. من زۆر لایەنگری مایر هۆڵد نیم. بەڵکو ئیزنشتاین بەباشتر دەزانم".

پرسیار: واهەستە کەم کە ئێوە لەهەموو شانۆییەکانتانا بیر لەهەمان شێوازی دەرهێنان دەکەنەوە. بەڵام ئەی لەبارەی وردەکاریی کارەکتەرە شانۆییەکانەوە، ئایا بەهەمان شێوازی مایر هۆڵد مامەڵەیان لەتەکدا ناکەن؟

لیتش: لەو بارەیەوە تاڕادەیەك ڕاستەکەن. من لەکتێبی "شانۆی شۆڕش"دا بەووردی باس ئەو مەسەلەیەم کردووە. من خۆم ئارەزووم لەو شێوازەیە، واتە تەعبیریەتی ئەڵمانی، بایۆمیکانیکی تەعبیری لەئەدای نواندندا. بازاراوەی ئامانج—ئەرك—ئەرکی باڵا لای ستانسلافسکی وەربگرین. هەر بۆیەشە ڕەخنەی ئێوەم پێ پەسەند بوو لەئەدای کارولینا. چونکە بەلای منەوە ئەدا زۆر گرنگە، لای ستاسلافسکی ئەکتەر ئەدای ئامانج—ئەرك دەکات، بەڵام ئەرکی باڵا هەمیشە لەمێشکی دایە. من زۆر سەرمەستی ئەرکی باڵام، هەرچی (ئەرك)یشە، ئەوا لەژێر ڕکێفی ئەرکی باڵادایە. هەر بۆیەشە مرۆڤ بەتەواوی دەردی خۆی دەرك پێدەکاتو کەمتر لەساتەوەختە تایبەتەکاندا بیر لەوردەکاریە تایبەتەکان دەکاتەوە. ئەمەش خودی کلیلی گەیشتنە بەتەعبیریەت لەنواندندا. بانمایشی بایۆمیکانیکی شانۆییەکی سادەی وەك "المسح ذو القرنین" بکەینە نمونەیەکی دیکەمان. هەموو ڕەخنەکان باس لەوە دەکەن کە ئەم شانۆییە تا ئەوپەڕێ خۆشیو نەشئە بەخش بوو، باس لەوە دەکەن کە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی گیانی شۆڕش بوو، تا چ ڕادەیەك هیواو ئاواتی شۆڕشگێڕانە لەئەدای ئەکتەرەکاندا بەدی دەکرا، بەڵام ئەگەر بڕوانینە هەمان شانۆیی، دەبینین تا چ ڕادەیەك دەقێکی دروست کراوی ماتو لەهەمان کاتدا ترسێنەرو تۆقێنەرە. ئەدی چۆن توانرا نمایشێکی پڕ لەخۆشیو سووکو سۆڵو پڕ لەهیواو ئاواتی لێ دروست بکرێت، نهێنی ئەوە لەئەدای ئەکتەرەکاندایە لەسەر بنەماکانی بایۆمیکانیك، واتە ئەدای ئەرکی باڵا. ئەرکی باڵاش لەروسیای شۆڕشدا ئەو دەمە بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ بەدی هێنانی ژیانێکی باشترو کاراکردنی ڕۆڵی مرۆژەکان لەژیانداو، هەموو لاوازیو "غیرەکان لەبارەی ڕەگەزو کێشەکانی دیکەش بریتین لەشتانێکی بەرەو نەمان چوو، لەکاتێکدا کە ئێمە هەمووومان بەرەو شتێکی باشترو مەزنتر هەنگاو دەنێین. لەبەر ئەمانە میتۆدی ستانسلافسکی جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ بایۆمیکانیكو نەریتە تەعبیرییەکان. چونکە ئەکتەر لەمیتۆدی ستانسلافسکیدا بەهەموو وردەکاریەکانەوە دیمەنەکە پێشکەش دەکاتو لەرۆڵەکاندا زنجیرەیەك وردەکاریی واقیعی هاوشێوەی ژیانی ڕۆژانە نمایش دەکات. بەڵام لە بایۆمیکانیکدا ئەدا تایبەت دەبێت بەئاشکراکردنی مەسەلە بنەڕەتییەکە، کە "ئەرکی باڵا"و وردەکاریەکان مەسەلەیەکی لاوەکی دەبن. ئەوەی کە باوە ئەوەیە

كە ئەكتەرە ڕوسیو خۆرئاواییەكان لەپێناوی تەعبیركردن لەهەستەكانیان بایەخ بەوردەكاریەكان دەدەن، بەڵام دەبێ وردەكاریەكان پشت گوێ بخرێنو كار بۆ مەسەلە جەوهەریەكان بكرێت، بۆ ئەوەی هەستەكان لاوەكیو سادە دەرنەكەون.

پرسیار: ئاخۆ "ڕۆبرت لیتش" چۆن مامەڵە لەگەڵ شانۆیی "ارید طفلاً"نی سێرجی تریتیا كۆڤدا دەكات؟

لیتش: ئەم شانۆییە جێ بایەخم بووە، نەك هەر لەگۆشەنیگای بایۆمیكانیكەكەیەوە، بەڵكو بەهۆی تایبەتمەندێتیی شانۆییەكەو شكڵێ نامە ئولفەوە تیایدا، من هەست بەوە دەكەم كە قەرزێكم لەسەرە كە بریتییە لەپەردە هەڵدانەوە لەڕووی شانۆییەكانی تریتیاكۆڤو هەوڵدان بۆ زیاتر ناساندنیان بەخەڵكی بەشێوەیەكی باشتر، دیارە هەر نمایش كردنی دەقی "ارید طفلاً" بۆ خۆی بۆ ئەو مەبەستە بوو، من پێم وایە كە ئاشكرا كردنی ئەو داهێنانانەی كە (ستالین) گۆڕ بەگۆڕی كردن یەكێكە لەئەركە گرنگەكانمان، دیارە شانۆییەكانی تریتیاكۆڤیش بەشێكن لەو ئەركانە.

لیتش بەو هۆیەوە لایەنگری ئەم شانۆییەیە كە شانۆییەكی تەواو برێختییەو بەر لەوەی برێخت ناوبانگی تەواوی خۆی دەربكات ئەم شانۆییە دەركەوتو لەشانۆیەكانی برێختیش باشترە.

لیتش هەروەها تەواوی قەناعەتی بەوە هەیە كە بونیاد لەشانۆییەكانی تریتیاكۆڤدا زیاتر یەكانگیرەو هۆكارە دراماییەكان زیاتر لەخۆدەگرێت كە ئەسڵەن ئەو هۆكارانە بەبنەما كلاسیكیەكانی شانۆی داستانی برێخت ناسراون. لیتش هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەم شانۆییە شكڵێكی داستانیی تەواوی هەیە، زیاتر وردەكاترەو زیاترین ڕووداو لەخۆدەگرێتو پەیوەندییەكانو كارەكتەرەكان هەموو قوڵن، بۆیە بەشانۆییەكی مەزن دادەنرێت كە زۆر زیرەكانە نوسراوەتەوە.

لیتش چەند جارێك ئەم شانۆییەی دەرهێناوە،و بەباشترینی دەقە شانۆییەكانی تریتیاكۆڤی دادەنێت، لەشاری بێرمنگهامو لەساڵی 1989دا كە بۆ یەكەمین جار ئەم شانۆییەی دەرهێنا، ئاگای لەوە نەبوو كە لەسەر كۆپیی دووهەمی دەقەكە نمایشی شانۆییەكەی كردووە. دیارە ڕووداوەكانی ئەم شانۆییە لەیەكێك لەمەزرا كۆمەڵیەكاندا (كولوخوز) ڕوودەدەنو پاڵەوانەكانیش هەموو ئەو لاوانەن كە لەو مەزرایەدا كاردەكەن. ڕووداوەكانیش لەسەر كێڵگەیەكی بەرفراوانی گەنمو جۆو ئاسمانێكی شیندا نمایش دەكرێن. لیتش هەمان دەقی لەمۆسكۆو لەساڵی 1990دا دەرهێنا گەرچی هێشتا بەتەواوی زمانی ڕوسیی نەدەزانی. بۆیە ناچار بوو كە زۆرێك لەپەرەگرافی دەقەكان بپەڕێنێتو لەداڕشتنی سینۆگرافیاشدا ژمارەیەكی زۆری لەپەنجەرە بەكار هێنا كە لەمیانەی پەنجەرەكانەوە كارەكتەرەكان دیالۆگیان ئەدا دەكرد، ئەوەش هەندێك لەئیشە باوەكانی برێختمان وەبیر دەهێنێتەوە. لیتش دەقی دیكەی تریتیاكۆڤی دەرهێناوە،و دەرهێنانی بۆ شانۆیی "الوقایة من الغاز" بەباشترین ئیشەكانی دادەنرێت كە "ئێزنشتاین"یش هەمان دەقی تریتیاكۆڤی دەرهێناوە. لیتش پێی وایە كە "تانیا"ی كچی تریتیاكۆڤ وادەبینێ كە دەرهێنانی ئەو ئاوێتەیە كە لەمیتۆدی مایر هۆڵدو شێوازی ئێزنشتاین. ئیش كردنی ڕوبرت لیتش لەدەرهێناندا لەروسیا ئەوەدەمە دەستی پێكرد كە مارك ڕۆزۆفسكی بۆ دەرهێنانی شانۆیی "أرید طفلاً" بانگێشتی كردو ئەكتەریشی بۆ ئامادە كرد، لیتش لەم ئیشەیدا مەشقی بەئەكتەرەكانی ئەكرد، بەڵام لەوەرشەیەكی فێری ئیش كردنا بەشداریی كردن، بۆ ئەوەی ئیشە هونەرییەكە نەبێتە تەنها نمایشێك بۆ بینەران.

ئەو كۆمەڵە ئەكتەرەی كە لەنمایشی دەقی "أرید طفلاً"دا بەشدارییان كرد، لەخولێكدا بەشدار بوون كە

لیـتش پــێی دەڵێـت نوانـدنی دەربــڕ Expressive actiog کــە تیایــدا ئــەو کۆمەڵــە ئەکتــەرە لەســەر شێوازی ئیزنشتاین مەشقیان کرد کە پــێی دەوترێـت (وزەی کــارا) کــە ئــەویش لەبایۆمیکانیکــەوە وەری گرتووە ئەو دەمەی قوتابی مایر هۆڵد بووە.

ئیزنــشتاین دوای دەرهێنــانی شــانۆیی "العاقــل"ی ئەسترۆفـسکی فێرگەیـەکی نوانـدنی شـانۆیی تایبـەت بەخۆی دامەزراند بەناوی (پرۆلیت کۆلت–رۆشـنبیریی پرۆلیتاریـا) کـە بەنوانـدنی دەربـڕی نـاوبرد، ئـەویش تیۆرێکــە بەگەشــەپێدانی بایۆمیکانیــك دادەنرێــت. لیــتش لەگــەڵ ئــەوەدا نیــە کــە ڕاهێنانــەکانی بایۆمیکــانیکی ســاڵەکانی بیــستەکان لەنمایــشە هاوچــەرخەکاندا پراکتیـزە بکرێـتو جـەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە گرنگیو بایەخی مەشقە کۆنـەکان لەوەدایــە کــە ئەکتــەر فێــری وەرگــرتنی توانــای هاوسـەنگیو ڕیتمو هەست کـردن بەفـەزای شـانۆیی ببێت. بۆیـە مـنیش ئـەو مەشـقانەم نەهێنایـە فـەزای شـانۆوە. چـونکە ئـەو ڕاهێنانـە بـەڕای لیـتش تـەنها کلیلـێکن بـۆ ئیـشەکانی ئەکتـەر، لـەکۆنترۆڵ کردنـی وزەو تواناکانی. لەهەست کردنی جەسـتەی بەفـەزای دەورو بەری. لیتش هەروەها بـاس لـەوە دەکـات کـە کۆمیـدیای روسـی بـەدڵ بـووە لەسـەرەتای سـەدەی بیستەمدا کـە مـایر هۆڵـد تیایـدا هـەڵگری ناسـنامەی خۆی بـووە. بـەڵام ئـەوەی بـەلای ئەمـەوە گـرنگترە، سیاسەتی ئەو سەردەمەی شەستەکانە لەبـەریتانیادا کــە بــەقۆناغێکی بوژاندنــەوەی هیــواو گرژیــەکانی داهێنــان بــوو، بەتایبــەتی لــەبواری شــانۆدا، لــەو سەردەمەدا جۆرەها شـانۆی ئـازادو ئاراسـتە جیـاواز گەشــــەیان کــــرد، وەك شــــانۆی ئەزمونگــــەریو ڕادیکالیـەکان کـە لەسـایەی سیاسـەتی چـەپخوازیدا پـەرەیان سـەندو لەحەفتاکانیـشدا گەیـشتنە لوتکـە. ئیــــدی دوای ئــــەوە کۆمــــەڵ وردە وردە وەهمــــە سیاسـیەکانی لەدەسـداو ڕاسـتی مەسـەلەکان بـۆ خەڵکی دەرکەوتن.

## بەکورتی

لەبیستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە، ناوبـانگی مایر هۆڵد بـەهۆی بیرۆکـە نوێگەریەکانیـەوە لـەبواری شانۆدا گەیشتە دەرەوەی سنورەکانی ڕوسیا، گرنگی دەستکەوتەکان لەوەدایە کە ئەو یەکەمین کـەس بـوو ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێنـــا لـــەپراکتیزە کردنـــی بیرۆکـــەو شـــێوازە تیۆریـــەکان بـــۆ گوزەرانـــدنو تێپەڕانـــدنی مەزهـــەبی سرووشـــتی لەدەرهێنانـــدا، لەماوەیـەکی درێژخایـەنو تـا سـەرەتای سـەدەی بیـستەمیش هـەژمونی خـۆی هـەبوو. دیـارە تیـۆری شانۆی هاوچەرخیش هـەر لـەو ساتەوەختەدا لەسـەر دەسـتی ژمارەیـەك لەدەرهێنـەرانی وڵاتـی جیاجیـا بەرجەسـتە بـوو. هـەروەك بیـسکاتۆریش دەڵێـت: بیرۆکەکان بۆ نوێخـوازی بـەناو هـەوادا بڵاوەیـان کـرد بوو. (بەڵام مایر هۆڵد پێش کەسانی سەردەمی خـۆی کـــەوت، بـــەو ئیعتیبـــارەی یەکـــەم کـــەس بـــوو بەسـەرکەوتوویی بیرۆکـەی نوێگـەری خـستە سـەر شـانۆ. هـەر بـەو هۆیەشـەوە کـە مایرهۆڵـد لەهـەموو دەرهێنـــەرەکانی دیکـــە نـــاودارترەو بەیەکـــەم دەرهێنەری سەدەی بیستەم هەژماردەکرێت. شتێکی سەیریش نییە کە لە خۆرئاواشدا بەخاوەنی بیرۆکـەی نوێخـوازی دابنرێـت بـەجۆرێك کـە فـەزڵی لەهـەموو نوێگەرییەکان لەخۆرئاواشدا بۆ ئەو بگەڕێتـەوە، هـەر چەندە لەلایەن دەرهێنەرانی تریشەوە ئەنجام درابن. دیـارە ڕۆبـەرت لیتیـشی دەرهێنـەرو توێـژەرەوەی ئینگلیزی باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونانەن سەبارەت بەمایرهۆڵـد. کتێبەکەیـشی لـەبارەی مایرهۆڵـدەوە تـەنها بـەدواکتێب دانانرێـت لـەبواری لێکۆڵینـەوەی زانستیدا لەبارەی مایرهۆڵدەوە، بـەڵکو ئـەم کتێبـەی لیـتش تایبەتمەندییـەکی مەعنـەوی هەیـە، کـە وای لێـدەکات لەپێکهاتــەی گــشتگیری هــەموو نیــشانە داهێنانکاریانــەوە نزیــك بێــت کــە لەســتۆدیۆکەی شەقامی بافرسکیدا دیراسەیان کراوە. بۆیـە دەبیـنین هەڵوێــستی لیــتش ـ وەك هونەرمەنــدێك ـ تــەواو

گونجاوه لەگەڵ پێشڕەوایەتی لەبیستەکاندا کە هەرگیز ناکرێت لەکایە کۆمەڵایەتییەکان‌و پەرۆشی کۆمەڵایەتی جودای بکەینەوە، بەچاوپۆشین لەلایەنگیری ڕوون‌و ئاشکرای ئەم دواییەی ڕەوتی هونەری لیتش، سەوداسەری لەهونەرو بۆچوونی ڕادیکاڵی بۆ ژیان‌و گۆشەنیگاکانی لەشا نۆی سیاسیدا کە وای لێدەکات بەتوانابێت لەپێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕوونی سیمای مایرهۆڵد بەخوێنەران‌و فێرخوزانی لەرووی بوعدە جۆراوجۆرەکان‌و قوڵایی هونەرەکەیەوە.

بەپێچەوانەی ستانسلافسکی‌یەوە کە بەدامەزرێنەری فێرگەی سایکۆلۆژی لەنواندندا دادەنرێت، مایرهۆڵد وەك لیتش دەبینێت، شانۆیەکی شیعریی داهێنا کە هێزێکی لەرادەبەدەری مەجازیی هەبوو. بەڵام پێدەچێت کە لیتش حاڵی حازر زیاتر مەیلی لەرێبازەکەی ئیزنیشتاین بێت کە میتۆدەکەی بە(جوڵەی دەربڕ ـ الحرکە المعبرە) ناودەبا ت کە بۆخۆی پەرەپێدانێکی زۆری میتۆدی بایۆمیکانیکەو لەلایەن لیتشەوە کە بەشارەزاترین قوتابییەکانی مایرهۆڵد دادەنرێت پەرەی پێدراوە.

## شانۆی بیستەکان لەروسیا
## پەرەپێدانی چەمکی دەرهێنانی شانۆیی

جوڵە یاخود وێنەی دەربڕ تێزێکی تەواو مایرهۆڵدییەو تەنانەت کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەك هەر لەسەر ئیزنشتاین، بەڵکو لەسەر هەڵگرانی مەشخەڵی بەر لەتەعبیرییەتیش Perexpressivity بەدیدەکرێت.

لەوانەش "یوجین باربا"و کەسانی دیکەیش کە هەموویان قەرزارباری میتۆدی بایۆمیکانیکن. شانۆی شەهرەزادیش لەستۆکهۆڵم ئەزموونێکی دەوڵەمەنی هەیە لەپەرەپێدانی بایۆمیکانیك‌و بەکارهێنانی بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ شێوازە هاوچەرخە نوێکانی شانۆ. لیتش، کە خۆی لەمۆرکی پراگماتی‌و مەبەستداری لەستاتیکای برێختییەوە چووە سەر میتۆدی بایۆمیکانیك، گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە: "مایرهۆڵد بریتییە لەکرۆکی شانۆ" مایرهۆڵد هەر لەسەرەتای ڕەوتی هونەرییەوە ڕوبەرووی بەرپەرچدانەوەو دژایەتیکردنی تێزە تیۆرییەکان‌و دەستکەوتەکانی هاتەوە لەبواری ئە زمونگەریدا. لەگەڵ تیرۆری ستالینیشدا ئەو دژایەتیکردنەی پەرەی سەندو وای لێهات گەیشتە ئاستی گومانکردن لەنیشتمانپەروەرێتی‌و هێرشی توندو تیژکردنە سەر کەسێتی. دواتریش گەیشتە ئاستی قەدەغەکردنی ئیشەکانی‌و دواجاریش ئازارو ئەشکەنجەدانی‌و دواتریش لەناوبردنی. بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەشەوە، دەرهێنەرانی خۆرئاوا بایەخی زۆریان داوە بەمیتۆدەکەی، بۆ ئەو مەبەستەیش هارۆڵد کلۆرمانی گەورە دەرهێنەری ئەمەریکی لەسیەکاندا سەردانی مۆسکۆی کرد. بەمەبەستی دیراسەکردنی ئەگەری بەکارهێنانی میتۆدو بیرۆکە نوێخوازیەکانی مایرهۆڵد لەپرۆسەی پەروەردەکردنی شا نۆیی‌و ئامادە کردنی ئەکتەردا لە ئەمریکا. لەوەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەتێگەیشتن لەتیۆرەکانی‌و بەکارهێنانیدا لە بواری فێرکردن‌و ئامادەکردنی ئەکتەری ئەمەریکیدا مایرهۆڵد دەڵێت: "هەموو ئەوانەی دەکرێت لەماوەی وەرزێکی زستاندا بەدی بهێنرێن، دیارە ئەمەیش کارێکی گران نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کارێکی ئاسانە". بەڵام هەروەك باسمان لێوەکرد دیراسەکردنی بایۆمیکانیکی لەوڵاتانی خۆرئاوادا، بەکرداری ئەو دەخاتە ڕوو، هەمیشە جێ بایەخی تۆژەرەوەو شانۆکاران بووە هەر لەسەرەتاوە، لەخۆرئاوادا توێژینەوەو تیۆرییەکان دەستیان پێکردووە. ژمارەیەك لەلێکۆڵەرەوەکانی وەك م.هوفرو ئیبراون‌و م.گۆردۆن‌و ڕۆبەرت لیتش کە بەقوڵی توێژینەوەیان لەبارەی مایرهۆڵدەوە نوسیوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، هەموو ئەوانە دان بەوەدا دەنێن کە بایۆمیکانیك میتۆدێکی تەواو کارو ڕەسەنە لەهونەری نواندنداو دەشکرێت زیاتر پەرەی پێبدرێت. توێژینەوەی توێژەرەکانی خۆرئاوا بۆ بایۆمیکانیك

دەرەئجامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کەزۆربەی تۆژەرەکانی خۆرئاوا لەمەسەلەی داکۆکی کردن لەمیتۆدی بایۆمیکانیک دا، بەپلەی یەکەم تیشك دەخەنە سەر دەسکەوتە زانستییەکانی ئەو سەردەمەی بیستەکان لەروسیادا.

هەر میتۆدێکی شانۆیی باس دەکەین، لەسەر بنەمای چەمکی میتۆد لەپێناوی هونەری ئەکتەردا بەرقەرار دەبێت هاورێ لەگەڵ چۆنێتی تێگەشتن و دیاری کردنی تەکنیکەکانیئەکتەر لەسەر شانۆ، وێرای بنەما پەروەردەییەکان لەئامادەکردنی ئەکتەرو هەروەها گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی ئەکتەر بەکارەکتەرەکەیەوە. کاتێکیش مایرهۆڵد لەساڵی 1922داو لەشانۆی (السمح ذو القرنین)دا میتۆدی بایۆمیکانیکی نمایش کرد، بایۆ میکانیک وەك ڕێبازێکی تایبەت بەشانۆی مایرهۆڵد پێشوازی لێ نەکرا، بەڵکو وەك میتۆدێك بوو کەدەکرا لەهەر شانۆیەکدا بەکاربهێنرێت ، چونکە بایۆمیکانیك برێك تایبەتمەندی فیسۆلۆژی گشتیی لەخۆ دەگرت لەسەر بنەمای زانستی بوون بەمانا بەرفراوانەکەی. دیارە گومان وابوو کە پەی بردنەکانی مایرهۆڵد بەیاسا گشتییەکان بێگومان لەخزمەت شانۆکانی دیکەدا دەبێتو دواجاریش لەبواری جوڵەو بزاڤدا خزمەتی زانستیش دەکات. هەروەك چۆن میۆدی ستانسلافسکی لە بواری زانستی سایکۆلۆژیدا خزمەتی خۆی خستەڕوو.

ئەم ڕێبازەش لەتێگەیشتندا ئەوساو هەنوکەش لەناوەرۆکی بایەخی توێژەرەوە هاوچەرخەکانو پراکتیزەکارو شانۆکارەکانی خۆرئاوادابوو، ئێمە باسی بنچینەو بنەماکانی میتۆدی مایرهۆڵدمان کرد لەهونەری نواندنو تێگەیشتن لەبایۆمیکانیکداو پشتمان بەست بەتێگەیشتن لەکاکڵەو ناوەرۆکە شانۆییەکەی بەر لەهەموو شتێك.

بایۆمیکانیکەکەی مایرهۆڵد وەك ئێمە دەیبینین، سیستمێکە تەواوکارو خودانی دەلالەتو تایبەتمەندی میتۆدی شانۆییە لەهونەری نواندن، بۆیە دەکرێت بڵێین دەرهێنانی شانۆییەك لەسەر ڕێبازی مایرهۆڵد لەگەڵ کۆمەڵێك ئەکتەر کە لەسەر میتۆدی ستانسلافسکی ئامادەو مەشقکرابنو مەبەستیش لەوە بەدیهێنانی بەها ستاتیکیە مایرهۆڵدییەکان بێت، ئەمە بەراستی شتێکی مەحاڵە. هەروەها مەحاڵیشە کە لەشانۆی مایرهۆڵد تێبگەین بێ ئەوەی لەمیتۆدی ئەدای ئەکتەر تێبگەین، کە بە"بی میکانیکا"ناسراوە. بوونی میتۆدێکی دەرهێنانی تایبەت بەر لەهەموو شتێك چەمکی میتۆدی هونەری نواندن دیاریدەکات. چونکە هەمو میتۆدێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە سبارەت بەبوونی مرۆڤایەتی لەسەر شانۆ. ئێمە لای ستانسلافسکیو مایرهۆڵد، برێخت، ئارتۆ، کرۆتۆفسکی ئەم حاڵەتە بەدیدەکەین. ئەو یا سایانە دەلالەتو مانای ئەوتۆ لەخۆدەگرن، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی بەها ستاتیکییەکانی شانۆ پێکدەهێنێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەخوازن دیراسەی بکەنو تێیدا قوڵببنەوەو دواجاریش لەسەر ئەو ڕێنماییانە بەرێوەبچێت. لێرەدا تایبەتمەندییەکی دیکە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە هەر میتۆدێك شانۆ یەکی جیاوازو دیاری هەیە، کە دەبێتە وێنەیەك "پرۆفیل"ی میتۆدەکە. کەواتە دەکرێت بڵێین ئیشەکانی مایرهۆڵد نمونەی ڕاستەقینەی میتۆدەکەیەتی،و ئەوەیش بەلای ستانسلافسکیو برێختەوە هەمان شێوەیە، بەڵام مایرهۆڵد لەسەرەتای بیستەکاندا بنەماکانی بایۆمیکانیکی ڕاگەیاندو تێیدا هەستا بەدانانی پوختەی توێژینەوەکانی لەمەیدانی تەکنیکی ئەکتەر لەقۆناغەکای بەرلەشۆڕشدا. هونەری ئەکتەر، وەك هەر هونەرێکی تر، بەگوزەرکردنی کات بەرجەستەبوو وەك ڕێکخستنێك بۆ کەرەستە"مادە". بەڵام تایبەتمەندێتیی هونەری ئەکتەر لەوەدایەکە داهێنەرو کەرەستەکەی لەیەك ڕوودا یەکیان گرتووە، بەو خواستەی کە ئەگەر لەرێی ڕاهێنانەکانی بایۆمیکانیکەوە بتوانێت بەروونی ئەو کارەکتەرە بناسێت کە دەخوازێت لەسەر شانۆ ڕۆڵی ببینێت. وەك نمونەیەکی بەراورد کار، دیاریکردنە کە بەهەمان ڕێبازی میخائیل تیشخۆف دەبێت" ئەوەی

لەبایۆمیکانیکدا بەکاکڵەو ناوەرۆك دادەنرێت، بریتییە لەمەشق لەسەر جوڵە/ ئیتۆد. هەمو ئیتۆدە بایۆمیکانیکەکانیش لەهەمان کاتدا بریتین لەبوونیادێکی گەشەسەندووی دیراسەبۆکراو لەجوڵەی هۆشمەندانەو هونەری ئامانج دار.

مایرهۆڵد پێی وابوو ئەوەی کە لەسەر شانۆ هەیە هەمووی جوڵەیە، جوڵەش بەتەنها نییە، بەڵکو هەستەکانو شتەکانیش جوڵەنو ئەمەش مەسەلەیەکی جەوهەرییە لەبایۆمیکانیکدا.

بایۆمیکانیك لەخۆرئاوا تەنها لەرووی تیۆرییەوە وەرنەگیرا. بەڵکو بەکارهێنراو هەنوکەش زۆر بەپەرۆشی لەشانۆداو وەك میتۆدێکی مەشق پێکردنی ئەکتەر بەکاردەهێنرێت. زۆرێك لەدەرهێنەرانی خۆرئاواش پەنایان بردە بەرهەمان ئەو سەرچاوانەی کە مایرهۆڵدمیتۆدە کەی لێوە فەرا هەم هێنا.. وەك شانۆکانی خۆرئاوا، کۆمیدیای دیلارتی، زۆرێك لەشانۆو شکڵە جیاوازەکانی شانۆو نەریتە دێرینەکانی. شرۆفەکردنی ئەزموونە کەڵەکەبووەکان لەپەروەردەکردنی شانۆیی لەم بوارەدا، دەمانگەیەنێتە دەرەنجامێك کە هەر میتۆدێکی ڕاهێنان هەبێت، دەبێ بچێتە ژێر ڕکێفی توانا خودییەکانی ئەکتەرەوە، تاکو ئەکتەر بتوانێت لەنواندنی جوڵەکاندا بەجوانی تەنها پشت بەست نەبێت بەئەزموونەکانی ڕۆژانەی، بەڵکو پشت بەست بێت بەبزاڤێکی هۆشمەندانەی هونەریی. زنجیرەی شکڵە پلاستیکییە داهێنراوەکان لای هەر هونەرمەندێك بێت، (دیارە لەم باسەدا مەبەستمان لای مایرهۆڵد)ە، نابێ وەك لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە دووبارە بوونیات بنرێتەوە یاخود کۆپی بکرێتو بخوازرێت بەهەمان شکڵەوە، بەڵکو دەبێ لەگەڵ بیرۆکەی داهێنانەکانی ئەکتەردا هاوجووت بێت. لەم ساڵانەی دوایین دا لەخۆرئاوا زنجیرەیەك سیمینار ڕێکخران لەبارە ی بیروڕاو بنەماکانی شانۆی مایرهۆڵدەوە، کە ئەوەش جەخت کردنەوەیەکی زۆرە لەبایەخدان بەهونەری ئەم دەرهێنەرە مەزنە. لەساڵی 1992دا لەبەرلین سیمینارێك سازدرا لەبارەی شانۆی مایرهۆڵدو میتۆدی بایۆمیکانیكو پانتۆمایم، لەساڵی 1996یشدا نێوەندی لێکۆڵینەوە شانۆییەکان لەویلز سیمینارێکی جیهانیی ڕێکخست لەژێر ناونیشانی (مامۆستاکانی جاران) کە ئەوەش سیمینارێکی ساڵانەیە لەسەر داهێنەرەکانی شانۆ لەبواری پراکتیزەکرندا، ئەو نێوەندەش مایرهۆڵدیان وەك یەکەمین مامۆستا کردە دەستپێکی سیمینارەکانیانو لەو سیمینارەدا وەرشەیەکی کار سەبارەت بەبایۆمیکانیك کرایەوە کە ژمارەیەك پسپۆڕان لە شانۆی مایرهۆڵدا لەوڵاتانی جیهانەوە ئامادەبوون.

دیارە پسپۆڕانی ڕوسیاش ئامادەبوون، دوای ئەوەی دەسەڵاتی ڕوسیا ماوەی بەشداری کردنی پێدابوون. بەڵام پێدەچێت نێوەندی بەرلین بۆ پانتۆمایم، بەباشترین نێوەندەکان دابنرێت کە هەڵدەسێت بەئامادەکردنو ڕێکخستنی وەرشەو خولەکان لەبارەی بایۆمیکانیك. دیارە هەمان جۆر وەرشەو خول لە وڵاتانی ئەورووپادا کراوەتەوەو یەکەمین خولیش لەوڵاتە عەرەبییەکاندا سە بارەت بەمیتۆدی مایرهۆڵد لەشاری (رباط)دا کرایەوە لەپەیمانگای جیهانی بۆ شانۆو چالاککردنی ڕۆشنبیری. هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە مایرهۆڵد سەر بەو کۆمەڵە دەرهێنەرە مەزنانەن کە لەلایەن هاوچەرخەکانی خۆیانەوە بنرخێنرێت، بەڵکو بەتێپەڕبوونی کات بەهایان بۆ دابنرێت، ئەوەتا ئێمە ئەمڕۆ هەست بەوە دەکەین کە ئەوان چییان بۆ شانۆ کردووەو چیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووەو ئەمڕۆ لەحەقیقەتی ئەوان گەیشتووین، چونکە ئەوان بەراستی توانیان تێگەیشتنی ئێمەو پەیوەندیمان لەگەڵ شانۆدا بگۆڕن، ئەمەشمان کاتێك لەلا ڕوون دەبێتەوە کە ئاگاداری دیراسەکردنەکانی شانۆ بین لەخۆرئاوادا، لەوێ کە تیۆرەکانی مایرهۆڵد پراکتیزە دەکرێنو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بابەخ بەم کەڵەشانۆکارو دەرهێنەرە مەزنە لەپەرەسەندندا یە.